# حیکمەتە زیندوونەکانی زەمین

ئەفۆریزم

ناوی کتێب: حیکمەتە زیندووەکانی زەمین
وەرگێڕانی: زانا خەلیل
بابەت: ئەفۆریزم_ بەرگی یەکەم
بەرگ : ئیراهیم ساڵح
تیراژ: ( 500 ) دانە..
چاپی یەکەم
چاپخانەی  چوارچرا
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی
سپاردنی (  342 )ی ساڵی (2020)ی پێدراوە.

# حیکمەتە زیندوونەکانی زەمین

## ئەفۆریزم

بەرگی یەکەم

لە عەرەبییەوە

زانا خەلیل

# پێرست


پێشەکی.......................................................7

سۆکراتس (470_399) پ.ز......................................9

ئەفلاتون (427_347) پ.ز......................................21

ولیەم شەکسپیر (1564_1616)..............................37

گۆتە (1749_1832)...............................................87

جەلالەدین رۆمی (1207_1273)............................99

شەمسی تەبریزی (1185_1248).........................141

ئارتور شۆپنهاوەر (1788_1860).........................157

باروخ سپینۆزا (1632_1677)..............................167

جان جاک رۆسۆ (1712_1778)...........................171

ناپلیۆن بۆناپارت (1769_1821)..........................185

تۆماس کارلیل (1795_1881).............................205

کارل مارکس (1818_1883)................................216

زیگموند فرۆید (1856_1939)............................227

فریدریش نیتچشە (1844_1900)........................245

برنارد شو (1856– 1950)..................................275
مارک توین (1835 – 1910)................................296
خوسیه ساراماگۆ (1922_2010)..........................318
ئێرنست هێمنگوای (1899_1961)........................330
فێرناندۆ پیسوا (1888_1935)..............................341
لیۆ تۆڵستۆی (1828_1910)................................354
فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی (1821_1881)...................370
ئەنتۆن چیخۆف (1860_1904)............................395
نیکۆس کازانتزاکیس (1883_1957)......................410
ئەلبێرت ئاینشتاین (1879_1955).......................423
ئۆسکار وایڵد (1854_1900)................................440
فرانز کافکا (1883_1924)..................................463
ڤان گۆخ (1853_1890).....................................481
ئەنایس نین (1903_1977).................................492
وۆدی ئالن (1935_ )......................................511

# پێشەکی

ئەفۆریزم یا (Aphorisms) یا (حِكْمَة : قَوْلٌ مَأْثُور) یا حیکمەت یا پەند: بیرۆکەیەکی سەربەخۆیە، لە رستەیەک یا چەند رستەیەکی کورتدا سەبارەت بە بابەتێک دەردەبڕدرێ و دەستپێکی مێژووی نووسراوی ئەفۆریزمیش دەگەڕێتەوە بۆ گریکییەکان و بە تایبەتیش بۆ (Heraklit) و سوکرات و ئەرستۆ و ئەفلاتون و..تاد

ئەفۆریزم چڕکراوەی رەنج و کۆششی بیرە لە چەند وشەیەکی کەمدا، زۆرترینجار بە جوانبێژییێکی شیعری واتادار و چڕ دەردەبڕدرێ کە ئەزموونداریی نێرەری تیا دەردەکەوێ و کورتبێژیش مەرجی سەرەکی و بنەڕەتی و جەوهەریی ئەو هونەرەیە.

ئەفۆریزم زۆرجار لەناو کۆمەڵگە و لە قسەی ئاسایی خەڵکی ئاسایش درووست دەبێ، بەڵام هەندێجار یا زۆرترینجار خاوەنەکەی دیار نابێ و ئەوە لەو حاڵەتەدا

دەبێتە موڵکی نەتەوەکە و زۆر ئەفۆریزمیش هەیە سنووری نەتەوە و زمانەکان دەبڕێ دەبێتە موڵکی مرۆڤایەتی بە گشتی و هەروەها لە ئێستادا ئەفۆریزم لە زۆر لە شیعر و رۆمانەکاندا بەرچاو دەکەوێ و وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە تێکستە ئەدەبیانەکاندا دەریدێنن و بە ناوی خاوەن تێکستەکە لەنێو وەرگرەکاندا بڵاو دەبێتەوە و جۆرێک لە جۆرەکان هەم چێژ و هەم سوود و هەموو ئەزموون بە کەسی وەرگر دەگەیەنێ.. دوا بە دوای تەواوکردنی هەردوو بەرگی (ئەستێرەکانی زەمین) کە ئەنتۆڵۆژیای شیعری شاعیرانی جیهانە، کە هەر خۆم شیعرەکانم هەڵبژاردووە و هەم خۆشم کردوومنەتە کوردی بە نیاز نەبووم ئیدی هیچ شتێکی دیکە بکەمە کوردی، بەڵام کاتێ سایتی (sgb8bg.net/حکم نت)م کەوتە بەرچاو سەرم لە

کارکردن لەناو سایتە سووڕما، لەو سایتەدا ئەفۆریزمی سەدان و سەدان فەیلەسوف و نووسەر و زانا و رۆشنبیر کۆکراونەتەوە کە لە هەزارن ئەفۆریزم تێپەڕ دەکا و بە شێوەیەکی زۆر جوان و ئەکادیمیانەش پۆلێن کراوە و هەر بۆیەش نەمتوانی بەرانبەر ئەو هەموو جوانییە دەستەوەستان بوەستم و کارێکی لەسەر نەکەم و هەر ئەو سایتەم کردە سەرچاوەی ئەو کتێبەی بەر دەستان و ئەوەی ئارەزووم کرد هەڵمبژاردن و تەرجەمەم کردن... بێگومان ئەو کارەی من بێ هەڵە نییە و هیوارادرم ئەوە دەستپێکێکبێ بۆ وەرگێڕانی ئەفۆریزمی زیاتر و بەرهەمهێنانی کتێبی زۆرتر لەو بواردەدا.



**Socrates**

**سۆكراتس (470_399) پ.ز**

**فەیلەسوفی یۆنانی**

خوا یەک زمان و

دوو گوێچکەی داوەتە مرۆڤ

تا زیاتر ببیستێ و

کەمتر قسە بکا.

•

هەر چۆنێ بێ زەواج بکە

ئەگەر ژنێکی باشت هێنا

بەختەوەر دەبیت و

ئەگەر ژنێکی خراپیشت هێنا

دەبیە فەیلەسوف.

•

سەرکەوتنی راستەقینە ئەوەیە

کەسێ بەسەر خۆیدا سەرکەوێ.

•

من تەنیا یەک شت دەزانم

ئەویش ئەوەیە

کە هیچ نازانم.

•

زانست خێرە و جەهلیش شەڕ.

•

پێویستە قسەکردنی خەڵک لەگەڵ جاهیل،

وەک قسەکردنی  پزیشکێ لەگەڵ نەخۆش.

•

لە حەقیقەت نزیک نابینەوە

ئەگەر لە دنیا دوور نەکەوینەوە.

•

**من نە ئەسینایی و نە یۆنانییم**

**من هاونیشتمانییێکی جیهانیم.**

•

**بەختەوەریی لەززەت بردنێکە**

**پەشیمانیی لەگەڵدا نەبێ.**

•

**راوێژ بە هەمووان بکە،**

**ئینجا راوێژ بە خۆت بکە.**

•

**مرۆڤ بە فکر دەتوانی جیهانی**

**خۆی بکاتە گوڵ یا دڕک.**

•

لەوانە وریابە

کە بیرەوەرییان لەگەڵ درووست دەکەیت

چونکە لەوانەیە ئەو بیرەوەریانە

بە درێژای ژیان لەگەڵتدا بمێننەوە.

•

یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو بێتەدی

ژن رابەرایەتی دەگرێتە دەست.

•

ژیان گەڕان نییە بە دوای خود

بەڵکو گەشتێکە

بۆ درووستکردنی خود

شتێ لە خۆتدا بخولقێنە

لاسایی کردنەوەی قورسبێ.

•

**ئێمە غەریبین کاتێ لەو شوێنانەدا نین**

**کە خۆشماندەوێن.**

•

**خەم لە کەسێک مەخۆ کە لە ناکاو**

**لەگەڵت دەگۆڕێ**

**لەوانەیە وازی لە نواندن هێنابێ و**

**گەڕابێتەوە سەر کەسایەتی حەقیقی خۆی.**

•

**لەسەرخۆ بڕۆ نێو برادەرایەتییێکی نوێ**

**بەڵام کاتێ**

**لەنێو برادەرایەتیدابووی**

**بە جێگیریی و**

**هێزەوە بەردەوامبە.**

•

چەند کەمتر قسە بکەیت

خەڵک زیاتر گوێت بۆ دەگرێ.

•

پیاوی راستگۆ

هەمیشە وەک منداڵ وایە.

•

رقلێبوونەوەت

لە کردەوەکانی رابردووت

بەڵگەیە لەسەر پێشکەوتنی عەقڵیەتت.

•

دەرمانی تووڕەیی، بێدەنگییە.

•

**قوربانیدان لە پێناو برادەر سەخت نییە**

**بەڵام دۆزینەوەی برادەرێک**

**کە شیاوی قوربانیدانبێ سەختە.**

•

**نەزان دەمی داخا، ناکۆکی نامێنێ.**

•

**لە دوژمنایەتی پیاو مەترسە**

**بەڵام لە خۆشەویستی ژن وریابە.**

•

**بۆ ئەوەی جیهان بجوولێنین**

**دەبێ سەرەتا خۆمان بجوولێنین.**

•

ئەسینا وەک ئەسپێکیماندوو وایە و

منیش وەک مێشکی گەورە،

پێیوەدەم تا لە ژیاندا بمێنێ.

•

دەبێ چەند پێڵاوی گرانبەها هەبن

گۆڕەوی دڕاوی تێدابێ.

•

ژن سەرچاوەی هەموو شەڕێکە.

•

جوانیی

دیکتاتۆرییەتێکی کاتییە.

•

پیاوێکی پاکبووم

بۆیە نەبوومە سیاسی.

•

ئای لەو پیاوەی کە عەقڵی

پێش زەمەنی خۆی کەوتووە.

•

هەموو برایەک دایکت بۆت ناهێنێتە دنیا

هەندێ برا هەن لە هەڵوێست و رۆژگار لە دایکدەبن.

•

باشترین شت ئەوەیە فێربیت،

خۆت برینی خۆت سارێژ بکەیت.

•

خەڵکی بێقیمەت دەژین

تا بخۆن و بخۆنەوە و

خەڵکی بە قیمەتیش

دەخۆن و دەخۆنەوە تا بژین.

•

ئەستێرەکان ناتوانن

بەبێ تاریکیی بدرەوشێنەوە.

•

خۆشەویستیی

نەخۆشییەکی جوانە

دەبەنگییە

تووشهاتن بەو نەخۆشییە

رەت بکەیتەوە.

•


**بلیمەتیی ژن**

**لە دڵیدایە.**

•

**قسە بکە، با بتبینم.**

•



**Plato**

**ئەفڵاتون (347_427) پ.ز**

**فەیلەسوفی یۆنانی**

لە کارکردندا داوای باشیی بکە نەک خێرایی

چونکە خەڵک لێت ناپرسن

بە ماوەی چەند ئەو کارەت تەواوت کرد

بەڵکو تەماشای جوانکاری و کوالێتی دەکەن.

•

بۆچوون شتێکی ناوەڕاستە

لە نێوان زانین و نەزانین.

•

ئامانجی زانست،

خێرە.

•

خۆشەویستیی کوێرە.

•

**ئەگەر جوانیی سەرنجی چاو راکێشێ**

**ئەوە رەوشت دڵەکان دەکاتە موڵکی خۆی.**

•

**بەختەوەریی یانی ناسینی خێر و شەڕ.**

•

**هەموو مرۆڤێک دەبێتە شاعیر**

**ئەگەر خۆشەویستیی**

**لەمسی دڵی بکا.**

•

**گرنگ نییە بژیت**

**بەڵکو گرنگ ئەوەیە باش بژیت.**

•

زۆرینەی خەڵک

کە دەگەنە دەسەڵات دەبنە دڕندە.

•

مرۆڤ بە برادەرەکانی دەوڵەمەندە.

•

فەرمانڕەوا وەک رووبارێکی مەزن وایە

رووباری بچووکی لێدەبێتەوە

ئەگەر خۆی شیرینبێ ئەوان شیرین دەبن و

ئەگەر سوێریشبێ سوێر دەبن.

•

بیرکردنەوە،

دیالۆگی رۆحە لەگەڵ خۆیدا.

•

پیاوی باش

بەرگەی ئازاردانی خۆی دەگرێ

بەڵام بە خۆی کەس ئازار نادا.

•

هەموو سەرەتاییێک کۆتایی هەیە و

ئەو کۆتاییەش سەرەتایە بۆ شتێکی دیکە.

•

کەسی باش پێویستی بە یاسا نییە

تا پێیبڵێی چۆن بە بەرپرسیارییەتییەوە

هەڵسوکەوت بکا

بەڵام کەسی گەندەڵ

هەمیشە رێگەیەک

بۆ رێککەوتن لەسەر یاساکان دەدۆزێتەوە.

•

**ئەنجامی بێباکیی**

**بەرانبەر کێشە گشتییەکان ئەوەیە:**

**خراپترین**

**کەسەکان حوکممان دەکەن.**

•

**ئێمە شێتین ئەگەر نەتوانین بیربکەینەوە و**

**تووڕەین ئەگەر نەمانەوێ بیربکەینەوە و**

**کۆیلەین ئەگەر نەوێرین بیربکەینەوە.**

•

**برادەرایەتی بەدکار مەکە**

**چونکە سرووشتت شەڕ**

**لە سرووشتی ئەو دەدزێ و**

**تۆش پێی نازانی.**

•

زۆرینەی دەوڵەمەندەکان

کەسانی باش نین

بۆیە بەختەوەر نین.

•

لەززەت

لێدانی خەنجەرە

لە ئازار.

•

لەززەت

بەختەوەریی شێتانە و

بەختەوەریش

لەززەتی

حەکیمان.

•

**خراپترین جۆری ستەم ئەوەیە**

**بانگەشە بکرێ کە دادپەروەری هەیە.**

•

**هەرگیز لە هەڵەکردن مەترسە**

**تا بتوانی ئەوەی کە دەتەوێ فێری ببیت.**

•

**منداڵەکانتان فێری هونەر بکەن و**

**دواتر زیندانەکان داخەن.**

•

**ئەو مەعریفەیەی بە زۆر بە دەستدێ**

**هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر عەقڵدا نابێ.**

•

پێوەری پیاوی مەزن

توانای گاڵتە کردنییەتی بە هیلاکییەکان.

•

خێری کەم، بە بێ نرخ مەزانن

خێرکردنێکی کەمییش زۆرە.

•

کاتێ خۆشەویستیی

کەسێ بریندار بکا دەیکاتە شاعیر.

•

پێویستە بە هەموو رۆحتەوە

بەرەو حەقیقەت بچیت.

•

سەختترین جۆری برادەرایەتی

برادەرایەتییە لەگەڵ خۆتدا.

•

هێرشی مرۆڤ بۆ سەر خۆی

گەورەترین هێرشە

کە مرۆڤ لە ژیانیدا بە دەستی دێنێ.

•

نەزانیی سەرچاوەی هەموو شەڕێکە.

•

شکۆداریی پایەبەرزییێکە

لە عەقڵی ساغ و جددییەوە دەردەکەوێ.

•

مۆسیقا، رۆح بەبەر گەردوون و

باڵ بە عەقڵ و فڕین بە خەیاڵگە و

ژیان بە هەموو شتێ دەبەخشێ.

•

کەسانی لێبووردە دڵخۆشترین کەسن

بەهای دنیایان ناسیوە

بۆیە گوێ بە هەڵەکانی مرۆڤ نادەن.

•

دەکرێ بە ئاسانی لە منداڵێک ببوورین

کە لە تاریکیی دەترسێ

بەڵام کارەساتی حەقیقی ژیان ئەوەیە

پیاو لە رووناکیی بترسێ.

•

کلیلی ژیان ئەوەیە کاتێ هەست

بە بێهێزیی دەکەیت

رادەست نەبیت.

•

خەڵک مەکە ئاوێنەی خۆت

ئەگەر ئەوان خراپ بن تۆش خراپ بیت و

ئەگەر ئەوان باش بن تۆش باش بیت

بۆ هەمیشە خۆت

ببە سەرچاوەی چاکە.

•

دڵی ئەوانی دیکە بە چوار شت ببەوە

بە قسەی باش و گرنگیپێدانێکی جوان و

راستگۆیی لە پابەندبوون و هەڵسوکەوتی باش.

•

ئەو کەسەی حەقیقەت دەڵێ

لای خەڵک لە هەموو کەس ناپەسەندترە.

•

کەسێ ئازار نەناسێ

لە ئازاری تۆ تێناگا.

•

بە درێژایی ژیانم تامی رادەستبوونم

بۆ هیچ شتێ نەچێشتووە

جگە لە عەقڵ و ویژدان.

•

گەنجان پۆلێکن لە شێتیی.

•

به دەنگێکی نزم چاکە بکە

بەیانی کارەکەت بە دەنگی بەرز قسە دەکا.

•

ئەگەر حەقیقەت ژن بووا

هەموو کەس خۆشیدەویست.

•

گەورەترین سەروەت ئەوەیە بە کەم رازیی بیت.

•

جوان گوێ لە نەیارەکانت بگرە

لە قسەکانیاندا زۆر حەقیقەت هەن

کە خۆشەویستەکانت لێیان حەشارداوی.

•

ئەگەر بە خورتیی راهێنان بە جەستە بکرێ

جەستە ئازار ناچێژێ

بەڵام مەعریفەی بە خورتیی لە عەقڵدا نامێنێ.

•

مرۆڤ بوونەوەرێکە بە دوای مانادا دەگەڕێ.

•

خۆشەویستیی نەخۆشییێکی

کوشندەی عەقڵییە.

•

لەگەڵ لە دایکبوونی خۆشەویستیی

هەموو دەبن بە شاعیر.

•

ئەگەر ئاسمان

ئازادیی

داباریێنێ

هەندێ کۆیلە دەبینیت

چەتر

هەڵدەکەن.

•



**William Shakespeare**

**ولیەم شەکسپیر (1616_1564)**

**شاعیر و شانۆنامەنووسی ئینگلیز**

**لە سێ شت ئاگاداری خۆتبە:**

**لە ئاو و ئاگر و ژن،**

**ئاو نوقمت دەکا و ئاگر دەتسووتێنێ و**

**ژنیش شێتت دەکا.**

•

**لە جیهاندا هیچ سەرینێک**

**لە باوەشی دایک نەرمتر نییە.**

•

**جەستەم باخە و ئیرادەم باخەوان.**

•

**حوبری قەڵەم**

**وەک خوێنی شەهید پیرۆزە.**

•

**لە ژیانی ژندا سێ پیاو هەن:**

**باوک: ئەو پیاوەیە کە ڕێزی لێدەگرێ.**

**برا: ئەو پیاوەیە کە لێی دەترسێ.**

**مێرد: ئەو پیاوەیە کە خۆشیدەوێ.**

•

**هەندێ نەریت هەن بیانشکێنی**

**زۆر شەریفترە**

**لەوەی ڕێزیان لێبگری.**

•

**کاتەکانمان لەنێو خۆشەویستییدا**

**باڵیان هەیە و**

**لە فیراقیشدا**

**چڕنووک.**

•

ئەوەی هەوڵدەدا بە بەفر ئاگر داگیرسێنێ
وەک کەسێک وایە
کە هەوڵدەدا ئاگری خۆشەویستیی
بە وشە دامرکێنێ.

•

جوانیی دەوڵەمەند لە بەخشیندایە و
جوانیی هەژار لە قەناعەتدایە و
جوانیی ژنیش لە بێگەردییدایە.

•

ژن بە چەکەکانی دەناسرێتەوە:
لە بەرگریدا چەکەکەی هاوارە
لە فەشەلدا چەکەکەی بێدەنگییە
لە گفتوگۆدا خەندە چەکیەتی.

•

ئەو دزراوەی بزە دەکا

شتێک لە دز دەدزێ.

•

لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا

رقمان لەو شتە دەبێتەوە

کە لێیدەترسین.

•

چ بەدبەختە ئەو خۆشەویستییەی

قبوڵ دەکا هەڵبسەنگێندرێ.

•

ئەگەر راستگۆی بۆ سوێند دەخۆی؟

•

لەنێو هەندێ زەردەخەندا، خەنجەر هەیە.

•

ژن کەی توانی پێدەکەنێ

بەڵام هەر کەی ویستی دەگریێ.

•

ژن یەکەمجار

بە چاو خۆشەویستیی دەکا

دواتر بە دڵ و لە کۆتاییشدا بە عەقڵ.

•

لای پیاو موڵککردن کۆتاییە و

لای ژن دەسپێک.

•

**دڵی ژن**

**زۆر بە ئاسانی**

**بۆ پیاو هەڵدەکا**

**بەڵام دژوارە**

**کاتێ دەیەوێ بیگەڕێنێتەوە.**

•

**ژن سێ شتی خۆشناوێ:**

**_ژنی لە خۆی جوانتر.**

**_کەسێک پرسیاری تەمەنی لێبکا.**

**_یەکێ لە رابردووی بپرسێ.**

•

**چەند هیلاکن**

**ئەوانەی بێ سەبرن.**

•

دەتوانین

بە "حەق"

زۆر کار بکەین

بەڵام بە خۆشەویستیی زیاتر.

•

ترسنۆکەکان

بەر لەوەی ئەجەلیانبێ

چەندین جار دەمرن

بەڵام ئازاکان

یەکجار تامی مەرگ دەکەن.

•

ئەگەر فرمێسکتان هەیە

خۆتان بۆ رشتنی ئامادەکەن.

•

فرمێسک نیشانەی خۆشەویستییە

بەڵام چارەسەر نییە.

•

دڵی بێباک زۆرتر دەژی.

•

کچ لە دنیا هیچی ناوێ جگە لە مێرد،

کە مێردی کرد

هەموو شتێکی لە مێردەکەی دەوێ.

•

لەوانەیە ترسنۆکەکان شەڕ بکەن

ئەگەر نەیانتوانی رابکەن.

•

ئەگەر دۆڕاو زەردەخەنەی کرد

براوە لەززەت لە بردنەوە ناکا.

•

کەسێک ئارەزووەکانی بکاتە یاسا

دەبێتە مرۆڤێکی بێ یاسا.

•

کرداری بەهێز

لە هۆکاری بەهێز لەدایکدەبێ.

•

گومان هەمیشە

عەقڵە تاوانبارەکان راو دەکا.

•

کە نەتتوانی کەسێک بەلاوە نێیت

لە ئامێزی بگرە.

•

ژیان فێری کردم

لە گۆشەیەکدا بگریم و

کەس نەمبینێ

دواتر فرمێسکم بسڕمەوە و

بە زەردەخەنەوە بچمە لای خەڵک.

•

مرۆڤی ماندوو بەرد دەکاتە سەرین و

دەخەوێ تا بحەسێتەوە

بەڵام تەمبەڵ لەسەر سەرینی

لە پەڕەمووچەش ناحەسێتەوە.

•

گوناح هەندێ کەس بەرز دەکات و

چاکەش هەندێ کەس نزم.

•

پێویستیی، خوو لە مرۆڤدا دەچێنێ.

•

خۆپاراستن لە خراپترین

چارەسەریی خراپ دەکا.

•

خەمی بێدەنگ

لە دڵدا دەچرپێنێ

هەتا وێرانی دەکا.

•

**کچی عاقڵ باوەڕی**

**بە خۆشەویستیی لە پێناو خۆشەویستیی نییە**

**بەڵکو لە پێناو زەواج**

**باوەڕی بە خۆشەویستیی هەیە.**

•

**گرنگی بەو کەسە مەدە**

**کە لە سەرەتادا نایابە**

**گرنگی بەو کەسە بدە**

**کە تا کۆتایی نایابە.**

•

**دۆزینەوەی برادەری راستەقینە سەختە**

**جێهێشتنیان سەختە و**

**لە بیرکردنیان مەحاڵە.**

•

ژن وەک گوڵ وایە

ئەگەر لە شوێنی خۆی هەڵکەنرا

ژیانی کۆتایی دێ.

•

ئەوە وەرمەگرە

کە دەیبیستی

ئەوە وەرگرە

کە دەیبینی.

•

بەشێک بە مەزنی لە دایکدەبن و

بەشێک هەوڵدەدەن مەزن بن و

بەشێکیش هیلاکییێکی مەزن

بۆ ئەو کەسانە درووستدەکەن.

•

حوکم بدە سەگێک جا دەبینی
چۆن خەڵک ملی بۆ کەچ دەکەن و
کاسەلێسی بۆ دەکەن.

•

لە خۆشەویستییێک پەشیمان مەبەوە
کە تێیدا ژیاوی
هەتا ئەگەر بووبێتە بیرەوەرییێک
کە ئازارت دەدا
ئەگەر گوڵ بژاکێ و
بۆنی نەمێنێ و
جگە لە دڕک هیچی نەمێنێ
ئەوە لە بیرمەکە کە رۆژێ لە رۆژان
عەترێکی خۆشی پێداویت و
بەختەوەری کردوویت.

•

ئەگەر یەکێ بە بێ هۆ

رقی لێتبۆوە

هۆی بدێ.

•

چ گەورەیە غایبێکی حازربیت

لە جیاتی ئەوەی

حازرێکی غایب بیت.

•

ژنی مەزن بەهرە دەبەخشێتە پیاو،

ژنی ژیر گرنگیپێدان و

ژنی جوان تەنیا هەستی دەورژێنێ

بەڵام لە کۆتاییدا

ژنی بەسۆز و میهرەبان دەباتەوە.

•

بحەسێوە بحەسێوە

ئەی رۆحی بەئازار.

•

لە هەموو شت بێباکبە جگە لە کەرامەتت

پەراوێزخستنی قبوڵ مەکە.

•

پێداگریی لەسەر گەشبینیی

لەوانەیە شتێ درووست بکا کە مەحاڵ بوو.

•

برادەری راستەقینە

هەست بەو ئازارەت دەکا کە دەیشاریتەوە.

•

جوانە باشبیت بەبێ ئەوەی

ڕێگە بدەیت کەس ئەو باشییەت ئیستغلال بکا.

•

نەمانی متمانە سەختترە لە نەمانی کەسەکان.

•

تەمەن چرکەساتە

بەڵام هەندێ چرکەسات تەمەنن.

•

فرمێسکەکانت مەسڕەوە

ئەوانە لە ژیانت بسڕەوە

کە هۆکاری فرمێسکەکانتن.

•

خەم مەخۆ کاتێ یەکێ لەبەر چاوت دەکەوێ

ئەوە رێگەت بۆ واڵا دەکا تا کەسانی باشتر ببینی.

•

لاوازترین میوە ئەوانەن

بە خێرایی لە درەخت دەکەون.

•

سوپاس بۆ خوا کە من بە پیاوی خولقام

تا پیاوم خۆشنەوێ.

•

رێگە مەدە خەڵک راتکێشنە نێو گەردەلوولی خۆیان

تۆ رایانکێشە نێو ئارامیت.

•

لە خۆشەویستیی وەک منداڵان واین

نە بیرکردنەوە و

نە بەرگەگرتنمان باش ناکەین

گرنگیدان دڵخۆشمان دەکا و

گرنگینەدانیش دەمانگرییێنێ.

•

ڕێگە مەدە هیچ کەس

بە خراپی هەڵسوکەوتت لەگەڵ بکا

تەنیا لەبەر ئەوەی خۆشتدەوێ.

•

بە خۆشەویستیی باوەڕبکە،

کاتێ کەسێکت خۆشدەوێ

مەزانە بۆچی خۆشتدەوێ.

•

خۆت بە بێباکیی رابێنە

هەرچی دەگوترێ

شیاوی وەڵامدانەوە نییە.

•

هەندێ کەس

لەبەر تۆ نامێننەوە

بەڵکو لەبەر پێویستییان بە تۆ

دەمێننەوە.

•

شێوازی

قسەکردنت

لە خودی

قسەکە گرنگترە.

•

ئەگەر دەتەوێ ئەو شتانە بپارێزی

کە خۆشتدەوێن،

زۆر قسەیان

لەبارەوە مەکە.

•

کەس ناتوانێ بەرگەی شێتی و

غیرەی ژن بگرێ

جگە لە پیاوێک

کە بەراستیی خۆشیدەوێ.

•

هەمووانت خۆشبوێ و

متمانە بە کەمینەیەک بکە و

بەرانبەر هیچ کەسیش هەڵە مەکە.

•

هەموو ئازارەکانی فیراق

لە چرکەساتی دیداردا

کۆتاییان پێدێ.

•

بێئومێد مەبە

هەندێجار

شتە جوانەکان

درەنگ دێن.

•

دوێنێ

کاتم بە فیڕۆدا

ئەوڕۆ

کات بە فیڕۆم دەدا.

•

ژنی عاقڵ غیره ناکا..

لێیانپرسی: بۆچی؟

گوتی: چونکه غیرەکردن دانپیانانه بەوەی

که ژنێکی لەو جوانتر هەیە.

•

هەمیشه وەک تاکه منداڵی خۆت

هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بکه

نازی بکێشه و گوێی بۆ رادێره و

گرنگیی پێبده.

•

به کردار مەزنبه

وەکچۆن به بیریش

مەزنبووی.

•

لەوانەیە لە ئەنجامی

متمانەی زیادت بە خەڵک

تووشی هەڵوێستی بە ئازاربیت،

بەڵام لە متمانە نەکردنت بە کەس

هەست بە ئازارێکی گەورەتر دەکەیت.

•

هەرچی دێ با بێ..

لە خراپترین رۆژگاریشدا کات و زەمەن

هەر لە رۆیشتن بەردەوامن.

•

هەرگیز لە دەرگایەک مەدە

کە خاوەنەکەی بە ئارەزووی خۆی

لێی داخستووی.

•

دووركەوتنەوە جوانترە

ئەگەر نزیکیی لە نەبوون بچێ.

•

کاتێ دەریا وەستاوە

دەریاوانەکان کارامەیی نائاساییی

خۆیان دەردەخەن.

•

خۆشتدەوێم یا رقت لێمە

هەردووکیان باشن لای من

ئەگەر خۆشتدەوێم

ئەوە هەمیشە لە دڵتم و

ئەگەر رقیشت لێمە

ئەوە هەمیشە لە عەقڵتم.

•

مرۆڤ بە دوو هۆکار دەگۆڕێ:

کاتێ لەوە زیاتر فێربێ

کە خۆی دەیەوێ

یا لەوە زیاتر ئازار دەدرێ

کە شایەنی نییە.

•

سەختترین جەنگ لە ژیانتدا

ئەوەیە کاتێ خەڵک دەیانەوێ

بتکەنە کەسێکی دیکە.

•

هەموو مرۆڤێ

دەتوانێ کۆنترۆڵی غەم بکا

جگە لە مرۆڤی غەمگین.

•

هەندێ مرۆڤ بە متمانەوە

باسی باشە دەکەن و

بەوپەڕی داهێنانیشەوە

مومارەسەی دووڕوویی دەکەن.

•

سێ کاژێر بەر لە مەوعید

ئامادەبیت باشترە لەوەی

دەقیقەیەک دوا بکەویت.

•

دنیا دڵی پیاوە و

دڵیش دنیای ژن

بۆیە ژن قووڵتر دەبینێ و

پیاو دوورتر.

•

لەگەڵ دوو جۆر کەس مەمێنەوە:

ئەوەی لێت تێناگا و

ئەوەش کە بەهات نازانێ.

•

هەندێ دڵ هەن

هەرچەند زوڵمیان لێبکەیت نازانن رق چییە و

هەندێ دڵیش هەن هەرچیان بۆ بکەیت

نازانن خۆشەویستیی چییە.

•

ئەو ژیانەی

کە عەقڵت بەڕێوەی دەبا

زۆر باشترە لەو ژیانەی

کە قسەی خەڵک بەڕێوەی دەبا.

•

ترس

تەنیا دڵی پیس

دەترسێنێ.

•

دەبەنگ پێیوایە حەکیمە

بەڵام حەکیم دەزانێ کە دەبەنگە.

•

کۆکردنەوەی عاقڵەکان بە یەکەوە

کارێکی زۆر ئاڵۆزە

بەڵام کۆکردنەوەی مێگەل

هیچی ناوێ

جگە لە شوان و

سەگێک.

•

ئەگەر دوو کەس بە یەکەوە

سواری یەک ئەسپ بن،

دەبێ یەکێکیان لە دواوە دانیشێ.

•

زۆر بە دەوروبەرت

پەیوەست مەبە

تا زۆر هیلاک نەبیت.

•

نەکەی درۆ لەگەڵ ژن بکەیت

ژنان هێزێکی ناوێزەیان هەیە

بۆ کەشفکردنی حەقیقەت و

هێزێکی گەورەتریشیان هەیە

بۆ شاردنەوەی ئەو شتەی کە دەیزانن.

•

لاوازیی ئەوەیە

لە خۆشویستنی کەسێک بەردەوام بیت

کە تۆی ناوێ.

•

ئامۆژگاریی سێ جۆر خەڵک مەکە:

رۆشنبیری لە خۆبایی و

گەنجی هەرزەکار و

ژنی جوان.

•

هەرگیز خۆت

بە پاساو هێنانەوە ماندوو مەکە

خەڵک تەنیا ئەو شتانە دەبیستن

کە خۆیان دەیانەوێ بیبیستن.

•

گرنگی بەو کەسانە بدە کە گرنگیت پێدەدەن و

ئەوانیدیش تەنیا وەڵامی سڵاویان بدەوە.

•

ئەگەر بە نیازیت بڕۆیت

کەس بە خۆتەوە پەیوەست مەکە.

•

کەس لە مانای (ماڵئاوا) تێناگا

ئەوەی کە ئازارەکەی نەچێشتبێ.

•

زێدەڕۆیی لە هەستەکانت مەکە

چونکە زۆرینە ڕاگوزەرن.

•

خۆشەویستیی خراپ وجودی نییە

بەڵام خۆشەویستی خراپ هەیە

کە بە کەڵک خۆشەویستیی نایە.

•

کاتێ بەختەوەریی

دەخەیتە دڵی ئەوانی دیکە

بەختەوەریی

ئەدرێسی تۆ پێدەزانێ.

•

لە بیرەوەرییە بە ئازارەکانت

نزیک مەکەوە

چونکە بە ئاگری خەم

ئێستات دەسووتێنێ.

•

لەگەڵ چوار کەسدا  دڵڕەق مەبە:

ژن و

منداڵ و

خزمەتکار و

کەسێک کە داواى لێبوردنت لێدەکا.

•

ئەگەر فرمێسکى ژن ببیبەستبا

دەبووە جوانترین مروارى.

•

خۆت لە چاوى خۆتدا

گەورە ببینە و

هەرگیز گرنگى

بە بینینى ئەوانى دیکە مەدە.

•

هەرگیز درۆ

لەگەڵ کەسێک مەکە

کە متمانەت پێدەکا و

متمانەش بە کەسێک مەکە

کە درۆت لەگەڵ دەکا.

•

زۆر گرنگیپێدان بەهادارترە

لە خۆشەویستییێکی زۆر.

•

ئەگەر توانابیت

بەسەر وەفادا ناشکێ

وشەی بەڵێن

مەدرکێنە.

•

**دەبێ ڕێگری لە سێ شت بکەیت**

**حوکمی ژیانت نەکەن:**

**پارە و خەڵک و بیرەوەری ناخۆش.**

•

**ڕێزگرتن هیچی تێناچێ بەڵام زۆر ماناداره.**

•

**خۆت لەو پیاوە بپارێزە**

**ئەوە حەزی لە مۆسیقا نییە.**

•

**باش گرنگی بە ناوبانگت بدە**

**چونکە لە تۆ زیاتر دەژیێ.**

•

بەخت و

بوێریی

شان بە شانی یەکتر

ڕێدەکەن.

•

ئەوانەی زۆرمان خۆشدەوێن

غیاب

بە وردییەوە

هەڵیاندەبژێرێ.

•

خراپێکی ڕاستگۆ بیت

زۆر جوانترە لەوەی

گونجاوێکی ساختە بیت.

•

ئەو پیاوەی وەک شاژن
هەڵسوکەوت لەگەڵ ژن دەکا
بەڵگەیە بۆ ئەوەی
لەسەر دەستی شاژنێک پەروەردەکراوە.
•

کاتێ کەسێک گوێت پێنادا
دڵنیابە کە تۆ کەسێکی گرنگی لای ئەو.
•

ئەگەر دیتت هەموو پێچەوانەی تۆ رێدەکەن
راڕا مەبە، بڕۆ هەتا ئەگەر تەنیاش بمێنییتەوە
تەنیایی باشترە لەوەی
پێچەوانەی خۆت بژیت
لە پێناو رازی کردنی ئەوانی دیکە.
•

له یاسای وەفاداران

گلەیی دووجارە و

جاری سێیەم پێتدەڵێن:

ئومێدی هەموو باشییێکت بۆ دەخوازم.

•

ئەگەر دیتت من هەڵەم و

ئامۆژگاریت نەکردم

یانی من

هیچ شتێک نیم

بۆ تۆ.

•

گوێ لە زۆر کەس بگرە و

لەگەڵ کەم کەسدا قسە بکە.

•

قسه هەیە

هیچ ناڵێ و

بێدەنگییش هەیە

هەموو شت دەڵێ.

•

زۆر لێیان دەبوورین

بەڵام رۆژێ دێ

ناتوانین گوێ لە داوای لێبووردنیشیان بگرین.

•

خاوەنی دڵێکی جوان

لە هەزاران

رووخساری جوان

باشترە.

•

واز لە چاککردنی خەڵک بێنن
خۆتان چاککەن.

•

لە سینگتدا
فڕن
بۆ نەیارت دامەگیرسێنە
دواتر تۆ
دەسووتێنێ.

•

یاری بە هەستی خەڵک مەکە
لەوانەیە گەمەکە ببەیتەوە
بەڵام ڕەنگە تاهەتایە
ئەو کەسە لەدەستبدەی.

•

کەسێک

ویستی بڕوا

لە بن گوێیدا بچرپێنە:

ڕێ پێدەزانی

یا نیشانتبدەم؟

•

لەو کەسە ریسواتر نییە

کاتێ تووڕە دەبێ

هەموو نهێنییەکان دەدرکێنێ.

•

ئەو شیعرانەی

زیاتر ڕاستگۆییان تێدایە

زیاتر داهێنەرانەترن.

•

**کامل نین و بۆ ئەوەش درووست نەکراوین**

**تا بە دوای کەمالدا بگەڕێین**

**وەک مرۆڤ خولقاوین**

**هەڵە دەکەین و ئەزموون دەکەین و فێردەبین.**

**•**

**دەتوانم لەسەر دە هەڵەی جیا جیا بتبەخشم**

**بەڵام ناتوانم لەسەر هەڵەیەک بتبەخشم**

**کە دووبارەی**

**دەکەیتەوە.**

**•**

**ئەگەر دەتەوێ**

**عاشقی ژنێک بیت**

**دەبێ بتوانی بەرگەی شێتایەتییەکەی بگریت.**

**•**

خۆشەویستیی

یانی:

فەرامۆش مەبە

غیاب مەبە و

دوور مەکەوە.

•

بەرلەوەی بدوێی، گوێ بگرە

بەرلەوەی بنووسی، بیر بکەوە

بەرلەوەی پارە خەرجکەی، بەدەستیبێنە

بەرلەوەی نوێژ بکەی، بەخشندەبە

بەرلەوەی خەڵک بریندار بکەی، هەستبکە

بەرلەوەی رقت ببێتەوە، خۆشتبوێ..

بەرلەوەی بێئومێدبی، هەوڵدە..

بەرلەوەی بمری، بژی.

•

خۆت بەختەوەریی

بۆ خۆت درووست نەکەیت

کەس بۆتی درووست ناکا.

•

ژیان شانۆگەرییێکە

حەزمان لێیبێ یا نا

تازە پارەی تیکتەکەیمان داوە.

•

ئەگەر گلەییێکت لە دڵتدا هەڵگرتووە

راشکاوانە پێمبڵێ

تاکو لە نێوانماندا

بۆشایێ درووستنەبێ

خەڵک پێیدا بێت و بڕوا.

•

زۆر برادەرم لە یەک برادەردا هەیە.

•

زمانت بە گوتنی هەموو قسەیەکی جوان رابێنە

چونکە زمانت دیمەنی دەرەوەی دڵتە.

•

من کەس جێناهێڵم

بەڵام دەستی کەس ناگرم

کە منی نەوێت.

•

دۆزەخ چۆل و هۆلە

شەیتانەکان هەمووی لێرەن.

•

مادەم ئەوە ژیانی منە نەک ژیانی تۆ

گرنگی بەوە بدە کە بۆ من دەگونجێ

نەک بۆ خۆت.

•

یاسای زێڕین بۆ رازیکردن ئەوەیە

هێندەی خۆت دەتەوێ

گوێت بۆ بگرن

گوێ لە خەڵک بگرە.

•

هەندێ خەڵک بە چاوی خۆیان ناتبینن

بەڵکو بە چاوی ئەو کەسە دەتبینن

کە قسەی لەسەر کردوویت و

وەسفی کردوویت.

•

هەندێجار

ئەو قسانەی

لە پشتت دەکرێن

ئەوەندە ئازارت نادەن

بەقەد ئەوەی کە دەزانی

کێ ئەو قسانەی کردووە.

•

هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ژن

لە کاتی گریانیدا

وەک هەڵدانەوەی

لاپەڕەکانی رۆژنامەیە

لەناو گەردەلوولدا

کە ژن گریا

تەنیا لە باوەشی بگرە، ئارام دەبێتەوە.

•

هەندێ کەس هەڵەیەکن لە ژیانتدا،

هەندێک دەرسن و

هەندێکیش تەنیا بیرەوەرییێکن و تەواو.

•

ساڵانێکی زۆرمان

لە خوێندن بەسەر برد

لەگەڵ ئەوەشدا

کەس فێری نەکردین خۆمان خۆشبوێ.

•

کەس ناتوانێ ئازارت لێببا،

بۆیە رێگە مەدە کەس بەختەوەرییت لێببا.

•



**Johann wolfgang von goethe**

**یوهان ڤۆلڤگەنگ فۆن گۆتە**

**(1832_1749)**

**شاعیری ئەڵمان.**

تەنیا باوک

ئێرەیی بە بەهرەی

منداڵەکەی نابا.

•

کە یەکێ

دەکەوێتەوە

خۆشەویستییەوە

ئومێد دەکا

زنجیر بیبەستێتەوە.

•

ژنی گوێڕایەڵ،

حوکمی

هاوسەرەکەی دەکا.

•

ژیانێکی بێسوود

مەرگێکی لە پێشینەیە.

•

بە ئومێدی شیرین

فیراق دەبێتە جەژن.

•

کە بیرەکان فەشەل دێنن

وشەکان دەستاودەستیان پێدەکرێ.

•

ماڵی خۆمم

لەسەر هیچ بنیاتنا

بۆیە هەموو جیهان ماڵی منە.

•

**که نەتوانین**

**بە تەواوی**

**لە شتێ تێبگەین**

**ناتوانین دەسەڵاتمان**

**بە سەریدا بسەپێنین.**

•

**روونیی ئامانج لای مرۆڤ**

**هۆکارە بۆ دڵنیابوون و**

**مرۆڤیش بەرەو بەختەوەریی دەبا.**

•

**مرۆڤ**

**سەفەر ناکا تا بگا**

**بەڵکو تا سەفەر بکا.**

•

ترسناكترين زيان كه دەكرێ

مرۆڤ له خۆی بدا ئەوەیه

گومانی خراپ له خۆی بكا.

•

دەكرێ منداڵ به رەوشتەوە له دایكبن

ئەگەر باوكەكانیان ئاوابن.

•

مەعریفه به تەنیا بەس نییه

پێویسته پراكتیكیشی لەگەڵدابێ.

•

هەڵەیه شتی گرنگتر له ژێر رەحمەتی

شتی كەم گرنگتردابێ.

•

**دەتوانی جوانیی**

**هەتا لەو بەردەش درووست بکەی**

**کە دەبێتە کۆسپ لەسەر رێت.**

•

**هەر کێی تەحەمولی**

**خەوشەکانم بکا**

**بە گەورەی خۆمی دادەنێم**

**ئەگەر نۆکەریشم بێ.**

•

**کەسێ بیەوێ بە متمانەوە**

**هەنگاو بنێ**

**دەبێ لەسەرخۆ**

**هەنگاوبنێ.**

•

قووڵترین بابەت

لە مێژووی بەشەرییەتدا

ململانێی نێوان

گومان و یەقینە.

•

ئەگەر گومانت

لە خۆتکرد

دەبیە کەسێکی وەستاو

لەسەر خاکێکی لەرزیو.

•

کەس فریومان نادا

ئەوە ئێمەین

خۆمان فریو دەدەین.

•

ببەخشە و

لە یاد بکە کە بەخشیوتە.

•

لەگەڵ مەعریفەدا

گومان گەورە دەبێ.

•

چارەنووسی هەر نەتەوەیێ

بە گەنجەکانییەوە پەیوەستە.

•

پیاوی بە پەلە

بە دوای دەرگادا دەگەڕێ و

بە بەردەمیشیدا تێدەپەڕێ.

•

**ئەوەی خۆشەویستیی نەکا و هەڵە ناکا**

**با دەفن بێ.**

•

**پێویستە شتەکان**

**لەسەر حەقیقەتی خۆیان ببینی**

**نەک ئەوەی تۆ دەتەوێ**

**یا ئومێدی بۆ دەخوازی**

**ئاوا بیانبینی.**

•

**کەسێکی بێ هەڵە نیم**

**بەڵام لەوانەش نیم**

**کە خۆشەویستان فریو دەدەن و**

**خیانەت لە برادەران دەکەن.**

•

**سەرباری سەختییەکان**

**مانەوەت بە بەهێزی**

**بەهێزترت دەکا.**

•

**راحەت ئەوە نییە**

**لەگەڵ کەسێ بدوێیت و**

**گوێت بۆ بگرێ، بەڵکو ئەوەیە**

**لەگەڵ کەسێ بدوێیت و لێت تێبگا.**

•

**هەوڵمەدە لە هەموو ناکۆکییەکان**

**سەرکەوتن بە دەستبێنی**

**هەندێجار بە دەستهێنانی دڵەکان**

**باشترە لە بردنەوەی هەڵوێستەکان.**

•

دەکرێ

هەموو شتێ

لەو جیهانەدا رووبدا

جگە لە بەردەوامبوونی

رۆژگاری خۆشبەختیی.

•

یەکێ تۆی لە ژیانی خۆیدا بوێ

زۆر باش دەزانێ

چۆن بتپارێزێ.

•

پێویست ناکا

بە هەموو دنیادا بگەڕێیت

تا بزانیت ئاسمان شینە.

•

**دەتوانم بەڵێن بدەم راستگۆبم**

**بەڵام ناتوانم**

**بەڵێنی بێلایەنبوونم بدەم.**

•

**ئەوەی مرۆڤ**

**لە گەنجیدا**

**ئومێدی**

**بۆ دەخوازێ**

**لە پیریدا**

**بە زیادەوە**

**بە دەستی دێنێ.**

•



# Jalaluddin rumi

## جەلالەدین رۆمی (1273_1207)

## شاعیر و فەیلەسوفی ئەفغانی

سڵاو لەوانەی پێدەکەنن و

دڵیشیان پڕە لە ساڵانێکی پڕ لە گریان

ئەوانەی بڕیاریانداوە بژین و

هێشتایش ژیان ئەو شانسەی پێینەبەخشیون.

•

زۆر ڕێگا هەن بتگەیێننە لای خوا

من خۆشەویستییم هەڵبژارد

تا بگەم بە خوا.

•

بە دوای خۆمدا گەڕام

جگە لە خوا هیچیترم نەدۆزییەوە.

بە دوای خوادا گەڕام

جگە لە خۆم هیچیترم نەدۆزییەوە.

•

**ئەی خۆشەویست**

**وەک مەلابانگدان بانگم بکە**

**چونکە من وەک نوێژ غەریبیت دەکەم.**

•

**نیشتمانم نییە**

**ئەوێ نیشتمانمە کە تۆی لێیە.**

•

**عەشق  ئەو سەفەرەیە**

**لە خۆتەوە دەتگەیەنێتەوە خۆت.**

•

**هیچ شتێ مەچێنە**

**ئەگەر بە خۆشەویستیی نەبێ.**

•

**مۆسیقا**

**زمانی خوایە.**

•

**ئەی عاشقان**

**ئاسمان خۆشەویستیی دەبارێنێ**

**با لە ژێریدا سەما بکەین و  پێیەوە بمرین.**

•

**لەو ماڵەدا،**

**هەمووومان میوانین..**

•

**تۆ دڵۆپێک نیت لە زەریا**

**تۆ تەواوی زەریایت لە دڵۆپێکدا.**

•

ئەوانەماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن
کە بە چاو عاشقی یەکترن
بەڵام ئەوەی کە بە رۆح و دڵ
عاشق دەبێ
هەرگیز جیانابێتەوە.

•

ئەو خۆشەویستییەی
کە تەنیا گرنگی
بە جوانیی جەستە دەدا
خۆشەویستییەکی حەقیقی نییە.

•

ئاگر دووکەڵی نامێنێ
کە دەبێتە مەشخەڵ.

•

گوێ لە دەنگی نای بگرە

چۆن ژانی حەنین پەخشان دەکا و دەڵێ:

لەو کاتەوەی لە دارستان بڕێندراوم

بیری ئەسڵی خۆم دەکەم.

•

نەفس لە زۆر ستایشکردندا

دەگۆڕێ و دەبێتە فیرعەون.

•

من لە خۆم دەچم، هەر یەکێکمان لەویتر دەچین.

•

کراسی یوسف کە بە یەعقوب گەیشت

مژدەی ویساڵبوو.

•

نائارام مەبە لە برینت

ئەگەرنا نوور

چۆن دەچێتە ناخت؟

•

بە دوای

چیدا بگەڕێیت

بە دواتدا دەگەڕێ.

•

ئەی برام

تۆ تەنیا

فکریت و

ئەویترت هەمووی

ئێسک و پێستە.

•

ئەگەر زۆرت هەیە

لە سەروەتت

ببەخشە و

ئەگەر کەمت هەیە

ئەوە لە دڵت ببەخشە.

•

عەشق کانییە

نوقمبە لەناویدا.

•

هەمیشە عەتر

لەو دەستەدا

دەمێنێتەوە

کە گوڵ دەبەخشێ.

•

تۆ بە دوو باڵەوە خولقاوی

ئەی بۆ لات باشترە

بە گاگۆڵە ژیان ببڕی؟

•

کە جوانیت لە دڵی خۆتدا دۆزییەوە

لە هەموو دڵێکدا

دەیدۆزیتەوە.

•

چ زیانێکت پێدەگا

ئەگەر ئەو جیهانە

هەموو رووناکییەکانی بە رووتدا بکوژێنێتەوە

مادەم نوور

لە دڵتدا دەدرەوشێتەوە.

•

حەقیقەت

ئاوێنەیەک بوو

لە دەستی خودا کەوت و

پارچە پارچەبوو

هەر کەسێ

پارچەیەکی برد و گوتی:

من ئاوێنەیەکی تەواوم هەیە.

•

ئەی نووری دڵ وەرە

ئامانجی هەست و موراد وەرە

ئەی زەریفی دنیا سڵاوت لێبێ

دەوا و

تەندرووستیم

بە دەست تۆیە.

•

هەموو شتەکان کە راڤە دەکرێن

رۆشن دەبنەوە جگە لە عەشق

کاتێ عەشق

هیچ راڤەیەکی بۆ ناکرێ

رۆشنتر دەبێتەوە.

•

ئەو قسانەت لەگەڵ دەکەم

کە پێویستییان بە لێو و زمان نییە

لەنێوان هەمووان بۆت دەدوێم

بەڵام جگە لە تۆ کەس نایبیستێ.

•

کێ چرای لە سینگیدا هەڵگرتبێ

تاریکیی هەموو دنیای بۆ گرنگ نییە.

•

نەخۆشی تۆم

هەر کاتێ غەریبیت دەکەم

حاڵم خراپتر دەبێ.

•

لە دیدی من هیچ شتێ

لەو دنیایە لە پێکەنینی

راستگۆیانەی منداڵ

بە نرختر نییە.

•

تاکە جوانییێک

کە تا ئەبەد دەمێنێتەوە و

پیر نابێ

جوایی دڵە.

•

عەشق رووبارە

لێی بخۆوە.

•

ئەو دنیایە لە سەریەوە تا پێیەکانی

لە ئێش و کارەساتدا غەرقبووە

هیچ ئومێدێکی چاکبوونەوەی نییە

جگە لە دەستی خۆشەویستیی.

•

هیچ شتێ لەنێوان من و تۆدا نییە

بەڵام لە نێوان

دڵم و

دڵی تۆدا

هەموو شتێ روویداوە.

•

هەتا ئەگەر جەستەشمان لێک دووربێ

پەنجەرەیەک لە دڵمدا دەمێنێ

کە دەڕوانێتە تۆ

لەوێوە پەیامی بێدەنگت

بەسەر دادەبارێنم

رێک وەک ئەوەی کە مانگ دەیکا.

•

خۆشەویستیی ئەو پردەیە

لە نێوان تۆ و هەموو شتێک.

•

ئاسانە کەسێ لەناو کۆمەڵدا بوەستێ

بەڵام ئازا ئەو کەسەیە

کە دەتوانێ بە تەنیا بوەستێ.

•

کە بڕیارتدا سەفەر بکەیت

ئینجا ڕێگاکەت بۆ دەردەکەوێ.

•

ڕۆح چییە

بە بێ خۆشەویستیی

جگە لە تارماییێکی

بێڕەنگی نێژراو

لە جەستەدا.

•

ئەی موسافیر

دڵت لە هیچ ماڵێک دامەنێ

گەرنا لە کاتی ڕۆیشتنت

غەمگین دەبیت.

•

خوای من، رۆحم ببە ئەو شوێنەی
کە بتوانم تێیدا بە بێ وشە
قسە بکەم.

•

لە مەخلوقەکان ماندوو بووم
جوانیی خالقم دەوێ
بەڵام کاتێ سەیری ئەوێ دەکەم
خۆم دەبینم
کاتێ سەیری خۆشم دەکەم
ئەو جوانییە دەبینم.

•

دەنگ هەیە وشە بە کار ناهێنێ
جوان گوێی بۆ بگرە.

•

تەنیا بە دڵ دەتوانی

دەست لە ئاسمانەکان بدەیت.

•

ئەوان بە خوێن و بە فەناوە سەرقاڵن

ئێمەیش سەرقاڵی مانەوەین

ئەوان تەپڵی جەنگ لێدەدەن

ئێمەیش تەپڵی خۆشەویستیی.

•

فێری بیرکردنەوە بووم

دواتر فێری بیرکردنەوە بووم لەناو قاڵبەکان

دواتر فێربووم بیرکردنەوەی ڕاست

لە ڕێگای بیرکردنەوەیە

لە تێکشکاندنی قاڵبەکان.

•

دەتوانم لە هەموو کەسێ

دوور بکەومەوە

جگە لەو کەسەی

کە بە دڵی دەوری گرتووم.

•

کاتێ گوڵ کاتی تێپەڕی و

باخچەکەی مر،

ئیدی گوێ لە بولبول ناگرێ

ژیانی خۆی بۆ

بگێڕێتەوە.

•

بە دوای ئەو کەسانەدا بگەڕێ

کە ژیانت رووناک دەکەن.

•

ئەگەر لێمبپرسی چەند جار

هاتوومەتە بیرت؟

دەڵێم: یەکجار

چونکە هاتیت و

ئیدی بە جێتنەهێشتووم.

•

با چاوت هەر لەسەر نوور بێ

تا هەموو ئەو تاریکیانە دەبڕیت.

•

ئەگەر بە سەد هەزار زمانیش

ستایشی عەشق بکەیت

هێشتا جوانییەکەی خۆی زیاترە

لە هەموو ئەو منگە منگانە.

•

مۆسیقا خۆراکی
هەموو خۆشەویستانە.
•

ببە چرا
ببە بەلەم
ببە پەیژە
ببە شیفا
بۆ هەموو رۆحە وێڵەکان.
•

بێ خۆشەویستیی مەبە
تا هەست نەکەی مردووی
لە خۆشەویستییدا بمرە و
تا ئەبەد بە زیندوویەتی بمێنەوە.
•

بدرەوشێوە

وەک ئەوەی ئەو گەردوونە

هەمووی هی تۆبێ.

•

سڵاو لەوانەی بە نهێنییەوە عاشقن

ئەوانەی کە زانیان

پەیوەندی ئاشکرا

بەردەوام نابێ..

ئەوانەی ئەو قەولەیان خۆشدەوێ:

وەک دوو درەخت

خەڵک بەنێوانماندا دێن و دەچن و

ناشزانن کە ئێمە

رەگەکانمان

تێکئاڵاون.

•

ناتوانم پێتبگەم و

ناشتوانم لە خۆمت جیا بکەمەوە.

•

گوتی: ئەوەندە جار لە دوای جار

تەماشای خۆت مەکە

تەنیا تەماشامکە

من چەند لە تۆ

نزیکترم

لە خۆت.

•

ئەوەی بە دوای فتنەی عەشق رانەکا

بە ڕێگایەکدا دەڕوا

هیچ شتێکی زیندووی تێدا نییە.

•

ئەی دڵی من بێئومێد مەبە

موعجیزە نیشتەجێی

شوێنە شاراوەکانە.

•

من بە رۆحم خۆشمدەوێیت و

رۆحیش هەرگیز ناوەستێ و

لە یادیش ناکا.

•

کاتێ یەکەمجار هەستم بە خۆشەویستیی کرد

دەستمکرد بە گەڕان بە دوای تۆدا

کوێر بووم و نەمدەزانی کە عاشقەکان

بە یەک ناگەن، چونکە هەر یەکێکیان

تا ئەبەد لەناو ئەویتردا نیشتەجێیە.

•

مەعشوقێک بە عاشقێکی گوت:

بە شارانی زۆردا خولایتەوە

زیاتر حەزت لە کام شار کرد؟

عاشق گوتی: ئەو شارەی

کە یەکێ دڵمی تیا رفاند.

•

بەڵام من

ئەو رۆژە جەژنمە

کە رووخساری خۆشەویستەکەمی تیا دەبینم.

•

هەر کەس

بە عەشق نەمرێ

لاشەیە.

•

هەموو کەس

گوێی لە دەنگمە

جگە لە تۆ..

تۆ گوێت لە دڵمە.

•

کاتێ قۆناغێکی سەخت

لە ژیانت تێدەپەڕێنی

ژیانت وەک رزگاربوویێ تەواو بکە

نەک وەک قوربانییێک.

•

دەبێ هەندێ کات

بێدەنگبین

تا فێری قسەکردن بین.

•

لەگەڵ زەمەندا

ئێشەکان دەبنە خەم و

خەم دەبێتە بێدەنگیی و

بێدەنگیی دەبێتە تەنیاییێکی

گەورە و فراوانی

هێندەی ئۆقیانۆسە تاریکەکان.

•

لەو کاتەی عەقڵ

جگە لە سنوور هیچ شتێ نابینێ

دڵ هەموو رێگە پیرۆزەکان پێدەزانێ.

•

یەکێ لەگەڵ کەسێك بێت کە تێیناگا

وەک دیل وایە.

•

دەبێ شتێ لە تۆدا بسووتێ

تا نوور لە قووڵاییەکانتدا

بدرەوشێتەوە.

•

خۆشەویستیی

ئەو شادییەیە

کە بریندار دەکا.

•

لێم پرسی: ئەو دڵە بچووکەی من

چۆن جێی ئەو هەموو ئێشەی لێدەبێتەوە؟

وەڵامی دامەوە: تەماشای چاوەکانت

بکە چەند بچووکن

کەچی هەموو گەردوونی پێدەبینی.

•

بارت سووککە..

تا بفڕیت.

•

واز لەو بەیانییە مەهێنە

لێمەگەڕێ تێپەڕێ بێئەوە نیگایێ بگرێتە دڵت

ئەوانەی لە سپێداندا دڵی خۆیان لە بیرکرد

ئەو خۆرەشیان لە بیرکرد

کە ئاوا نابێ.

•

هەتا ئەگەر بە تووڕەیشەوە بڕۆیت و

هەزاران ساڵیش لێم دوور بیت

هەر دەگەڕێیتەوە لای من

چونکە من ئامانجتم.

•

کەس ناچار مەکەن

رۆحتان لە ئامێز بگرێ

خۆشەویستیی

وەک ئاین وایە

بە زۆر نابێ.

•

با مەعنات لێ بەرزبێتەوە

نەوەک دەنگ

ئەوەی گوڵ دەڕوێنێ و دەیپشکوێنێ

بارانە نەک برووسک.

•

هەردوو چاوەکانت داخە و

بە چاوی سێیەم بڕوانە.

•

بەردەوامبە

لە شکاندنی دڵت

تا دەیکەیتەوە.

•

خۆشەویستیی

لە هەموو ئاینێکدا هەیە

بەڵام خۆشەویستیی

بە خۆی دینی نییە.

•

فەرامۆشکردن

پەیامێکی ڕۆشنی کورتە

ناونیشانەکەی ئەوەیە:

دوورکەوە.

•

لەگەڵم بیت، تەواوی شەو ناخەوم

لەگەڵم نەبیت، تەواوی شەو ناتوانم بخەوم

چ جیاوازییێکی گەورە لە نێوانیاندایە

لەگەڵ ئەوەش کە هەردووکیان

هەر نەخەوتنن.

•

ئەی مانگ

لەگەڵ تۆ

کەی زەوی

تاریک دادێ؟

•

عەشق وازهێنانە

لە هەڵبژاردن.

•

گرنگ ئەوەیە رۆحێک بدۆزیتەوە
رۆحت کامڵ بکا
کەسێ بدۆزەوە کە ببێتە ئاوێنەت.

•

ئەوە خۆشەویستییە
تاڵ شیرین دەکا و
خۆڵ دەکاتە زێڕ و
تۆران دەکاتە سەفا و
ئازاریش بە شیفا
ئەوە خۆشەویستییە
ئاسن نەرم دەکا و
بەرد دەتوێنێتەوە و
مردوو زیندوو دەکاتەوە و
ژیانێکی نوێی پێدەبەخشێ.

•

یەکێ مانگی بوێ

شەو بەلاوە نانێ

یەکێ ئارەزووی گوڵ بکا

ترسی لە دڕکەکانی نابێ

یەکێکیش هەوڵی

خۆشەویستیی بدا

لە خودی خۆی هەڵنایێ.

•

ڕۆحت چەند

لە ڕۆحم نزیکە

من بە یەقینییەوە دەزانم

بیر لە هەرچی بکەیتەوە

بە ناو زەینی مندا

تێدەپەڕێ.

•

پێتوایە زیندوویت تەنیا لەبەر ئەوەی
هەناسە دەدەیت.

•

عاشق نە موسڵمانە و نە مەسیحی و
نە بەشێکیشە لە هیچ باوەڕێک
ئاینی عەشق هیچ مەزهەبێکی نییە
تا باوەڕی پێبێنی
یا باوەڕی پێنەهێنی.

•

لە گەڕان بەردەوامبە
سەرەڕای ئەوەی
هیچ شوێنێکیش نەبێ
پێیبگەیت.

•

**کانییێک**

**لە ناختدایە**

**بۆچی بە گۆزەی بەتاڵ**

**دەسووڕێیتەوە؟**

•

**ئەی دڵ**

**واز لە هەموو شتێ بێنە**

**هەموو شتێکت دەبێ.**

•

**رێگا بەرەو ئاسمان**

**لەناو تۆدایە**

**تەنیا باڵەکانی خۆشەویستیی**

**بجووڵێنە.**

•

شتەکان

خۆیان دێن

بەبێ هیچ کۆششێک

یا خۆیان تائەبەد دەڕۆن

سەرباری هەموو کۆششێکیش.

•

واز لەعاشق بێنە

لە گەردوونی خۆیدا.

•

تەنیا

حزوورت

دڵی تواوەم

دەبوژێنێتەوە.

•

من وەک ئینسان قبوڵ بکەیت
لای خوا گرنگترە
لەوەی پرسیاری ئیمانم لێبکەیت
ئێمە هەمووومان
لقەکانی یەک درەختین و
حەنینمان
بۆ ئەسڵمان هەیە.
•

من نەهاتووم
شتێکی نوێت پێببەخشم
هاتووم ئەو جوانییەت لێدەربێنم
کە نەتدەزانی
لەناو تۆدا
هەیە.
•

وێنەت

لە چاومدایە و

ناوت

لە لێوانم جیانابێتەوە و

یادت

لە قووڵایی ڕۆحمدایە

ئەی کەوایە من بۆ کێ دەنووسم

کە تۆ لەو هەموو شوێنەدا دەخولێیتەوە؟

قەڵەم بشکێنە و

کاغەز بدڕێنە.

•

ئەو ئیلهامەی بە دوایدا دەگەڕێیت

پێشتر لە ناختدا هەیە

تۆ تەنیا بێدەنگبە و چاودێری بکە.

•

**رۆح گوێی هەیە**

**دەتوانێ ئەو شتانە ببیستێ**

**کە عەقڵ ناتوانێ بیبستێ و بشیزانێ.**

**•**

**خۆت هەڵدە نێو رووباری عەشق**

**هەتا ئەگەر رووبارێکی خوێنینیش بێ.**

**•**

**من خۆشەویستییم خۆشدەوێ و**

**خۆشەویستییش منی خۆشدەوێ**

**باڵەکانم بۆ خۆشەویستیی کردەوە و**

**خۆشەویستییش**

**وەک خۆشەویست**

**لە باوەشی گرتم.**

**•**

**ئەگەر داوای مرواری دەکەیت**

**دەبێ نوقمبیە قووڵایی دەریا**

**کەنار چی لێیە جگە لە کەف.**

•

**گوتم: نامرم بەر لەوەی نەتناسم**

**گوتی: هەر کێی بمناسێ نامرێ.**

•

**لە دەریای خۆشەویستیی**

**وەک خوێ توامەوە**

**نە کفرما و نە ئیمان**

**نە گومانما و نە یەقین**

**هەسارەیێ لە دڵمدا دەدرەوشێتەوە**

**حەوت ئاسمانی تیا حەشار دەدرێ.**

•

**تەنیا رۆح**

**لە ماهیەتی عەشق تێدەگا.**

•

**ئەگەر پێڕانەگەیشتی**

**خۆشیانبوێی**

**پێڕابگە خۆشتبوێن.**

•

**خۆشەویستیی تەفسیر ناکرێ**

**ئەوە خۆشەویستییە**

**تەفسیری هەموو شتێ دەکا.**

•



**Shamse Tabreze**

**شەمسی تەبرێزی (1248_1185)**

**شاعیر و فەیلەسوفی ئێرانی.**

**خۆشەویستیی ئەوەیە: نەترسی**

**ئەگەر لە ناوەڕاستی بەحری**

**ترسیشدابیت.**

•

**ئەو کەسەی لە خۆتەوە**

**بەرەو خۆت دەترِفێنێ**

**شیاوی خۆشەویستییە.**

•

**زۆر گرنگی بە قسەکردن مەدە**

**چونکە لە شاری عەشق**

**هیچ زمانێ گرنگ نییە و**

**لە بنەڕەتیشەوە پێویست بە وشە ناکا..**

**عەشق تەواو بێدەنگە.**

•

جیاوازییێکی گەورە لە نێوان

رۆژهەڵات و رۆژئاوا و

باشوور و باکووردا نییە

رووت لە هەر لایێ بێ

پێویستە وا لە سەفەرەکەت بکەیت

رۆیشتنبێ بەناو ناختدا.

•

لامان وایە ئەو لەسەرەوە دەمانبینێ

بەڵام ئەو لە ناوەوە لێمان دەڕوانێ.

•

ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێیت

لەناو تۆدا

وجودی هەیە.

•

تۆ ئەی ئەوەی رووخسارت

خۆری رۆحمە لێم دوور مەکەوە.

•

بێدەنگییش دەنگی هەیە

بەڵام پێویستی بە رۆحێکە لێی تێبگا.

•

ئەو دەرگایەت بۆ ناکرێتەوە

کە لێی نادەی.

•

ماوە ماوە پێویستمان بەوەیە

بە تەواوی ون بین و

کەس نەتوانێ بماندۆزێتەوە.

•

بۆم گرنگ نییە

ژیانم درێژبێ

بەڵام دەمەوێ قووڵبێ

دەمەوێ من

بەناو ڕۆژەکاندا تێپەڕم

نەک ڕۆژەکان

بەناو مندا تێپەڕن.

•

ئەگەر بەهەشت و ئاگر

بە دەستی من بووا

بەهەشتم دەسووتاند و

ئاگری دۆزەخیشم

دەکوژاندەوە.

•

هەر کەس دەتوانێ

لە درەوشانەوەتدا هەڵتبژێرێ

بەڵام من لەو کاتەش هەڵتدەبژێرم

کە دادەمرکێیت

دڵنیابە ئەگەر من نووریش

لە کەسێکیترەوە ببینم

ئەوە تاریکیی تۆ هەڵدەبژێرم.

•

خەڵکانێکم بینیوە

ژیان هەرچەندی لێ سەندبن

هەر دەوڵەمەند ماون و

هەندێکیش هەرچەندیان

لە ژیان سەندبێ

هەر هەژار ماون.

•

چەند کەسی تەنیا هەن و

هەست بە تەنیایی ناکەن؟

ئەی چەند کەس هەن لەناو کۆمەڵدان و

هەست بە تەنیایی دەکەن؟

تەنیایی

تەنیایی ویژدانە نەک جەستەکان.

•

من لاڵم و خەونێکم بینیوە

خەڵکیش هەمووی کەڕن

نە من دەتوانم

بیگێڕمەوە و

نە ئەوانیش

دەتوانن

بیبیستن.

•

کاتێ ژیان

لەگەڵ شتێک

لە تۆدا کۆمدەکاتەوە

هەزار ژیان

لە دڵمدا بە ئاگادێتەوە.

•

ڕۆژانێک هەبوون

لە ژیانت

پێتوابوو تێناپەڕن

ئەو ڕۆژانە غەمی گەورەت بوون

کەچی تێپەڕین و

لە یادیش چوونەوە

ئێستا دڕدۆنگ مەبە

ئێستاش تێدەپەڕێ.

•

**کاتێ گوتم: دڵم لە قوڕە**

**گاڵتەی پێکردم**

**چونکە دڵی ئەو لە ئاسنە..**

**بەو نزیکانە باران دەبارێ**

**دڵی من**

**گوڵدەگرێ و**

**دڵی ئەویش**

**ژەنگهەڵدێنێ.**

•

**ژیان بۆ ئەوانەیە**

**کە پارێزگارییان**

**لە منداڵیی خۆیان کرد و**

**سەریان بۆ لۆژیکی گەورەکان**

**کەچ نەکرد.**

•

با خەمت گەڕانبێ نەک گەیشتن.

•

ڕوودەدا کە من لە شوێنێ بم و

دڵیشم لە شوێنێکی دیکە.

•

ئەگەر داوات لە خوا کرد

بیرت ساغبێ و بحەسێیتەوە

ئەوە لات سەیر نەبێ

کە خەڵک جێیانهێشتی.

•

لەو کەسانە نزیکبە کە شادت دەکەن

تا هەست بکەیت هێشتا زیندوویت.

•

**ئەگەر رێککەوتی مرۆڤێکی حەقیقیتکرد**

**لە دەستیمەدە**

**رێمەدە هەرگیز لە ئاسۆی رۆحت ئاوابێ.**

•

**پێیگوت:**

**دڵ خۆی بۆ ئەوە لار دەکاتەوە**

**کە لە خۆی دەچێ.**

•

**دەتوانین**

**بە زوهد و رۆژوو**

**جەستەمان پاک بکەینەوە**

**بەڵام تەنیا خۆشەویستیی**

**دڵەکان پاک دەکاتەوە.**

•

**بە دوای خەڵکدا مەگەڕێ**

**خەڵک وەک دیاریی بۆت دێن**

**لە ڕێگای گەڕان بە دوای خۆتدا.**

- 

**لەوانە نزیک بکەوە**

**کە پەنجەرەیێ لە نوور**

**لە ڕۆحتدا ئاوەڵا دەکەن و**

**پێتدەڵێن:**

**تۆ دەتوانی**

**جیهان ڕووناک بکەیتەوە.**

- 

**سەرباری هەموو شتێ شادبە**

**وەک ئەوەی منداڵێکی بچووک بیت.**

- 

گرنگتر لە سەفەر و شوێنی سەفەر
ئەو ویژدانەیە کە لە ناختە
گۆڕینی شوێن چ سوودێکی هەیە
کە تۆ خۆت بیت.

•

لە نێوان واقیع و خەیاڵ
سنوورێ هەیە
من هی ئەوێم.

•

دوو شت
مانا بە ژیان دەبەخشن:
باوەڕت بە قەزیەک بێ و
کەسێکت خۆشبوێ.

•

**له مەرگ مەترسە**

**بەڵکو لە ژیانێکی بێژیان بترسە.**

•

**ئەو ژیانە قبوڵ مەکە**

**کە تێیدا هەست بە ژیان نەکەی.**

•

**دڵی شکاو**

**حەشارگەی گەنجینەیە.**

•

**بەبێ دەنگ**

**سڵاوم لێکردیت:**

**حاڵت چۆنە ئەی هەموو حاڵم؟**

•

پێویستیت بەوە نییە

بە دوای بەختەوەرییدا بگەڕێیت

بەختەوەریی خۆی دێ

ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونت

لە دڵتدا بۆی ئامادەکردبێ.

•

تۆ هەست بە تەنیایی دەکەیت

لەبەر ئەوەنا کە کەست لەگەڵدا نییە

بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە خۆت

لەگەڵ خۆتدا نیت.

•

بە خوێندنەوە فێردەبیت

بەڵام بە خۆشەویستیی تێدەگەیت.

•

دەبێ تێبگەیت کە تەمەن تەنیا ژمارەیە
تەمەن هەرگیز حەقیقەتی تۆ پێکناهێنێ
دەشێ منداڵێکی شەستساڵان بیت و
پیرێکی بیست ساڵانیش.


•

هەر شەوێک
مانگی خۆی هەیە
هەتا ئەو شەوەی کە لە ناخیشتدایە.

•

ئەی موسافیر گوڵ بکڕە
لەوانەیە لە ڕێگادا
کەسێ ببینی
شایەنی بەخشینی گوڵبێ.

•




# Arthur Schopenhauer

# ئارتور شۆپنهاوەر (1860_1788)

# فەیلەسوفی ئەڵمانی

**خۆپەرستیی**

**حوکمی جیهان دەکا.**

•

**خۆشەویستیی بەبێ دڵسۆزیی**

**باڵاخانەیەکە بەبێ بناغە.**

•

**دەبەنگ**

**ناتوانێ ببینێ.**

•

**هەر نەتەوەیێ**

**گاڵتە بە نەتەوەکانیتر دەکا و**

**هەمووشیان لەسەر حەقن.**

•

**تەنیایی**

**چارەنووسی**

**هەموو رۆحێکی گەورەیە.**

•

**بەهرەمەندیی**

**ئامانجێ دەپێکێ**

**کەس ناتوانێ ئاوا بیپێکێ**

**بەڵام بلیمەتیی**

**ئامانجێ دەپێکێ**

**کەس ناتوانێ هەرگیز بشیبینێ.**

•

**پێویست نییە شەرەف بە دەستبێنی**

**بەڵام پێویستە لە دەستی نەدەی.**

•

**مرۆڤی نەفس نزم**

**لەززەت لەوە دەبینێ**

**بە دوای هەڵەی**

**گەورەکاندا بگەڕێ.**

•

**سەختە هێمن بیت**

**ئەگەر شتێکت نەبێ بیکەیت.**

•

**برادەر و**

**ناسیار**

**گرێنترین رێگەن**

**بۆ بە دەستهێنانی**

**سامان.**

•

پزیشک

هەموو لاوازییەکانی

مرۆڤ دەبینێ و

پارێزەر

هەموو شەڕەکانی مرۆڤ و

پیاوی دینیش

هەموو دەبەنگییەکانی مرۆڤ.

•

رقلێبوونەوە لە دڵەوە هەڵدەقووڵێ و

تەحقیرکردنیش لە عەقڵەوە و

هەردووکیشیان

لە دەرەوەی

دەسەڵاتی

خۆماندایە.

•

هەر منداڵێکی گەمژە

دەتوانێ حەشەرەیەک بکوژێ

بەڵام هەموو زاناکانی زەمین

ناتوانن حەشەرەیەک درووست بکەن.

•

سەروەت وەک ئاوی دەریایە

هەرچەند زیاتری لێبخۆیتەوە

تێنووتر دەبی، ئەو قسەیە

لەسەر _ناوبانگیش_جێبەجێ دەبێ.

•

هەموو کارەساتەکانمان

سەرچاوەکەی پەیوەندیەکانمانە

بە ئەوانی دیکە.

•

ئەگەر شتێ قەلەقم نەکا،

ئەوە خۆی لە خۆیدا قەلەقییە.

•

باڵا بیر بکەیتەوە

دەبیتە مرۆڤێکی ناکۆمەڵایەتی.

•

خۆشەویستیی گوڵە

ژنیش دڕکەکەیەتی.

•

سەختە بەختەوەریی لە ناختدا بدۆزیتەوە

بەڵام موستەحیلە

لە شوێنێکیتردا بیدۆزیتەوە.

•

ئەوەی لەززەت لە گۆشەگیریی نەبا

حەزی لە ئازادیی نییە.

•

ئێمە واز لە سێ چارێگی خۆمان دێنین

تا وەک کەسانیترمان لێبێ.

•

رۆژنامەنووسان وەک سەگ وان

هەر شتێ بجوولێ دەست بە حەپین دەکەن.

•

ئەگەر مەلیک بووام

یەکەم بڕیارم ئەوە دەبوو:

بە تەنیا جێمبێڵن.

•

هەندێجار لەگەڵ ژن و پیاوان ئاوا دەدوێم

وەک چۆن کچێکی بچووک

لەگەڵ بووکەشووشەکەی دەدوێ،

ئەو دەزانێ بووکەشووشەکە لێی تێناگا

بەڵام دەیەوێ لە ڕێی خۆهەڵخەتاندێکی ئاگەدارانە

پەیوەندییێکی خۆش بۆ خۆی درووست بکا.

•

ئەی برادەر ئەو جیهانە ئومێدبڕە

هیچ خۆشییەکی گەورەی تێدا نییە

جگە لە خەو.

•

دوای مەرگت

وەک بەر لە دایکبوونت لێدێتەوە.

•

**کەمجار بیر**

**لەو شتانە دەکەینەوە**

**کە هەمانە**

**بەڵام هەمیشە**

**بیر لەو شتانە دەکەینەوە**

**کە نیمانە.**

•



**Baruch Spinoza**

**باروخ سپینۆزا (1677_1632)**

**فەیلەسوفی هۆڵەندی.**

تەرازووی مرۆڤ

دڵیەتی.

•

نەبوونی جەنگ

بە مانای ئاشتی نایە.

•

جەوهەری

مرۆڤ

ئارەزووە.

•

ئیرادە و ژیریی

دوو رووی یەک دراون.

•

ترس بەبێ ئومێد نابێ و

ئومێدیش بەبێ ترس.

•

ئەگەر دەتەوێ

ئێستات

لە رابردوو جیابێ

دیراسەی رابردوو بکە.

•

کەس بەقەد خۆبەزلزان

مەدح کاری لێناکا

ئەوانە ئارەزوویانە

لە یەکەمەکانبن

کەچی وا نین.

•

**ئەگەر ئارەزووی خەڵک بۆ بێدەنگیی**

**هەمان ئارەزووی خەڵک بووایە بۆ قسەکردن**

**ئەوە دنیا دەبووە شوێنێکی جوانتر.**

•

**باڵاترین چالاکی مرۆڤ**

**بە دەستهێنانی**

**فێربوونی تێگەیشتنە**

**چونکە تێگەیشتن**

**یانی ئازادیی.**

•

**ئەو مرۆڤانەی**

**کە سۆز حوکمیان دەکان**

**تەنیا یەک لایەنی هەڵوێست دەبینن.**

•



# Jean-Jacques Rousseau
# جان جاك رۆسۆ (1778_1712)
# فەیلەسوفی فڕەنسی

هیچ ئازادییێک بەبێ بەرپرسیارەتی

وجودی نییە.

•

بەرگەگرتن یەکەم شتە

پێویستە منداڵ فێربێ و

پێویسترین شتێکە پێویستییەتی بیزانێ.

•

بەر لەوەی ژن بێنم شەش تیۆرم هەبوو

بۆ پەروەردەکردنی منداڵ

بەڵام ئێستا شەش منداڵم هەیە و

هیچ تیۆرێکم بۆیان نییە.

•

**دڵ هەر هەمان دڵە**

**کە لە سینگی هەموو مرۆڤایەتی لێدەدا.**

•

**ئازادییێک لەگەڵ ترسناکیی**

**باشترە لە ئاشتییێک لەگەڵ کۆیلایەتییەوە.**

•

**باوکێک باشترە**

**لە دە بەخێوکەر.**

•

**ئەوەی ناتوانێ بە ئەرکی باوکایەتی هەستێ**

**حەقی نییە ژن بێنێ و منداڵ بنێتەوە.**

•

ژن بوونەوەرێکی

پرچ درێژی

بیر کورتە.

•

ئەو پارەیەی لە دەستە

وەسیلەییێکە بۆ ئازادیی

بەڵام ئەو پارەیەی

کە هەوڵی بۆ دەدەی

رێگەیەکە بەرەو کۆیلایەتی.

•

کاتێ لەو جیهانەدا زوڵم دەبینم

باوەڕ دێنم کە دۆزەخێک هەیە

چاوەڕوانی ئەو جۆرە کەسانە دەکا.

•

هەژار گەدەیەکی بچووکتری نییە

لە دەوڵەمەند و دەوڵەمەندیش

گەدەیەکی گەورەتری نییە لە هەژار.

•

ئەو کەسانەی کەم دەزانن

زۆر قسە دەکەن و

ئەوانەیش کە زۆر دەزانن

کەم قسە دەکەن.

•

ئەو مرۆڤەی لەسەرخۆ بەڵێن دەدا

زیاتر جێی باوەڕە

بۆ جێبەجێ کردنی

بەڵێنەکەی.

•

مرۆڤ بە ئازادیی لە دایکدەبێ
کەچی لە هەموو شوێنێ
بە کۆت و پێوەند دەورەدراوە.

•

چاکەکاریی حاڵەتی جەنگە و
تا بتوانین لەگەڵی هەڵبکەین
دەبێ هەمیشە لەگەڵ خۆمان
لە جەنگدابین.

•

پیاوان بە بێ ژن
ژیانێکی باشتر دەژین
بەڵام ژنان ناتوانن
بەبێ پیاو ژیانێکی باشتر بژین.

•

بیری فەلسەفی پڕبووە لە شتی پڕوپووچ

ئەگەر جوانکارییەکانی زمانی لێبکەیتەوە

مرۆڤ شەرمی لێدەکا.

•

بێنە بەرچاوت

جوانترین شتەکانی ژیان

کەمترین سوودیان هەیە

بۆ نمونە: تاووس و گوڵ.

•

یاسا باشەکان

یاسای باشتر دێننە کایەوە و

یاسا خراپەکانیش

یاسای خراپتر.

•

ژن دەژی

تا بە خۆشەویستیی دڵخۆشبێ و

پیاو خۆشەویستیی دەکا

تا بە ژیان دڵخۆشبێ.

•

بەڵانسی دیموکراتییەتی راستەقینە

لە سندووقەکانی هەڵبژاردندا نییە

بەڵکو لە هۆشیاریی خەڵکدایە.

•

لەوانەیە ژنێک

لە زوڵم و

توندوتیژیی بتبەخشێ

بەڵام لە گرنگی پێنەدانی ناتبەخشێ.

•

میانڕەویی و کار

دوو باشترین

پزیشکی مرۆڤن.

•

ژمارەیەکی کەمم

لە خەڵکی شەریف بدێ

سوپاییێک دزت بۆ تێکدەشکێنم.

•

بێدەنگیی

هەمیشە مرۆڤ

بەرەو خەم دەبا

چونکە وێنەیەکە

لە وێنەکانی مەرگ.

•

مرۆڤ بە پاکیی لە دایکدەبێ
بەڵام کۆمەڵگە پیسی دەکا.

•

هەر لەبەر ئەوەی
هەموو هاوڕێکانت
شوویانکردوە
شوو مەکە
تەنیا ئەو کاتە شوو بکە
کە هەست دەکەی خۆشتدەوێ
ئەو کاتەی هەست دەکەی
باشترین هاوڕێت دۆزیتەوە،
ئەو کاتەی کەسێ دەدۆزییەوە
کە وا دەکا تا ئەبەد
بزە بکەیت.

•

بوونی کەسانی خۆشەویست

توانایيت زیاد دەکا

بۆ بەرگەگرتنی

سەختییەکانی ژیان.

•

هێز

کۆیلە سەرەتاییەکانی

درووستکرد و

ترسیش بەردەوامیی پێدا.

•

ئەگەر تاوانکار

دەرفەتی دزیی نەبوو

پێیوایە شەریفە.

•

خراپ بە کارهێنانی کتێب

زانست دەکوژێ.

•

ئەگەر خراپەیان لەگەڵ کردی

بیر لە بەهێزترین رەد مەکەوە

بەڵکو بیر لە باشترین رەد بکەوە

رەوشتی باڵا

شتێکی نایابە.

•

پیاوەکان سەبارەت بەو کارانەی

ئەنجامی دەدەن قسە دەکەن و

ژنانیش سەبارەت بەو شتانەی

کە خۆشییان بۆ دێنن.

•

هەستت بەرانبەر ئەو کەسەی
کە لە دڵەوە خۆشتدەوێ ناگۆڕێ
هەتا ئەگەر هەڵەکانیشی زۆربن.
•

دەنگی خۆشەویستیی لای ژن
لە دەنگی ویژدان بەهێزترە.
•

ئەو ژنەی گاڵتەی
بە خۆشەویستیی دێ
لەو منداڵانە دەچێ
کە شەوان کاتێ هەست
بە ترس دەکەن
گۆرانی دەڵێن.
•

سەبر تاڵە

بەڵام بەرهەمەکەی

شیرینە

•

بیرکردنەوەی گەورە

سەخت دەبێ

کاتێ کەسێ

جگە لە دەستکەوتی ماددی

بیر لە هیچی دیکە

ناکاتەوە.

•




**Napoleon Bonaparte**

**ناپلیۆن بۆناپارت (1821_1769)**

**ئیمپراتۆری فڕەنسا**

هەر کێی قوتابخانەیەک بکاتەوە

زیندانێک دادەخا.

•

ستوونی هێز لە دنیادا دوو شتن:

شمشێر و قەڵەم

شمشێر تەنیا لەو کاتەدا هی منە

بەڵام قەڵەم هەموو کاتەکان..

لەگەڵ زەمەندا

شمشێر ناپەسەند و

دۆڕاو دەمێنێتەوە و

قەڵەمیش براوە و خۆشەویست.

•

رابەر.. بازرگانی ئومێدە.

•

هونەری جارێک ئازابوون و

جارێک وریابوون، هونەری سەرکەوتنە.

•

ئەو پیاوەی ژنەکەی حوکمی دەکا

نە پیاوە و نە ژن، هیچ نییە.

•

لە جەنگیش وەک خۆشەویستیی

بۆ ئەوەی کارەکە کۆتایی پێبێ

پێویست بە دیداری راستەوخۆ دەکا.

•

هەژاریی و حیرمان قوتابخانەی سەربازیی باشن.

•

دەتوانی بە دەرزی

بیرێک هەڵکەنی.

•

ئەو پیاوەی بۆ بردنەوە

پەیمانی لەگەڵ نییەت بەستبێ

هەرگیز وشەی مەحاڵ نادرکێنێ.

•

روونبێژی وتاربێژ، سەرکەوتنە.

•

ستوونی جەنگ سێ شتە:

پارە و پارە و پارە.

•

**باشرین ڕێگە**

**بۆ پابەندبوون بە بەڵێن ئەوەیە: بەڵێن نەدەیت.**

•

**لە شۆڕشدا دوو جۆر خەڵک هەن**

**هەندێکیان شۆڕش دەکەن و**

**هەندێکیان سوودی لێدەبینن.**

•

**تاکە سەرکەوتن لە خۆشەویستییدا ڕاکردنە.**

•

**ئەو جەنەڕاڵەی بە چاوی ئەوانی دیکە دەبینێ**

**ناتوانێ وڵات بەڕێوە ببا.**

•

ئەزموون

حیکمەتی راستەقینەیە

بۆ گەلان.

•

مێژوو

دارشتنەوەی

رووداوەکانی رابردووە

بەو شێوەیەی

کە خەڵک لەسەری رێککەوتوون.

•

وشەی مەحاڵ

تەنیا لە فەرهەنگی

بێهێزەکاندا هەیە.

•

یەک ترسنۆک لە سوپای مندا

ترسی زیاترە لە دە کەسی ئازا

لە سوپای دوژمندا.

•

کاتێکی تەواو بۆ پلاندانان دانێ

بەڵام کاتێ کاتی کارکردن دێ

واز لە بیرکردنەوە بێنە و

دەستبکە بە جێبەجێکردنی پلانەکە.

•

جوانترین

ژنی

ئەو دنیایە

ئەو ژنەیە کە خۆشتدەوێ.

•

ئەو کەسەی نیشتمان دەفرۆشێ و

خیانەت دەکا وەک ئەو کەسە وایە

کە پارە لە باوکی دەدزێ و دەیداتە دزان

جا نە باوکی دەیبەخشێ و

نە دزەکانیش پاداشتی دەکەن.

•

مەرگ هیچ نییە

بەڵام ئەوەی بە دۆڕاوی و زەلیلی بژی

هەموو رۆژ دەمرێ.

•

لەوانەیە میللەتی مەزن

لەناو بچووێندرێ

بەڵام ناترسێندرێ.

•

**سەرباز کاتێکی زۆر و**

**بە باشیش دەجەنگێ**

**لە پێناو ملپێچێکی رەنگاوڕەنگ.**

•

**باشترین خاسیەتی رابەر ئەعساب ساردییە.**

•

**خەیاڵ حوکمی دنیا دەکا.**

•

**درۆ بە کەلک هیچ نایە**

**چونکە تەنیا یەکجار دەتوانێ**

**خەڵک لە خشتە ببا.**

•

**یەکێ بزانێ ستایش چۆن دەکرێ**

**دەشزانێ چۆن جنێو دەدرێ.**

•

**لە سیاسەتدا شتی نامەنتقی نابێتە کۆسپ.**

•

**لە کاتی پێویستدا دەزانم**

**چۆن لە پێستی شێر بێمەدەر و**

**بچمە نێو پێستی رێوی.**

•

**ئازایەتی راستەقینە**

**ئازایەتی سێی بەیانییە.**

•

لە سێ رۆژنامە زیاتر دەترسم

لەوەی لە سەد هەزار حەربە.

•

دەبێ دڵی پیاوی دەوڵەت

لە سەریدابێ.

•

سەرچاوەی ئازایەتی

بیرکردنەوەیە.

•

دین رێگرە لەبەردەم ئەوەی نەهڵێ

هەژارەکان دەوڵەمەندەکان بکوژن.

•

**کاتێ قەدەرم تەواو دەبێ**

**کزەبایێ**

**یا پووشێ**

**دەتوانێ بمشکێنێ.**

•

**هیچ شتێ**

**لە ژێر خۆردا**

**مەحاڵ نییە.**

•

**ئیرادەی بەهێز**

**مەوداکان**

**کورت دەکاتەوە.**

•

من خۆم، خۆم دەخەمە ناوەڕاستی گێژاو
ئینجا بیر لە ڕێگاچارەکان دەکەمەوە.

•

سوپاییێک لە بزنەکێوی
کە شێرێک رابەرایەتی بکا
باشترە
لە سوپاییێک شێر
کە بزنەکێوییێک رابەرایەتی بکا.

•

یەکێ کە تەنیا بۆ ناوبانگ
چاکە بکا
لە خراپەکاریی نزیکترە.

•

**رێگەیەکی دڵنیاکەرەوە**

**بۆ ئەوەی هەر بە هەژاری بمێنییتەوە دەستپاکییە.**

•

**پیاو هەر گەنج دەمێنێتەوە**

**مادەم هێشتا ژنێک هەیە خۆشیبوێ و خۆشیدەوێ.**

•

**لە هەموو ئەو شتانە دوورکەوە**

**کە میزاجی باشت تێکدەدەن.**

•

**مێژوو کۆمەڵە درۆیێکە**

**خەڵک لەسەری رێککەوتوون.**

•

له هەموو مەیدانەکان جەنگام و سەرکەوتم

بەڵام هەستم بە لەززەتی سەرکەوتن نەکرد

ئەو کاتە نەبێ کە بەسەر خۆمدا سەرکەوتم.

•

یەکەمجار

سەربازەکانم

تێر دەکەم

ئینجا دەست بە جەنگ دەکەم.

•

ئاخ بۆ جیهان

کاتێ بەربەرییەتی

دیموکراتی ئەمەریکی

دەبێتە سەروەری جیهان.

•

مێژوو ئەفسانەیە و

خەڵکیش باوەڕی پێدەکا.

•

کاتێ دوو کەس

تەماشای یەک ئاراستە دەکەن

بە مانای ئەوە نایە

یەکتریان

خۆشدەوێ.

•

لە کوێریی ترسناکتر ئەوەیە

لەناو کۆمەڵگەیەکدا بیت

تۆ بە تەنیا ببینیت.

•

**گەلی ئازاد ئەو حکومەتە قبووڵ ناکا**

**کە لەلایەن بیانییانەوە پارێزگاریی لێدەکرێ.**

•

**کاتێ گەلان لە سکاڵاکردن دەوەستن**

**یانی لە بیرکردنەوە دەوەستن.**

•

**خەڵک لە ترسی بەزین، دەبەزن.**

•

**سەربازەکان**

**لە جەنگدا سەردەکەون و**

**سەرکردەکان بەروبوومەکەی لێدەکەنەوە.**

•

**زەمەن تەنیا**

**بە جوانیی رۆح ناوێرێ.**

•

**هیچ لەوە ئاسانتر نییە**

**لە دووری مەیدانی جەنگ دانیشیت و**

**باسی ئازایەتیی بکەیت.**

•

**هەندێ دز هەن کەس سزایان نادا**

**ئەوانەی کاتت لێدەدزن.**

•

**باشترین چارەسەر بۆ جەستە زەینێکی ئارامە.**

•

هێرشکردن

باشترین وەسیلەیە  بۆ بەرگریکردن.

•

ترسناکترین کاتەکان کاتەکانی سەرکەوتنە.

•

ئەگەر دیتت دوژمنەکانت هەڵە دەکەن

هێرشیان مەکە سەر.

•

ئەی هاونیشتمانیان

ئەو پەرلەمانتارانە فڕێدەنە دەرەوە

فڕێیاندەنە نێو زبڵدان.


•

من لە دەنگی قەڵەم

زیاتر دەترسم

لەوەی لە دەنگی تۆپ.

•



# Thomas Carlyle

# تۆماس کارلیل (1795_1881)

# فەیلەسوف نووسەری سکۆتلەندی

**هەر کێی تەندرووستییێکی باشی هەبێ**

**ئومێدی دەبێ و**

**هەر کەسێکیش ئومێدی هەبێ**

**هەموو شتێکی هەیە.**

•

**جوانە مرۆڤ**

**لە پێناوی نیشتمانیدا بمرێ**

**بەڵام جوانترە لە پێناو ئەو نیشتمانەدا بژیێ.**

•

**مێژووی جیهان**

**هیچ شتێ نییە**

**جگە لە بیۆگرافیای پیاوە مەزنەکان.**

•

بەهرەدار خاڵی سەرەکیی دەبینێ و
هەموو خاڵەکانی دیکە
بە زیادە دەبینێ.

•

رای گشتیی گەورەترین درۆیە لە مێژوودا.

•

هەرچی بەبێ هەوڵ و نرخ
بەدەستبێ قیمەتی نییە.

•

لە کتێبەکاندا رۆحی
هەموو زەمەنەکانی رابردوو هەیە.

•

گەورەیی

پیاوی گەورە

لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنی

لەگەڵ خەڵکی سادە دەردەکەوێ.

•

ئازادیی راستەقینە یانی

توانای زاڵبوون

بەسەر رێکخستنی ئەعساب.

•

هەوڵدە

ئەو نیعمەتە ئاسمانییە

لە دەستنەدەی

کە ناوی ویژدانە.

•

**هەمیشە**

**خۆشەویستیی**

**سەرەتای مەعریفەیە**

**وەکچۆن ئاگر سەرەتای نوورە.**

**•**

**بە رەهایی**

**هەموو زانکۆکان**

**گوزارشتن لە کۆمەڵە کتێبێک.**

**•**

**دڵی**

**خۆشەویست**

**سەرەتای**

**هەموو مەعریفەییێکە.**

**•**

هەرچەند زەمەن

بەسەر خۆشەویستیی راستەقینەدا تێبپەڕێ

لە دەروونماندا قووڵتر دەبێ.

•

چاوە کزەکان

زیاتر شتی بریقەداریان

خۆشتردەوێ.

•

گەورەترین هەڵە ئەوەیە

کەسێک

درک

بە هەڵەکانی خۆی

نەکا.

•

بلیمەتیی ئامادەباشییەکی بێسنووورە

لە پێناو بەرگەگرتنی

هەموو ئازارەکان.

•

ئاواتمە لە هیلاکییدا بمرم نەک لە وەڕسیی.

•

نهێنیی رەگەزێکە لە شێوەکانی خێر،

تەماشاکە هەتا چاکە و جوانییش ئاڵۆزن.

•

ئەستێرە نادرەوشێتەوە

تا ئەو کاتەی تەواو تاریک دانێ.

•

ئەگەر فریشتە زمانی هەبووایە

بێگومان زمانەکەی مۆسیقا دەبوو.

•

باشترین دیاریی

بۆ مرۆڤ

خۆشەویستییێکی راستگۆیانەیە.

•

مێژوو بۆمان دەردەخا

زۆرینەی ئەوانەی

کاری مەزنیان

ئەنجامداوە

ژیانی خۆیان لە گۆشەگیرییدا

بەسەر بردووە.

•

**خۆت پاککە، جا دڵنیا دەبیت**

**کە لە ژمارەی مرۆڤە پیسەکانی**

**دنیا دانەیەکی لێ کەمبووە.**

•

**هیچ کۆت و زنجیر و**

**هێزێکی دەرەکی لە هەر جۆرێک ناتوانن**

**کفر**

**یا ئیمان**

**بەسەر رۆحدا بسەپێنن.**

•

**بێدەنگیی**

**پاراوترە**

**لە قسەکردن.**

•

جەنگ ناکۆکییێکە

لەنێوان دوو دزی تا ئاستێ ترسنۆک

کە ناوێرن بچنە نێو جەنگەکانیانەوە.

•

مرۆڤی بێئامانج

وەک کەشتییێکی بێ سوکان وایە

هەردووکیان

لەسەر بەردەکان کۆتاییان پێدێ.

•

گرنگترین دیاردەکانی

بێهێزیی ئەوەیە

بەرانبەر هەموو شتێ

بێ ویژدان بیت.

•

**هیچ تاجێک**

**بەبێ سەرکەوتن**

**وجودی نییە و**

**هیچ سەرکەوتنێک**


**بەبێ جەنگ وجودی نییە و**

**هیچ جەنگێکیش**

**بەبێ دوژمن**

**وجودی نییە.**

•



**Karl Marx**

**کارل مارکس (1818_1883)**

**فەیلەسوفی ئەڵمانی.**

مێژووی پیشەسازیی

کتێبێکی کراوەیە

بۆ تواناکانی مرۆڤ.

•

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی

بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی

رەگەزێ مێ هەڵدەسەنگێندرێ.

•

مێژووی

مرۆڤایەتی

مێژووی گەڕانە

بە دوای خۆراک.

•

**تاکە دەرمانی عەزابی دەروونیی**

**ئازاردانی جەستەیە.**

•

**فەیلەسوفەکان بە شێوازی جۆراوجۆر**

**جیهانیان تەفسیر کردووە**

**ئێستا کاتی گۆڕینیەتی.**

•

**کرێکاران نیشتمانیان نییە.**

•

**هەتا ئێستا مێژووی هەر کۆمەڵگەیەک**

**مێژووی ململانێی چینایەتییە.**

•

لەناو خێزاندا

پیاو بۆرژوازییە

ژنیش رۆڵی پرۆلیتاریا دەبینێ.

•

تەنیا یەک رێگە هەیە

بۆ کووشتنی سەرمایەداریی:

باج و باج و

باجی زیاتر.

•

بیرۆکە

ئەو کاتە بەهێز دەبێ

کاتێ دەست بەسەر جەماوەردا

دەگرێ.

•

**هۆشیاریی**

**وجودی خەڵک**

**دەستنیشان ناکا**

**بەڵکو وجودی کۆمەڵایەتی**

**هۆشیارییان دەستنیشان دەکا.**

•

**ئەوەی مێژوو ناناسێ**

**مەحکومە دەبێ دووبارەی بکاتەوە.**

•

**رادیکاڵبوون یانی**

**تێگەیشتن لە رەگی شتەکان و**

**رەگی پیاویش**

**پیاو خۆیەتی.**

•

بە تەنیا تەفسیرکردنی جیهان بەس نییە
بەڵکو دەبێ بگۆڕدرێ.

•

کۆبوونەوەی سەروەت
لە جەمسەرێکی کۆمەڵگە
هەژاریی و نەداری
لە جەمسەرێکی دیکەی کۆمەڵگە
کۆدەکاتەوە.

•

ئەزموونەکان سەلماندویانە ئ
ەوکەسانە بەختەوەرن
کە کەسانی زۆریان
بەختەوەر کردووە.

•

هەژاریی شۆڕش هەڵناگیرسێنێ

بەڵکو هۆشیاریی هەژاریی

شۆڕش هەڵدەگیرسێنێ

ستەمکار ئەرکییەتی هەژارت بکا و

گەورەی ستەمکارانیش

ئەرکییەتی ناهۆشیارت بکا.

•

لەسەر نووسەر پێویستە

کەمێک پارە کۆبکاتەوە

بۆ ئەوەی بژیت و

لە نووسین بەردەوامبێ

بەڵام نابێ

بژی و بنووسێ

بۆ کۆکردنەوەی پارەی زیاتر.

•

بەرهەمهێنانی شتگەلێکی
زۆری بەسوود وادەکا
کەسانێکێ زۆری بێسوود بێتە بەرهەم.
•

ئەگەر دەتەوێ پڕوپووچ بیت
هیچ مەکە تەنیا پشتت
لە خەمی ئەوانی دیکە بکە.
•

بۆ زانینی ئاستی پێشکەوتن و
دواکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەک
پێویست نییە هیچ بکەیت
جگە لە زانینی مەکانەتی ژن
لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا.
•

لەوانەیە دەوڵەمەندەکان

هەموو شتێ لە پێناو هەژاراندا بکەن

جگە لە ئازادکردنیان

لە کۆت و پێوەند.

•

دەشێ نووسەران

وەک بووقێکی بیستراو خزمەتی

بزاوتی مێژوو بکەن

بەڵام بێگومان ناتوانن درووستیکەن.

•

مێژوو جاری یەکەم

وەک تراژیدیا و جاری دووەم

وەک گاڵتەجاڕ خۆی دووبارە دەکاتەوە.

•

هیچ شتێ بەهای نابێ

بەبێ پەیوەستبوون بە سوودێکەوە.

•

شۆڕشەکان

شەمەندەفەرەکانی مێژوون.

•

پێویستە کۆیلەکانی دنیا یەکگرن

ئەو کات جگە لە کۆت و پێوەندیان

هیچ شتێکی دیکە نادۆڕێنن.

•

دین ئەفیونی گەلانە.

•

**هەموو شۆڕشەکان تا ئێستا**

**یەک شتیان سەلماندووە**

**ئەویش ئەوەیە**

**کە هەموو شت دەگۆڕێ**

**جگە لە مرۆڤ.**

•

**هەر کەسێ شتێ لە مێژوو بزانێ**

**دەزانێ کە گۆڕانکاریی**

**گەورەی کۆمەڵایەتی**

**بەبێ شۆڕشی ژنان موستەحیلە.**

•



# Sigmund Freud

# زیگموند فرۆید (1856_1939)

# زانای دەروونناسی نەمساوی

زۆرینەی خەڵک

بە راستی ئازادییان ناوێ

چونکە ئازادیی بەرپرسیارییەتییە و

زۆرینەی خەڵکیش لە بەرپرسیارەتی دەترسن.

•

ئێمە زیاتر دەمانەوێ رێ لە ئازار بگرین

لەوەی بەختەوەریی بدۆزینەوە.

•

تەفسیری خەون رێگەیەکی مەلەکییە

بۆ زانینی چالاکییەکانی

نائاگایی عەقڵ.

•

زۆرترینجار خەون

لەوپەڕی قووڵییدایە

کاتێ لەوپەڕی شێتایەتییدایە.

•

خەون جگە لە دووکەڵکێشێک

کە پاشماوەکانی رۆح و

ئارەزووە کپووەکانی لێدێتەدەر

هیچ شتێکی دیکە نییە.

•

مرۆڤ

زۆر ئازا دەبێ

کاتێ دڵنیا دەبێ

کە خۆشەویستە.

•

شارستانییەت ئازادیی تاکی نەبەخشیوە
ئازادیی تاک بەر لە درووستبوونی
هەر شارستانیەتێک لەوپەڕیدابوو.

•

دەتوانین بەرهەڵستیی هێرش و ڕەخنە بکەین
بەڵام بەرانبەر ستایش بێدەسەڵاتین.

•

خەون و ئومێد بەبێ کارکردن بە فیڕۆدانی کاتە.

•

ئەوەی بە لۆژیک جێیدێڵین
پێویست ناکا بە عاتیفە بگەڕێینەوە سەری.

•

کار و خۆشەویستیی

ستوونی مرۆڤایەتین.

•

ئەو بەشەی هەستت

کە هەوڵدەدەی بیشاریتەوە

بەشێکی حەقیقییە لە تۆدا.

•

گرێی دەروونی

لە شۆکی عاتفییەوە دەڕوێ و

دواتر مرۆڤ

هۆکاری شۆکەکە لەبیر دەکا و

گرێیەکەش بە زیندوویەتی

لە دەروونیدا دەمێنێتەوە.

•

تەماشاکردنی گوڵ خۆشە،

چونکە گوڵ

نە عاتیفەیان هەیە و

نە ململانێ.

•

هیچ شتێ وەک ئازار

خەڵک ناگۆڕێ.

•

هۆکارەکانی کەبتی رۆحی

یاخیبوون و هەڵچوون و شۆڕش

لە مرۆڤدا دژ بە नامووسی ژیان

دەخولقێنێ و دواتر بەرەو

رووخانێکی کامڵ و خۆکووشتنی دەبا.

•

ئەگەر  یەکێکیت لەوانەی

کە بە دڵێکی

بێ رق و کینە بەرانبەر خەڵک

سەر دەخەیە سەر سەرین

ئەوە تۆ بەختەوەرترین کەسی.

•

یەکێ جارێك

ئازارتبدا

هەزار جاریتر

ئازارتدەدا.

•

حەقیقەت لە هەڵەی زمان

دەردەکەوێ.

•

هەموو عەقڵێک سنوور و توانایەکی هەیە

بۆ بەرگەگرتنی شۆکەکان

ئەگەر شۆک سنووری بەزاند

توانایی لەناو دەچێ.

•

بەردەوامیی لە پەیوەندییەکان

پێویستیی بە هەندێ خۆشەویستیی و گرنگیدان و

پانتاییێک لە متمانە هەیە.

•

چ جوانە برادەرێکت هەبێ

بۆچوونی لە بۆچوونی تۆ جیابێ

چونکە راستگۆیانە

گرنگی بە بەرژەوەندی تۆ دەدا.

•

هەندێجار ناچارین بڕیاری هەڵە بدەین

بۆ ئەوەی رێ لە شتی خراپتر بگرین.

•

کاتێ کەسێکی زۆر هەستیار دەبینی

ئەوە بزانە زیاتر لە تواناى خۆی

هەست بە ئازار دەکا.

•

شارستانییەت

ئەو کاتە دەستیپێکرد

کاتێ بۆ یەکەمجار

پیاوێک لە تووڕەییدا

لە جیاتی ئەوەی بەرد بهاوێژێ

وشەیەکی دەربڕی.

•

لە ژیاندا بەختەوەرییمان

لە کەسانی دیکەوە بۆ نایە

بەڵکو دەکەوێتە سەر ئەو توانایەی

کە ئێمە هەمانە بۆ بە خەبەرهێنانی

بەختەوەریی لەنێو خۆماندا.

•

ئەگەر خۆت هەڵنەبژێری کە چیتدەوێ لە ژیاندا

ئەوە کەسێکی دیکە بۆت هەڵدەبژێرێ.

•

حەزکردن لە عیلاج و ترس لە عیلاج

دوو بیرۆکەی دژیەکن و لە ململانێدان

ئەو ململانێیە نەخۆش  دەخەنە ژێر هەژانێکی

توندی دەروونی.

•

گلەیی لەوانی دیکە مەکە

لەسەر خراپەکانیان

گلەیی لە خۆت بکە

کە هێشتا بیر لە شتێ دەکەیتەوە

شیاوی بیر لێکردنەوە نییە.

•

زۆرجار خۆشەویستیی و رق

لە یەک کاتدا بەرەو یەک بابەت

رێگە دەگرنەبەر.

•

کۆئەندامی بەرگریمان

دەکەوێتە لاوازترین دۆخ

کاتێ خۆشەویستیی دەکەین.

•

مەشقێکی چاکە

کە مرۆڤ

بە تەواوی لەگەڵ خۆیدا

ڕاستگۆ بێت.

•

نەبوونی کاتی بەتاڵ

دژێکی چالاکە

بۆ زێدە بیرکردنە.

•

بۆ ئەوەی بۆچوونێکی باشت هەبێ

گوێ لە هەمووان بگرە و

جا بۆچوونت

لەسەر بڕیاری خۆت بنیاد بنێ.

•

پرسیارێکی گەورە

کە هەرگیز وەڵامی نەدراوەتەوە و

منیش سەرباری ئەوەی سی ساڵ

لە دەروونی ژن بە دوایدا گەڕام و

نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە ئەوەیە:

ژن چیدەوێ؟

•

کە تۆ لە قسەکردنتدا

لە بارەی ئازارەوە نوقم بوویبیت

هەرگیز ناتوانی بەختەوەریی بدۆزیتەوە

•

بە هەڵەکردنی یەک لە دوای یەک

دەگەینە حەقیقەتی تەواو.

•

**هیچ کەس ناتوانێ چێژ رەفزکا**

**هەتا ئاینەکانیش کە داوات لێدەکەن**

**واز لە چێژ بێنیت**

**ئەوە بەڵێنی چێژی خۆشتر و**

**باشترت پێدەدەن لە جیهانێکیتردا.**

•

**ئەگەر لە دەوروبەرت شەرمەزار بوویت**

**تەنیا عاتیفە لە دڵتدا**

**بۆ خۆشویستنی خۆت نوێکەوە.**

•

**یەکێ لەو شتانەی دەروون هیلاک دەکا ئەوەیە**

**خوو بە کەسێکەوە**

**بگریت کە شایستە نییە.**

•

**زۆر کەس ئازادیی بە یاخیبوون و**

**دەرچوون لە بازنەی رەوشت دادەنێن**

**کەچی ئازادیی پانتاییێکە لە متمانە و دەدرێتە خود.**

•

**زۆرجار کەسانی هەستیار توانایان نییە**

**گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن**

**بۆیە لایان باشترە بگەڕێنەوە نێو بێدەنگیی.**

•

**بەر لەوەی بڕیار بدەیت**

**کە تووشی خەمۆکیی دەروونی و**

**نائومێدی هاتوویت**

**تەئکید بکەوە بزانە**

**بە خەڵکی دەبەنگ دەورە نەدراوی.**

•

**پیاوێک کە ژنانی زۆری خۆشدەوێ**

**ژن دەناسێ**

**بەڵام پیاوێک کە یەک ژنی خۆشدەوێ**

**خۆشەویستیی دەناسێ.**

•

**وەکچۆن ناکرێ ئیمان بەسەر کەسێکدا بسەپێنی**

**هەر ئاواش ناکرێ بێئیمانی**

**بەسەر کەسێکدا بسەپێنی.**

•

**زێدە بیرکردنەوە لە هەندێ شتی پڕوپووچ**

**ئەو شتانە گرنگ دەکا**

**کەچی ئەو شتانە هی ئەوەن**

**تەنیا سەیرێکی خێرایان بکەیت و هیچیتر.**

•

هەموو شێوەکانی ژیان

هەمان ئامانجیان هەیە:

مەرگ.

•

جوانیی

بە زۆر شێوەی جیا جیا لە دایکدەبێ

تەنیا گۆشەکەت بگۆڕە

لە هەموو شوێنێ دەیبینی.

•

فشاری دەروونی

مرۆڤ لە شادییەوە دەگۆڕێ

بۆ کوتلەیەک

لە بێدەنگیی.

•

دۆستۆیڤسکی

یەکەم مرۆڤە

کە بیرۆکەی لەسەر ئێمە بە ئێمەدا.

•

ئەگەر شۆکی زۆر

کاریگەری بەهێزیان نەبوو

ئەوە دەبێتە کارەساتی دەروونیی

تەفسیریش بۆ ئەو کارەساتە ئەوەیە

عەقڵ نەیتوانیوە بەرگەی ئەو بارە گرانە بگرێ و

لە ژێر ئەو فشارە توونددا داڕووخاوە.

•

هەستە شاراوەکان

هەرگیز نامرن،

•



**Friedrich Nietzsche**

**فریدریش نیتچشه 1844_1900**

**فەیلەسوف و نووسەر و**

**شاعیری ئەڵمانی.**

**لەنێو هەموو ئەو شتانەی نووسراون**

**تەنیا ئەو نووسینانەم خۆشدەوێ**

**کە مرۆڤ بە خوێنی خۆی نووسیویەتی.**

•

**تەنیایی هیچ ناچێنێ**

**بەڵکو وا لە شتەکان دەکا پێبگەن.**

•

**سەختە شتی گەورە ئەنجام بدەیت**

**سەختتر ئەوەیە بەڕێوەیان ببەیت.**

•

**ترس**

**باوکی ئەخلاقە.**

•

**لەبیرکردنی ئامانج**

**بەربڵاوترین جۆری دەبەنگییە.**

•

**ئەوەی لەگەڵ وەحش لە ململانێدابێ**

**دەبێ ئاگاداربێ نەبێتە وەحش.**

•

**سەختە رەئیەکانی خۆمم بێتەوە یاد**

**بەبێ بیرهاتنەوەی**

**ئەو هۆکارانەی کە وایانلێکردم بیلێم.**

•

**زۆر قسەکردن لەبارەی شتێکەوە**

**وەسیلەییێکە بۆ شاردنەوەی شتێک.**

•

ئەو ڕۆژگارە
تەنیا مۆسیقای نەخۆش
پارە کۆدەکاتەوە.
•

ئەوە بێزارم ناکا
کە درۆت لەگەڵ کردووم
بەڵکو ئەوە بێزارم دەکا
کە ئیدی ناتوانم باوەڕت پێبکەم.
•

هونەرمان
داهێنا
تا لەبەر حەقیقەت
نەمرین.
•

شەرمەزاریی..

شەرمەزاریی..

شەرمەزاریی..

ئەوەیە مێژووی ئینسان.

•

دەنگی جوانیی

بە چرپەوە دەدوێ:

ئەو تەنیا دەچێتە

نێو رۆحە ئاگەدارەکان.

•

چ گەورەییەک

لە مرۆڤدا هەیە

کە خۆی پردە نەک ئامانج؟

•

ئەوەی ناتوانێ شت پیرۆز بکا

دەبێ فێربێ چۆن لەعنەتی لێبکا.

•

هەمیشە جۆرێک شێتایەتی

لە خۆشەویستییدا هەیە و

هەروەها جۆرێکیش عەقڵ

لە شێتایەتیدا.

•

تەنیایی هەندێ کەس

راکردنی نەخۆشانەیە و

تەنیایی بەشێکیتر

هەڵاتنە

لە نەخۆشان.

•

ئازادیی

جۆرێك ئارەزووكردنە

تا ببیت بە بەرپرسی خۆت.

•

حەقیقەت هیچ شتێ نییە

جگە لە سوپاییێکی جوولاو

لە مەجازی زمانەوانی.

•

کەسێ کە بە جەنگان

لەگەڵ دوژمنێ بژیێ

وایلێدێ بەرژەوەندی دەبێ

لە مانەوەی ئەو دوژمنەی

بە زیندوویەتی.

•

بیرمەند کەسێکە بتوانێ

شتەکان سادەتر بکاتەوە

لەوەی کە هەیە.

•

ئێمە ژیانمان خۆشدەوێ

لەبەر ئەوە نییە

کە خوومان

بە ژیانەوە گرتووە

بەڵکو خوومان

بە خۆشویستنی ژیانەوە گرتووە.

•

هیچ کات بە تەواوی راستگۆ نین

تەنیا لە کاتی خەون بینینمان نەبێ.

•

بریا ئەو پیاوە گەورەیە

وازی لە گەورایەتی هێنابا

تا جوانیی تێیدا دەرکەوتبووا.

•

بیرەوەریی

نەخشێکە

لەسەر گۆڕی عاتیفە.

•

کەوتووەکان

پێویستییان

بە درۆیە

ئەوە تاکە مەرجی

مانەوەیانە.

•

کەسێ کە وەک مێگەل

سەیری خەڵک بکا و

دواتر دەرفەتی بۆ هەڵکەوێ و رابکا

بە دڵنیاییەوە ئەوان پێیدەزانن و

بە قۆچان تێیهەڵدەدەن.

•

ژیانێکی ئاسانت دەوێ؟

باش، کەوایە لەگەڵ مێگەل بمێنەوە و

خۆت لەناویاندا لەبیرکە.

•

ئەگەر  بەتاڵیت لە پرسیارە زانستییەکان و

رۆحی هونەر ئەوە باشترە ببیتە بەشێ

لە دیندارەکان هەتا بەشێکی خۆت نەخۆیت.

•

**باشترین چەک**

**بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمن**

**دوژمنێکیترە.**

•

**ئێمە مەدحی ئەو شتانە دەکەین**

**کە لەگەڵ زەوقمان دەگونجێ**

**ئەوە یانی ئێمە مەدحی**

**زەوقی تایبەتی خۆمان دەکەین**

**ئایە ئەوە نەگونجان نییە لەگەڵ زەوقی ساغ؟**

•

**هیچ کەس ناتوانێ**

**رێ لە سەرکەوتنت بگرێ**

**جگە لە خۆت.**

•

دەوڵەمەندەکان

هیچیان بۆ هەژاران نەهێشتۆتەوە

جگە لە خوا.

•

ئەوەی ناتوانێ درۆ بکا

نازانێ حەقیقەت چییە.

•

سووتان و سووتان: ئەوەهەموو ژیانی من بوو.

•

ئەو گەردەلوولانەی کە ناتوانن

لە رەگەوە هەڵمتەکێنن

تەنیا بەهێزترم دەکەم.

•

پیاوی گەورە

حەزی لە خۆشیی و

مەترسییە

بۆیە هەمیشە

حەزی لە ژنە.

•

سادەبە

سادەیی خۆی لە خۆیدا

جوانییە.

•

جیهان نەخۆشە

نەخۆشییەکەی

ناوی ئینسانە.

•

**دەبێ پیاو بە حەزەربێ لەگەڵ ژن**

**چونکە کاتێ ژن دەکەوێتە خۆشەویستییەوە**

**ئامادەیە قوربانیی بە هەموو شتێ بدا**

**لەپێناو خۆشەویستیی.**

•

**ئەو شتانەی لە پێناو**

**خۆشەویستیی دەکرێن**

**هەمیشە سنووری**

**خێر و شەڕ تێدەپەڕێنن.**

•

**لە گۆشەگیرییدا**

**تەنیا ئەو شتانە گەشە دەکەن**

**کە کەسەکە لەگەڵ خۆی هێناوەیەتی.**

•

دەریاوانێکی سەرەڕۆ خەونی منە

نیوەی کەشتیبێ و

نیوەکەیتری گێژەڵوک.

•

کاتێ رۆیشتن هیچ بەدیلێکی نەبوو

هەوڵدە لە جیاتی برین گوڵێک جێبێڵە،

رێز لە دڵێک بگرە

کە رۆژێ لە رۆژان نیشتمانت بوو.

•

ژن رقی لە درۆ دەبێتەوە و

پیاویش لە خیانەت،

هەردووکیان رقیان لەو شتە دەبێتەوە

کە زۆر باشی لێدەزانن.

•

**شتێ کە نەمکوژێ**

**بەهێزم دەکا**

**ئەوە لە قوتابخانەی جەنگیی ژیان فێربووم.**

**•**

**لەو گەردوونەدا**

**تەنیا خۆم**

**دەزانم**

**کە بۆچی هێندە غەمگینم.**

**•**

**لە ناخی هەموو**

**مرۆڤێکی رەسەن**

**منداڵێک هەیە**

**دەیەوێ یاری بکا.**

**•**

**مرۆڤ لە درۆ و تەخەیول**

**مەحروم مەکەن**

**ئەفسانەکانی وێران مەکەن**

**حەقیقەتی پێمەڵێن**

**چونکە ناتوانێ**

**لە ڕێگای حەقیقەتەوە بژییێت.**

•

**لەوانەیە حیکمەتی باش**

**زۆر ڕەق بێ لەنێوان ددانەکانی زەمەن**

**ساڵەکان ناتوانن**

**ئاسان هەزمی بکەن**

**بەڵام دەبێتە**

**خۆراکێکی باش**

**بۆ هەموو سەردەمەکان.**

•

هەمیشە لەسەر تاک سەختە ئازاد بمێنێتەوە

لە ناو باڵادەستیی کۆمەڵگە

هەندێجار دەترسێ و تەنیا دەبێ

بەڵام ئەوانە نرخێکی هێندە گران نین

بەرانبەر ئەوەی کە تۆ ببیتە خاوەنی خۆت.

•

کاتێ مرۆڤ خۆی

دادگایی خۆی دەکا

ئەوە نایابترین چرکەساتیەتی.

•

تا ئێستا

هێشتا مرۆڤ مەیمونترە

لە مەیمون.

•

ڕێگەی خۆت هەیە و

منیش ڕێگەی خۆم

بەڵام ڕێگەی ڕاست

تاکە ڕێگەی ڕاست وجودی نییە.

•

ڕۆژێ هاوار دەکەی:

هەمووی باتڵە.

•

لە قسەکانم

تێنەگەیشتن..

وادیارە من

دەمێکی باش نیم

بۆ ئەو گوێچکانە.

•

**ئێوە ئەی ئەوانەی مەعریفەتان خۆشدەوێ**

**تا ئێستا چیتان لەپێناو خۆشەویستیتان**

**بۆ مەعریفە کردوە؟**

**تاوانێکی دزیی یا کووشتنتان ئەنجامداوە**

**لەپێناو ئەوەی بزانن**

**کە چی لەنێو رۆحی دز یا بکوژدا هەیە؟**

•

**کە ماندوو دەبی فێربە**

**بحەسێیتەوە**

**نەک بکشێیتەوە.**

•

**ئەی تەنیایی:**

**تۆ نیشتمانمی.**

•

لەسەر پیاوی مەعریفی پێویستە

تەنیا توانایی ئەوەی نەبێ

کە دوژمنەکانی خۆشبوێ

بەڵکو دەبێ بتوانێ

رقی لە دۆستەکانیشی ببێتەوە.

•

ئاواتمە

بە _دە_ رستە ئەوە بڵێم

کە خەڵک بە کتێبێکی تەواو دەیڵێن.

•

مرۆڤ

توندوتیژترین

حەیوانە.

•

**من و واقیع دژی یەکترین**

**هەرگیز ئاشتنابینەوە.**

•

**مەرگ سەیرە**

**تێنوویەتیە لە دەریا.**

•

**ڕێگایەکی درێژتان بڕی**

**تا لە کرمەوە ببنە مرۆڤ**

**بەڵام هێشتا ناختان پڕە لە کرم.**

•

**هەر مێگەلە**

**شوان وجودی نییە.**

•

پێڵوی لەرزیوی ترسنۆک

ناتوانێ قووڵایی ئاسمان ببینێ.

•

باوترین درۆ

ئەو درۆیەیە

کە خەڵک لەگەڵ خۆی دەیکا.

•

لای تاکەکان

شێتایەتی حاڵەتێکی دەگمەنە

بەڵام لای

گرووپ و

ئەحزاب و

نەتەوەکان ڕێسایە.

•

مادەم ستایشت دەکەن

باش بزانە

کە تۆ لەسەر ڕێگای کەسانیتریت و

هێشتا ڕێگای خۆت نەدۆزیوەتەوە.

•

ئەوانەی فێری فڕینت ناکەن

بە شێوەیەکی خێراتر

فێری چۆنیەتی کەوتنت دەکەن.

•

هەموو ڕێگەیەک

بەرەو گەورەیی

بەنێو بێدەنگییدا

تێدەپەڕێ.

•

ئەوەی شتی

بەهادار

بە شتی بێبەها بفرۆشێ

شتی بێبەها

بە گرانترین بەها دەکڕێ.

•

کەس درۆ ناکا

تەنیا ئەو کاتە نەبێ

کە دژ بە ویژدانی خۆی قسە بکا.

•

تاکە ئەرکی تۆ

ئەوەیە:

راستگۆ بیت.

•

**که ئاینەکان لاواز دەبن**

**هونەر سەری بەرز دەکا.**

**•**

**ئەو کاتەی خەڵک دەزانن من کێم**

**که من لێره نەماوم.**

**•**

**ئەوەی نایەوێ بە تێنوویەتی**

**لەنێو مرۆڤەکاندا بمرێ**

**دەبێ فێربێ لە هەموو گڵاسەکان ئاو بخواتەوە و**

**ئەوەیش کە دەیەوێ لە نێو مرۆڤەکاندا**

**بە پاکی بمێنێتەوە**

**دەبێ فێربێ**

**بە ئاوی پیسیش خۆی پاک بکاتەوە.**

**•**

ژن تەڵەیەکە سرووشت dایناوەتەوە.

•

کەسێ کە غەریبە لەو جیهانە

جیهانی تایبەتی خۆی بەدەستدێنێ.

•

هەر کێی لە زەمەنی خۆیدا

هێرشی کرایە سەر

یا زۆر پێش زەمەنی خۆی کەوتووە

یا زۆر لە دوایەوە جێماوە.

•

ژن لوغزێکە

کلیلەکەی یەک وشەیە: خۆشەویستیی.

•

کاتێ بە هەمان چەکی دوژمن

لەگەڵ دوژمن دەجەنگیت وەک ئەوت لێدێ.

•

پیاو بۆ ژن وەسیلەیە

بەڵام منداڵ ئامانج.

•

بۆ ئەوەی ئەستێرەیەکی درەوشاوەت

لێ لەدایکبێ پێویستە

رۆحت پڕکەیت لە فەوزا.

•

ژیان دەڕوا و

ئێمەش چاوەڕوانی ژیانین.

•

ماسی گەورە

ماسی بچووک قووتدەدا

ژیان ئەوەندیە.

•

باشترە هیچ نەزانی

لەوەی نیوەی حەقیقەت بزانی.

•

بۆ ئەوانە دەنووسم

کە بە دوای راستییەوەن.

•

دوژمنداریێکی راشکاوانە باشترە

لە برادەرایەتییێکی دەستکرد.

•

**هەر کەسەی لە رۆژێکدا**

**سێ بەشی هی خۆی نەبێ، کۆیلەیە.**

•

**پێداگریی لەسەر ئەوەی**

**کە دەبێ خۆشەویست بیت**

**ئەوپەڕی غرووره.**

•

**خۆشەویستیی کوێرە و**

**برادەرایەتیش چاوەکانی دادەخا.**

•



**George bernard shaw**

**جۆرج برنارد شو 1856– 1950**

**نووسەری ئێرلەندی.**

**ئاگری خۆشەویستیی**

**وەک ئاگری جەنگ وایە**

**ئاسانە دایگیرسێنی**

**بەڵام گرانە دایمرکێنی.**

•

**مرۆڤ دەتوانێ**

**سەر بەرزترین لووتکە بکەوێ**

**بەڵام ناتوانێ زۆر لەوێدا بمێنێتەوە.**

•

**ژنە جوان و ژیرەکان**

**بەشداری لە حوکم ناکەن**

**حوکمکردن بۆ پیاوان جێدێڵن**

**چونکە خۆیان حوکمی پیاو دەکەن.**

•

ئاگاداربە

ئیدعاکردنی مەعریفە

زۆر ترسناکترە لە نەزانیی.

•

ئەگەر ژن وردبینبێ

لە گەڕان بە دوای

خاسییەتەکانی

پیاوێکی گونجاو

ئەوە هەرگیز زەواج ناکا.

•

رقم لەو هەستەیە

کە لە دەرەوەبم و

وابزانم لە ماڵەوەم.

•

لەمێژە فێری ئەوە بووم

لەگەڵ بەراز بەشەڕ نێم

چونکە من پیس دەبم و

ئەویش لەززەت دەبا.

•

بە وەفاترین خۆشەویستیی لای مرۆڤ

خۆشەویستیی خواردنە.

•

ئەگەر بتەوێ چەند دەقیقەیەک

واز لە بیرکردنەوە بێنی

ئەوە خۆت دەبینییەوە

لە هەموو لایێکەوە

بە بیرکردنەوە دەورەدراوی.

•

خۆشەویستیی ئەو ئەستێرەیەیە

کە پیاو بەدەم ڕۆیشتنەوە لێی رادەمینێ و

زەواجیش ئەو چاڵەیە کە دەکەوێتە ناوی.

•

هەتا ئەگەر _با_

داوای بوردنیش بکا،

لقەکان هەر بە شکاوی دەمێننەوە.

•

خوێندنەوە

دۆنکیشۆتی کردە

مرۆڤێکی موحتەرەم

بەڵام باوەڕهێنانی

بەو شتانەی کە خوێندبوویەوە شێتی کرد.

•

بەرلەوەی داوای راستگۆیی

لە ئەوانی دیکە بکەیت

منداڵەکانت فێری راستگۆیی بکە.

•

کارەساتی درۆزن

لەوەدا نییە

کە کەس باوەڕی پێناکا

بەڵکو لەوەدایە

کە ئەو باوەڕ بە کەس ناکا.

•

پیاوی خانەدان ئەوەیە

کە زیاتر بە دنیا دەبەخشێ

لەوەی کە لێی دەسەنێ.

•

واز لە یاری ناهێنین

چونکە گەورەبووین

گەورەبووین چونکە

وازمان لە یاری هێنا.

•

تۆ تەماشای ئاوێنە دەکەیت

تا رووخسارت ببینیت و

تەماشای کاری هونەریش دەکەیت

تا رۆحت ببینیت.

•

لەوانەیە هەندێجار

ئامۆژگارییەکی بە سوودت

لە زمانی شێتێکەوە بۆ بێ.

•

باشترین مەشق

بۆ پاراستنی جەستەت

بە ڕێکوپێکی ئەوەیە؛

کە سەرت لە ڕاستەوە بۆ چەپ

بجوولێنیت و بە پێچەوانەشەوە

کاتێ خواردنێکی بە تامت پێشکەش دەکەن.

•

ڕق و کینە

تۆڵەسەندنەوەی

ترسنۆکانە.

•

پۆشاکی گرانبەها

ئاماژەیە بۆ بێهێزیی عەقڵ.

•

کاتێ بە تەنیا دادەنیشم

هەموو پێیانوایە ئەوە لە پەستیمە

بەڵام نا، ئەوە چرکەساتی حەسانەوەیە

دوور لە مشەخۆریی مرۆڤەکان.

•

ناکرێ ببیتە پاڵەوان

ئەگەر ترسنۆکیت ئەزموون نەکردبێ.

•

ئەگەر خەڵک

تەنیا قسەیان لەو شتانە کردبا

کە لێی تێدەگەن

ئەوە بێدەنگیی دەگەیشتە حەدێ

بەرگەی نەدەگیرا.

•

زەمەن پەیوەندی بە پێگەیشتوویی نییە،

ئێمە لە رێی ئەزموونەوە گەورە دەبین.

•

هەرچەندە مرۆڤ پێگەیشتووتربێ

ژمارەی خەڵکی دەوروبەری کەمتر دەبێ،

عەقڵی پێگەیشتوو تەحەمولی موجامەلە ناکا.

•

ئەوەی ددانی ژان بکا

پێیوایە هەموو ئەوانەی ددانیان ساغە بەختەوەرن.

•

تامی بەختەوەریی ناکا ئەوەی ژیانی خۆی

بە رەئی ئەوانی دیکە بەڕێوە ببا.

•

دوو شت کەسایەتیت دیار دەکەن:

سەبرت کاتێ هیچ شتێکت نییە و

هەڵسوکەوتت کاتێ هەموو شتێکت هەیە.

•

ڕۆژێ وەک شێر بژیت

باشترە لەوەی

سەد ساڵ

وەک نەعامە بژیت.

•

هەمیشە پارە

لە خەڵکی ڕەشبین قەرز بکە

چونکە هەرگیز باوەڕ ناکا

بیدەیتەوە.

•

**تۆ هەست دەکەی**

**تۆ تەنیا کەسێکی لەو جیهانە**

**بەڵام هەمیشە کەسانێ هەن**

**هەست دەکەن کە تۆ**

**هەموو جیهانیت بۆ ئەوان.**

•

**رۆژگار**

**باشترین ئامێرە**

**بۆ کەشفکردنی درۆ.**

•

**هیچ لە جگەرەنەکێشان**

**ئاسانتر نییە،**

**من هەزارجار تەرکم کردیە.**

•

ئیهمال

خۆشەویستیی دەکوژێ و

لەبیرکردن

دەینێژێ.

•

هەمیشە کات

کەشفی ئەوە دەکا

کە تۆ کێیت بۆ کەسەکان.

•

بەختەوەریی خۆت

بە کەسەکان و شتەکان پەیوەست مەکە

کەسەکان دەڕۆن و

شتەکانیش بەردەوام نامێننەوە.

•

**گوێبگرە.. بزە بکە**

**دواتر خۆت نەبانکە**

**زەروور نییە هەموو شت**

**بە جددی وەرگری.**

•

**دوای بێئومێدیم لە خەڵک فێربووم**

**خۆخۆشویستن**

**ئەنانییەت نییە.**

•

**گەشبین و ڕەشبین**

**هەردووکیان پێویستن بۆ کۆمەڵگە**

**یەکەمیان: فڕۆکەی داهێنا و**

**دووەمیان: پەڕەشووت.**

•

خۆشەویستیی

رووخسەت

لە ژن وەردەگرێ

تا بچێتە دڵی

بەڵام بەبێ رووخسەت

دڵی پیاو داگیر دەکا.

•

کاتێ غەمگین دەبم

گۆرانی دەچڕم

کە گۆرانی دەچڕم

بۆم روون دەبێتەوە

دەنگم

لە کێشەکانم ناخۆشترە

بۆیە بزە دەکەم.

•

لەسەرت واجب نییە

هەموو کەس دڵخۆش بکەیت

بەڵام ئەرکی تۆیە

کەس ئازار نەدەیت.

•

بێگومان ئەگەر باسی سەگێکم بۆ بکەی

کە قسە دەکا باوەڕ ناکەم

بەڵام زۆر بە ئاسانی باوەڕت پێدەکەم

ئەگەر باسی پیاوێکم بۆ بکەی کە دەحەپێنێ.

•

وەک ژیانبە

هاوەڵی هەمووانبە و

بە کەسیشەوە پەیوەست مەبە.

•

رەزیل لە برسان دەمرێ و

منداڵەکانیشی لە دوای ئەو بە زۆرخۆری.

•

ئەو دڵانەی زۆر دەبەخشن و

زۆر سەبر دەگرن و

زۆر تەنازول دەکەن

ئەو دڵانەن کە ئەگەر بڕیاری ڕۆیشتنیاندا

هەرگیز ناگەڕێنەوە.

•

بۆ ژنێک یەک پیاو بەسە

تا لە هەموو پیاوانی دنیا تێبگا

بەڵام بۆ پیاوێک سەدان ژنیش بەس نین

تا تەنیا لە یەک ژن تێبگا.

•

**مناقەشە لەگەڵ عاشق و**

**کەسی تووڕە مەکە**

**چونکە یەکەمیان:**

**دڵێکی کوێری هەیە و**

**دووەمیشیان: عەقڵێکی داخراو.**

•

**ئەگەر دەتەوێ عەقڵی کەسێک بناسی**

**تەماشایکە چۆن گفتوگۆ لەگەڵ کەسێک دەکا**

**کە بۆچوونی لێی جیابێ.**

•

**ئەگەر ڕێگاتدا ترس لەبەر برسییەتی**

**بەسەر ژیانتدا زاڵبێ ئەوە دەرئەنجام نانت**

**دەستدەکەوێ بەڵام ناژیت.**

•

ئەگەر گلەییت لێ نەکەم

دیارە تۆ هیچ شتێ نیت بە نسبەت من.

•

هەوڵدە شتێکی جوان بیت

چونکە جوانیی لەبیر ناکرێ.

•

باشترە نێیت

لەوەی درەنگ بێیت.

•

کەس ناوبانگت نازڕێنێ

ئەو کەسە نەبێ کە ئومێد دەکا

وەک تۆ بێت و لەوەدا فەشل دێنێ.

•

گرنگترین رووبەڕووبوونەوە

رووبەڕووبوونەوەی خۆمانە.

•

ئینسان دوو جۆرە:

یەکەمیان کە دەبینێ تۆ باشی خۆشیدەوێی

ئەوەیتر کە دەبینێ تۆ باشی دەتخوا.

•

ئەگەر سەرکەوتوو نەبووی لەوەی

کەسێ بۆ ئاستی رەوشتی خۆت

بەرز بکەیتەوە

ئەوە لێینەگەڕێی ئەو سەرکەوتووبێ

لە دابەزاندنت

بۆ ئاستی رەوشتی خۆی.

•

بێدەنگیی لەززەتی پیاسەکردنت

بەناو عەقڵی ئەوانی دیکە پێدەبەخشێ.

•

ئازادیی یانی

شەو بخەویت و

بیر لە کەس نەکەیتەوە.


•

هەندێ خەڵک رووداو درووست دەکەن و

هەندێکیان بە رووداوەکان کاریگەر دەبن و

هەندێکیشیان نازانن چی روودەدا.

•



**Mark twain**

**مارک توین 1835 – 1910**

**نووسەر و هونەرمەندی ئەمەریکی.**

قەروێڵە

خەتەرترین شوێنە لە دنیا

سەدا نۆهەت و نۆی خەڵک

لەوێ دەمرن..

•

خۆشەویستیی

وەک قاوە وایە؛

ئەگەر زیادەڕۆیی بکەی

لە خواردنەوەی

ناهێڵێ بخەوی..

•

ئینسان تاکە حەیوانێکە

درۆ دەکا.

•

هەتا حەقیقەت پێڵاوی لە پێ دەکا

درۆ فڕەیەک بە دەوری زەمیندا دەخولێتەوە.

•

هیچ کەس لەو کەسە راستگۆتر نییە

کە ئیعتراف دەکا درۆزنە.

•

یەکێ لە گەورەترین داهێنەرەکان

ناوی _سودفە_یە.

•

نایاب بوو ئەمەریکا دۆزرایەوە

بەڵام نایابتر دەبوو ئەگەر نەدۆزرابایەوە.

•

به دوای هاوڕێیەکدا بگەڕێ
کە لە کاتی هەڵەکردنتدا لەگەڵتبێ،
چونکە هەموو لەگەڵتن
کاتێ تۆ لەسەر حەقی.

•

واقع سەیرترە لە خەیاڵ،
چونکە خەیاڵ
بەشێکی لە واقعیەت تێدایە.

•

ئادەم تاکە پیاوێکە کاتێ قسەیەکی
سەرسوهێنەری کردبێ
دڵنیابووە کە کەس بەر لەو
ئەو قسەیەی نەکردووە.

•

ئاسانە مەبدەئت هەبێ

ئەگەر خواردنت باشبێ.

•

بۆ ئەوەی لە ژیان سەرکەوتووبین

تەنیا تەجاهول و متمانەمان پێویستە.

•

کاتێ لەناو گومانیت،

حەقیقەت بڵێ.

•

ئەوانەی لەگەڵ ئازادین و

دژی هاندانن بۆ یاخیبوون

ئەوانەن کە بارانیان دەوێ نەک گەواڵە.

•

ئازایەتی زاڵبوونە

بەسەر ترس

نەک نەبوونی ترس.

•

کاتێ خۆت لەنێو

پۆلی زۆرینە

دۆزییەوە

بزانە کاتی خۆگۆڕین هاتووە.

•

ئەگەر سەگێک تێرکەیت

گەزەت لێنادا..

ئەوە جیاوازیی

نێوان ئەو و مرۆڤە.

•

ئەوەی کە ناخوێنێتەوە

باشتر نییە

لەوەی کە نازانێ بخوێنێتەوە.

•

خەڵک لە دایکدەبن..

یەکتری ئازار دەدەن..

دەمرن.

•

بۆیە خیانەت

زۆر بە ئازارە

چونکە کەسانێک

لێتی دەکەن

کە متمانەت پێکردوون.

•

**مرۆڤ تاکە ئاژەڵێکە**

**هەست بە شەرمەزاری دەکا،**

**چونکە تەنیا ئەوە شتێ دەکا**

**جێی شەرمەزاریی بێ.**

•

**مرۆڤ تاکە چەکێکی**

**زۆر کاریگەری هەیە؛**

**پێکەنین.**

•

**ژیان**

**بە هیچ شتێ**

**قەرزداری تۆ نییە،**

**ئەو بەر لە تۆ هەبووە.**

•

من تۆڵە ناکەمەوە

تەنیا کەسەکە دەگەڕێنمەوە

ئەو کاتەی کە بۆ من غەریب بوو.

•

هەندێجار کە تەماشای مرۆڤ دەکەم

ئومێد دەخوازم نوح پێڕانەگەیشبا

سواری کەشتیی ببا.

•

کتێب بۆ ئەوانەیە

کە دەیانەوێ لە شوێنێکی دیکە بن.

•

سەرچاوەی کۆمێدیا خەمە نەک شادیی.

•

ئەگەر مردووەکان قسەیان کردبا،

ئەوە مێژوو دەبووە

کۆمەڵە درۆیێکی سەخیف.

•

پاش بیست ساڵیتر

زیاتر پەشیمان دەبیتەوە

بۆ ئەو شتانەی کە نەتکردوون

لەوەی کە کردووتن لە ژیانتدا،

بۆیە بەربەستەکان بشکێنە و

دوور لە مینای ئارام دەریا ببڕە.

•

ئەگەر دڵخۆشیی ئەوانی دیکە

دڵخۆشی کردی، یانی تۆ ئینسانیت.

•

نامریت ئەگەر

خۆشەویستێکت لە دەستبدەی،

بەڵام وەک مردوو دەژیت

ئەگەر کەرامەتت لە دەستبدەی.

•

ڕۆشنبیریی

هەموو ئەو شتانەن

کە بە خوێندن ناتوانین

بە دەستیان بێین.

•

نامەوێ خۆم بە ئاگر یا بەهەشت

پەیوەست بکەم، چونکە لە هەردوولا

برادەرم هەیە.

•

دوو کەس گرنگی بە هەموو

وردەکارییەکانی ژیانت دەدەن،

ئەوەی زۆری خۆشدەوێیت و

ئەوەیش کە زۆر رقی لێتە.

•

ئەگەر دەتەوێ هەموو کەس

کتێبت بخوێنێتەوە

لەسەر بەرگی بنووسە:

فەزیحەکان.

•

لە زستاندا

هەموو شت جوانە،

جگە لە لەرزینی هەژارەکان.

•

دز دەرفەتت پێدەدا

لە نێوان ژیانت و جزدانت

یەکێکیان هەڵبژێری،

بەڵام ژن هەردووکی لێت دەوێ.

•

گەدەی پڕ

هیچ ناهێنێ

کاتێ دڵ وعەقڵ برسیانبێ.

•

هیچ لەوە ئاسانتر نییە

باسی سەبر بکەیت

کاتێ کارەساتەکە

کارەساتی تۆ نییە.

•

کۆیلەکان

تەنیا داوای ئازادیی دەکەن

بەڵام ئازادیخوازان درووستی دەکەن.

•

رازیکردنی خەڵک

بە رێگایەکی دوور و درێژ دەچێ

کە لە کۆتاییەکەی تابلۆیێ دانرابێ و

لەسەری نووسرابێ:

ببوورە ئەو رێگایە داخراوە.

•

گەڕانەوەی زەمەن بۆ دواوە

باوترین ئومێدە

کە مرۆڤ لەسەری رێککەوتوون.

•

میهرەبانیی ئەو زمانەیە

کە کەڕ دەیبستێ و

کوێر دەیخوێنێتەوە.

•

ژیان قووڵترە لەوەی

بە وشە وەسفی بکەیت،

وەسفی مەکە، تەنیا بژی.

•

خوا لە مەیمون بێئومێدبوو

بۆیە ئینسانی درووستکرد،

بەڵام دوای ئەوەی ئینسانی دیت

ئیدی وازی لە هەموو

تاقیکردنەوەیەکی نوێ هێنا.

•

ئەگەر لە پێناو

ئەو شتەی کە خۆشتدەوێ

سەرەڕۆیی نەکەیت،

ئیدی کە لە دەستتدا دەمت داخە.

•

کاتێ ژنێ تا ئاستی مردن

رقی لە پیاوێک دەبێتەوە

بزانن کە ئەوە تا ئاستی مردن خۆشیدەوێ.

•

_ئومێدی بەختەوەرییت بۆ دەخوازم_

ئەو رستەیە گەورەترین درۆیە

کە دوو عاشق بە یەکتری دەڵێن

لە کاتی جیابوونەوەدا.

•

عەقڵەکان بچووک دەبنەوە
کاتێ بە ئەوانیدیکە سەرقاڵبن و
گەورەش دەبن
کاتێ بە خۆیانەوە سەرقاڵبن.
•

ڕەگەزی مرۆڤ
ڕەگەزێکی ترسنۆکانەیە،
من هەر کەسێک نیم
لەنێو ئەو کەژاوەیەدا،
بەڵکو ئاڵا هەڵگرم.
•

لە دواتەوە باست دەکەن
چونکە بەڕاستی لە دواتەوەن.
•

تاکە ڕێگا بۆ باشکردنی

تەندرووستیت ئەوەیە

ئەو شتانە بخۆیت

کە حەزیان پێناکەیت و

ئەوانە بخۆیتەوە

کە خۆشتناوێن و

ئەو کارانە بکەیت

کە هەموو کات

ڕقت لێیان بۆتەوە.

•

دەمت داخەیت و لێگەڕێیت

خەڵک وا گومان بکەن دەبەنگیت

باشترە لەوەی دەمت بکەیتەوە و

هەموو گومانەکان بسڕیتەوە.

•

هەرچی دەبەنگییە

بەرانبەرت ئەنجامی دەدەن تا بڕۆیت،

جا کە ڕۆیشتیت

بە بەرائەتەوە پێتدەڵێن:

ئەوە بۆ ڕۆیشتی؟

•

گومانی خراپ

نەخۆشییە

هەموو شتێکی جوان دەکوژێ.

•

من دژی دەوڵەمەندانم

بەڵام ئەگەر یەکێ بم لەوان

ئەوە بابەتێکیترە.

•

**دوو مەزنترین**

**رۆژی ژیانت ئەوانەن:**

**ئەو رۆژەی لەدایکدەبیت و**

**ئەو رۆژەیش کە دەزانی**

**بۆچی لەدایکبوویت.**

•

**دوو بەربڵاوترین رەگەز**

**لەو کەونەدا ئۆکسجین و دەبەنگین.**

•

**ئێمە**

**بە ئامۆژگاریی فێرنابین،**

**بە ئازار**

**فێردەبین.**

•

هەر چەند خەڵکم زیاتر ناسی

خۆشویستنم بۆ سەگەکەم زیاتری کرد.

•

ژمارەکان درۆ ناکەن،

بەڵام درۆزنەکان

ژمارەکان دەنووسنەوە.

•

ناتوانی پشت بە چاوت ببەستی

کاتێ خەیاڵت تەرکیزی نەبێ.

•

ئازاربەخشە لە شوێنێ غەمگین بیت

کە زۆر کات تێیدا بزەت کردبێ.

•

**کاتێ ئارەزووی ڕۆیشتن دەکەن**

**بێسنوور عەیبت بۆ درووست دەکەن.**

•



**José Saramago**

**خوسیە ساراماگۆ (1922_2010)**

**نووسەری پرتوگالی.**

لەوە دژوارتر نییە

کەسێک لە کۆمەڵگەیەکی کوێردا

باش ببینێ.

•

رقە کۆنەکان

بە ئاسانی ناسڕێنەوە.

•

زگە برسییەکان

زوو بەخەبەر دێن.

•

شتی گرنگ ئەوەیە

رێزگرتنی خۆمان لەبیر نەکەین.

•

کەسێ رێز لە خۆی بگرێ

قەت گفتوگۆ لەبارەی

شتی تایبەتی خۆی

بۆ یەکەم کەس ناکا

کە تووشی دێ.

•

هیچ رێگایەکی

کورت و راسەوخۆ

وجودی نییە.

•

هیچ سوودێکی نییە

یەقین بە گومان

بگۆڕیتەوە.

•

دەنگ چاوە

بۆ ئەوانەی ناتوانن ببینن.

•

چرکەساتەکان

کە دێن

خۆیان راناگەیەنن.

•

ئاوی نیان

بەردی رەقیش دەخوا.

•

هەرچەندە رامان زیاتربێ

بینین بچووکتر دەبێتەوە.

•

باوەڕ ناکەم ئێمە کوێر بووبین،

بەڵکو لەسەرەتاوە کوێربووین

هەتا ئەگەر دیتبێتیشمان،

بەڵام بەڕاستی نەمانبینیوە.

•

من نەخۆش نیم،

مەسەلەکە ئەوەیە

هەموو شتێ هیلاک و ماندووم دەکا،

بێزارییەکی مەلعون،

دووبارەبوونەوە و لێکچوون.

•

لە راستیدا ئێمە بڕیار نادەین

بەڵکو ئەوە بڕیارە ئێمە بەڕێوە دەبا.

•

ئێمە هەرگیز هیچ شتێ

لە ژیانی خۆمان نادزین

بەڵکو هەمیشە

لە ژیانی کەسانیترەوە دەدزین.

•

نووسەر بە قەڵەمی خۆی

ئەدەبێکی لۆکاڵی دەنووسێ،

ئەدەبی جیهانی وەرگێڕەکان دایدەهێنن.

•

هەرگیز حەسانەوە نییە لە دنیا،

ئەگەر یەکێ

رۆژێ لە رۆژان حەسایەوە

بێگومان ئەوە رۆژی مردنیەتی.

•

هیچ کوێرێک

لەو کوێرە خراپتر نییە

کە دەبینێ.

•

ئەو خۆشەویستییەی

خەڵک پێیدەڵێن: شێتانەیە،

دەنگی تایبەتی خۆی هەیە.

•

ئەوە ژنی تایبەتە

کە _چیرۆکی خۆشەویستیی_ تایبەت دەکا،

با ئێمەی پیاوان واز لە لاف و

خۆدەرخستن و وەهم بێنین،

ئێمە هیچ نین لەو بوارەدا.

•

بێتاقەتبووم

هێندەی گوێ لە خۆم بگرم.

•

زۆر پێویستە بە خێرایی

باشیی بگەڕێنینەوە

نێو پەیوەندیی مرۆڤەکان.

•

زەمین هیچ نییە

جگە لە زیندان.

•

دەترساین و ترسیش هەمووکات

راوێژکارێکی حەکیم نییە.

•

بۆ ئەوە نانووسم
تا رۆحی خوێنەر ئارام بکەم
یا دژی مەرگ بجەنگم_
ئەوەیان سەخیفترین شتێکە
لە ژیانمدا گوێم لێبووە_
من دەنووسم
تا بەخەبەر بێم،
تا تێبگەم.
•

ئێستا مرۆڤایەتی
لە دۆخێکی خراپدا دەژیێ،
چونکە هەموومان
منداڵی
قابیلی قاتیلین.
•

یەکێ کە بە ئارەزووی خۆی

یا زەرووڕەتێک وای لێ بکا

زوو لە خەو هەستێ،

سەختە بۆی،

بەرگەی بینینی ئەوانە بکا

کە لە خەودا نوقم بووینە.

•

ئەوە چ جیهانێکە

کە دەتوانێ

کەشتی ئاسمانی

بنێرێتە سەر مەریخ

کەچی هیچ شتێ ناکا

بۆ ڕاگرتنی کووشتنی ئینسان؟

•

پیاوەکان هەمووی وەک یەکن،

پێیانوایە هەموو شت

لەبارەی ژنانەوە دەزانن

تەنیا لەبەر ئەوەی

لە رەحمی ژنەوە هاتوونەتەدەر.

•

زۆر سەختە مرۆڤ لە یەک کاتدا

بیر بکاتەوە و چەپڵە لێدا.

•

ئەگەر ناتوانین وەک بەشەر بژین

با بە لایەنی کەم هەوڵدەین

وەک حەیوان نەژین.

•

فرمێسک چ مانایەکی هەیە

کاتێ جیهان هەموو ماناکان لە دەستدەدا.

•

من بەدبەختم،

لەوپەڕی بەدبەختیدام و

ڕوژێ لە ڕۆژان کۆچ دەکەم،

نازانم کەی، بەڵام دەزانم کە کۆچ دەکەم،

بەختەوەریی بەدەست نایە

بەڵام دەمەوێ بەدەستی بێنم،

ئیدی تەحەمول ناکەم

لێرە بمێنمەوە،

هەموو شتێ مرد،

ژیانم ناڕێک لێدەدا و

وەک غەریبێ دەژیم.

•



**Ernest hemingway**

**ئێرنست هێمنگوای (1899_1961)**

**نووسەر و رۆماننووسی ئەمەریکی.**

ئەگەر زانیمان

چۆن فەشەلمان هێنا

تێدەگەین چۆن سەردەکەوین.

•

باشترین ڕێگا

بۆ زانینی ئەوەی

متمانە بە کەسێک بکەیت یا نا

ئەوەیە: متمانەی پێبکەیت.

•

بە درێژایی ژیانم

تەماشای وشەکان دەکەم

هەمیشە وەک ئەوایە

کە یەکەمیجارە دەیانبینم.

•

ئەگەر خەڵک قسە بکەن

بە وردییەوە ببیستە،

چونکە زۆربەی خەڵک نابیستن.

•

چەند سەروەتت زیاتربێ

ڕێژەی ترس

لە مردنت

ئەوەندە زیاتر دەبێ.

•

هەموو

شتە بەدەکان

لە بەرائەتەوە

دەستپێدەکەن.

•

جەنگ هەرچەند زەروربێ و

هۆکاریشی هەبێ

هەمیشە تاوانە.

•

مرۆڤ پێویستی

بە دوو ساڵە

تا فێری قسەکردن بێ

بەڵام شەست ساڵی دەوێ

تا فێری بێدەنگیی بێ.

•

مرۆڤ بۆ بەزین نەخولقاوە،

لەوانەیە وێران ببێ

بەڵام نابەزێ.

•

کەسێ نیم تێگەیشتنم سەختبێ،
بەڵام دەگمەنن ئەو کەسانەی لەگەڵیان
هەست بە ئارامیی دەکەم.

•

کەمجار بەختەوەریی و بلیمەتیی
لە کەسێکدا کۆدەبێتەوە.

•

لە بچووکیمەوە
هەرچیم ویستبێ پێیگەیشتووم
بەڵام بە هیلاکییێکی ئاوا گەیشتووم
کە گەیشتنەکەم دڵخۆشی نەکردووم..
دەڵێی من دەمەوێ بگەم
تا بحەسێمەوە، تەنیا بحەسێمەوە.

•

ببوره!..

ئای لەو وشەیە

بێ سود و بێ مانایە.

•

هیچ شوێنێ پێنازانم

ژیانی خۆمی لێدانێم

جگە لە شوێنە ترسناکەکان.

•

حەزم لە خەوە،

کاتێ بە خەبەرم

ژیانم

بەرەو رووخان

لار دەبێتەوە.

•

نووسین کارێکی سەخت نییە،

هەر ئەوەیە تابیعە بێنیت و

دەست بە دارڕژان بکەیت.

•

دوورکەوتنەوەمان لە بەشەر

بە مانای رق

یا گۆڕان نایە

بەڵکو گۆشەگیریی

نیشتمانی رۆحە ماندووەکانە.

•

دنیا شوێنێکی جوانە

شایەنی ئەوەیە

لە پێناویدا بجەنگیت.

•

زۆرترینجار

کۆتایی مرۆڤەکان هاوشێوەن

بەڵام وردەکارییەکانی

چۆن ژیاین و چۆن مردین

ئەوە لە یەکترمان جیادەکاتەوە.

•

هیچ شتێ نییە

نەتوانرێ لە دەستی نەدەیت.

•

کە دەدۆڕێنی

جێخەو

باشترین

برادەرە.

•

نیوەی کێشەکانم ئەوەیە

زۆر قسە ناکەم و

نیوەکەیتریش ئەوەیە

کە قسە دەکەم

قسەکانم بەو قسانە ناچن

کە دەمەوێ بیانکەم.

•

کاتێ زۆر

گرینگیت پێدەدەم

لە بەرانبەر ئەوەدا

داوای هیچ شتێکت لێناکەم

ئەوە نەبێ

کە پەشیمان نەبمەوە،

تەنیا پەشیمان نەبمەوە.

•

لێرە، لە دووری تۆ

کات وەک دۆزەخ وایە

هەوڵدەدەم خۆم بگرم

بەڵام تا حەددی مردن بیرت دەکەم.

•

تەنیایی خراپ نییە،

ئەگەر نیوەکەیتری خۆتت نەدۆزییەوە

زۆرترینجار کەمال

لە تەنیاییەوە درووست دەبێ.

•

هەندێجار لە شکانی کەسێک دەترسی

بەڵام ئەو بە شکاندنت

تووشی موفاجەئەت دەکا.

•

هەمیشە شتەکان

بەو ئاراستەیە دەڕۆن:

بەشێک شعور دەکا و بەشێکیشیان نا.

•

پێویستە نووسەران

بە پێوە بنووسن،

ئەو کاتە

رستەی کورت کورت دەنووسن.

•

هەر کاتێ ویستتان دەتوانن

بێنە باخچەکەم و بە ئارەزووی خۆتان

چ بەرهەمێکتان دەوێ بیبەن

بەڵام بەرد لە درەختەکان مەگرن.

•



**Fernando Pessoa**

**فێرناندۆ پیسوا (1888_1935)**

**شاعیر و فەیلەسوفی  پرتوگالی.**

**تۆم دەوێ تا خەون ببینم**

**نەک خۆشمبوێی.**

•

**غەمگین**

**ناخەوێ**

**شەونخونی دەکا**

**تا شادیی بدۆزێتەوە.**

•

**ئاوێنە**

**بە وردبینییێکی رەها**

**بەبێ هیچ هەڵەیەک**

**عەکس دەداتەوە**

**چونکە بیر ناکاتەوە.**

•

کە جوانیمان پێناسەکرد

یانی لێی تێناگەین.

•

دوای رۆژ شەو دێ و

دوای شەو رۆژ دێ و

دوای خولیا خولیا دێ و

زوڵممان لێدەکا.

•

_با_یێکی زۆر نەرم هەڵدەکا و

تێدەپەڕێ، هەمیشە زۆر نەرم و

منیش نازانم

بیر لە چی دەکەمەوە و

هەوڵیش نادەم بزانم.

•

**چەند ئاسانە**

**لەو هیلاکییە دوور بکەومەوە،**

**ئەگەر بەڕاستی**

**هێزی ئارەزووی دوورکەوتنەوەم هەبێ.**

•

**لە هەموو ئەو شتانەی دەیکەیت شاعیربە،**

**لە هەر شتێکی سادە و ناگرنگیش،**

**لە دەرەوە نەص شاعیربە**

**بەرلەوەی لەناویدا شاعیر بیت.**

•

**لەپێناو چی تۆ تەماشای**

**شاری دوور دەکەیت؟**

**ڕۆحی خۆت شارێکی دوورە.**

•

که کەسێ لە دەرگای ماڵم دەدا و

تووڕە دەبم لەبەر ئەوە نییە ریباتم تێکدەدا

بەڵکو لەبەر ئەوەیە بیرم دێنێتەوە

کە هێشتا ژیان بەردەوامە.

•

کاتێکی زۆر تێپەڕیوە

لەو کاتەوەی کە من منبووم.

•

چی دەبێ گەر رێگایەکیتری جیاواز

لە خۆشەویستیی دابهێنین؟

بۆچی لە کۆتاییەوە دەستپێنەکەین؟

سەرەتا جیاببینەوە

ئینجا تا ئەبەد بەیەک بگەین؟

•

له باشترین شت رامێنێن و

ئامادەبن بۆ خراپترین،

ئەوە ڕێسایەکەیە.

•

ئەی ئەو خۆشەویستییەی

کە کاتێکی زۆر بیر دەکەیتەوە

یا بڕۆ تا تەواو بیت

یا ئێستا دەستپێبکە.

•

کەم کەم حزور و

دەموچاوی خەڵکی تەنیشتم

بێزاکەر دەبوون،

تا گەیشتە جاڕسییەکی بێ حەد.

•

هەموو کارەساتەکانی دنیا

لەوە دێ کە بە بیانۆی خێر یا شەڕ

ئەشکەنجەی یەکتر دەدەین.

•

بۆچی هونەر هێندە جوانە؟

چونکە هیچ مەبەستی لە دواوە نییە،

ئەی بۆچی ژیان ئەوەندە ناشرینە؟

چونکە پڕە لە مەبەست و

غەرەز و ئامانج.

•

دیوارم ناوێ،

دەمەوێ تەنیا خۆم و

گەردوون بین.

•

بۆ من تۆ وەک خەونی،

لە دوورەوە لەناو رۆحمدا

زەنگ لێدەدەی.

•

هەرگیز

هیچ ئارەزوویێک و

هیچ دەرفەتێک نەبووە

بە هەدەرم نەدابێ.

•

چرکەسات دێن تێیدا

هەموو شت ماندوومان دەکا،

هەتا ئەوانەیش

کە دەمانحەسێننەوە.

•

**رقم لە هەموو کارێکە**

**کە فەرز بکرێ.**

•

**زەمەن تێدەپەڕێ**

**هیچمان پێناڵێ پیر دەبین.**

•

**کورتکراوەی ویستی من**

**بە سانایی ئەوەیە: بە ئارامیی و**

**دوور لەو ژیانە پڕ لە ژاوە ژاوە بخەوم.**

•

**حەقیقەتم ناوێ،**

**تەنیا ژیانم دەوێ.**

•

کۆن دەمزانی بخوێنمەوە

ئێستا کە دەخوێنمەوە ون دەبم.

•

لە خەوندا بلیمەتتر بووم

لەوەی لە ژیان،

ئا ئەوەیە کارەساتی من.

•

تاکە خراپییەکی رەش ئەوەیە:

ئەو کارە بکەیت کە هەموو خەڵک دەیکا.

•

ئەوان خۆشحاڵن

چونکە ئەوان من نین.

•

**من تەختێکی شانۆی زیندووم،**

**کە ئەکتەر بەسەریدا تێدەپەڕن و**

**زۆر شانۆگەری لەسەردا نمایش دەکەن.**

•

**من هیچ فەلسەفەیەکم نییە**

**من هەستم هەیە.**

•

**ئازادیی**

**بەدەستهێنانی گۆشەگیرییە،**

**تۆ ئازادی ئەگەر توانیت**

**لە خەڵک دوور بکەوەیتەوە**

**بەبێ ئەوەی زۆرت لێبکەن**

**تا پەنایان بۆ ببەیت.**

•

به کینه و رق و پیسیمانەوە
ئەشکەنجەی براکانمان دەدەین و
دواتر دەڵێین: ئای چ دنیاییێکی خراپە.

•

نازانم چەند رۆحم هەیە
من هەر چرکەیێ دەگۆڕێم
هەمیشە هەست دەکەم غەریبم،
هیچ کات رووینەداوە خۆمم دیتبێ
یا دۆزیبێتەوە.

•

جیهان بۆ بێهەستەکان درووستکراوە،
مەرجی سەرەکی بۆ ژیانی مرۆڤ لەو جیهانەدا
غیابی هەستە.

•

رەشبین نیم،

من غەمگینم.

•

منت بیردێتەوە؟

من ئەو منداڵەم

کە دوور لە منداڵەکان

بە تەنیا یاریم دەکرد،

ئەو منداڵەی

کە هەزار نیگات لێی دزی و

ئەو تێنەگەیشت.

•




**Lew Nikolajewitsch Tolstoi**

**لیۆ تۆڵستۆی (1828_1910)**

**رۆماننووس و فەیلەسوفی رووس**

**دەبێ مرۆڤ بە بەزیی بێ**

**چونکە بەزەیی مرۆڤەکان کۆدەکاتەوە و**

**ئەدیبیش بێ چونکە ئەدەب**

**دڵە ناسازەکان یەک دەخا.**

•

**نەفسێکی جوان لە جستەیەکی**

**جواندا نمونەی باڵای جوانییە.**

•

**ژنی ناشرین خەتای ناشرینییەکەی**

**خۆی دەخاتە ئەستۆی ئاوێنە.**

•

**بەهێزترین جەنگاوەرەکان کات و سەبرن.**

•

**بەرلەوەی حوکم**

**لەسەر خەڵک بدەی**

**حوکم لەسەر خۆت بدە.**

•

**چاکە بکە لەگەڵ برادەرانت**

**خۆشتریان دەوێیت،**

**چاکە بکە لەگەڵ دوژمنانت**

**تا ببنە هاوڕێت.**

•

**ئەوەی فکرەیەکی هەڵەی**

**لەبارەی ژیانەوە هەبێ**

**هەمیشە فکرەی هەڵەی هەیە**

**لەبارەی مەرگەوە.**

•

ئەگەر هونەر بیەوێ رەسەنبێ، دەبێ

مەفهومبێ، بە تایبەتیش بۆ

ئەوانەی کە قسەیان ئاراستە دەکەیت.

•

کە دەڵێین: کارێکی هونەریی باش هەیە

بەڵام زۆرینەی خەڵک لێیتێناگەن

وەک ئەوە وایە بڵێین:

خواردنێکی زۆر باش هەیە

بەڵام زۆرینەی خەڵک ناتوانن بیخۆن.

•

دۆڕاین چونکە

بە خۆمانمان گوت:

ئێمە دۆڕاین.

•

بێئەوەی بزانم من کێم و بۆچی من لێرەم؟

ژیان مەحاڵە.

•

خەمی رەها مەحاڵە رێک وەک شادیی رەها.

•

مرۆڤی بێهێز بوونی نییە،

بەڵکو مرۆڤ هەیە نیشتمانی

هێزی خۆی پێنازانێ.

•

هەمووی بیر لە گۆڕینی

جیهان دەکاتەوە بەڵام کەس

بیر لە گۆڕینی خۆی ناکاتەوە.

•

خەم لە هیچ شتێ ناخۆم
کە لە دەستی دەدەم، چونکە
ئەو شتانەی لە دەستمداون
لەنێو هەست و بۆچوونمدا وجودیان نییە.

•

کاتێ مرۆڤ هۆگری مرۆڤێکی دیکە
دەبێ یانی جگە لە باشە و
چاکە هیچ شتێکی دیکە لەو کەسە
نابینێ.

•

بزانە تاکە رێگەی رزگاربوونت
لە خەڵک ئەوەیە
برینی خوێناویتیان لێ بشاریتەوە.

•

**خراپبە، بەڵام لایەنی کەم**

**درۆزنێکی فریودەر مەبە.**

•

**لە هەموو کتێبەکانی خوێندن**

**یەک کتێبی بە چێژی تێدا نییە.**

•

**لەوانەیە لە جەنگێکی پیسدا**

**ئاشتییێکی پاک بێتەدی و**

**لە جەنگێکی پاکیشدا ئاشتییێکی پیس بێتەدی.**

•

**باڵاترین پێگەیەک کە مرۆڤایەتی**

**پێیبگا ئەوەیە: بزانێ کە هیچ نازانێ.**

•

**مرۆڤێ توانای**

**بەسەر خۆشەویستییدا هەبێ**

**توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەبێ.**

•

**ئەگەر ئاواتت هەبوو بۆ ئاینده و**

**بەرلەوەی بەدەستیانبێنی و**

**زەواجت کرد**

**باشترە خۆت بۆ پرسە لەسەر**

**ئاواتەکانت ئامادە بکەیت.**

•

**هەرچەند خزمەتی مرۆڤم کرد و**

**هەرچەند قوربانیم بۆیاندا**

**هەرگیز چاوەڕوانی پاداشتیان لێناکەم.**

•

ئەگەر ویستت لە شتەکان

قووڵبیەوە، ناگەیتە هیچ

جگە ئازاری زیاترت.

•

نهێنی هێز لەوەدایە

چاوەڕوانی لە کەس نەکەی خۆشیبوێی.

•

بەبێ خۆشەویستیی ژیان سادە و

ئاسانە، بەڵام بێ مەعنایە.

•

دەمریت و گیا لەسەر قەبرت

دەڕوێت و هەموو شت کۆتایی پێدێ.

•

قەروێڵەیەکی خاڵی و کتێبێکم بدێ،

یانی بەختەوەرییت پێداوم.

•

پێویستە بیرنەکەینەوە

بیرکردنەوە زۆر ئازاربەخشە.

•

مادەم مەرگ هەیە

چ حەقیقەتێک دەتوانێ وجودی هەبێ؟

•

ئەوەی کە دەیڵێین هیچ

قیمەتێکی نییە بە بەراورد

لەگەڵ ئەوەی کە هەستی پێدەکەین.

•

کاتێ لە نەخۆشخانە پێیانگوتم:

ژنەکەت مرد.. نەمزانی چیبکەم

دەمویست بچمەوە ماڵ و

ئەو هەواڵە بە ژنەکەم بڵێم تا پێمبڵێ دەبێ چیبکەم.

•

بەهێزترین هۆکارەکانی

گۆڕینی مرۆڤ

ئێش و پارە و پەیوەندییە سۆزدارییەکانن.

•

مەرگ هەموو شتێ تێکدەدا و وێران دەکا،

بۆیە رۆشنە ژیانی مرۆڤ

بە رەهایی هیچ بەها و

مانایەکی نییە.

•

**داهێنانی سەد تیۆر سەدجار**

**ئاسانترە لە پراکتیکردنی یەک تیۆر.**

•

**پێویستە رێز لە بۆچوونی**

**دەبەنگەکان بگیرێ چونکە**

**ئەوان زۆرینەن.**

•

**بە خراپە بەرگریی لە خراپە مەکە**

**ئەگەرنا تۆش هاوبەش دەبیت لە خراپە.**

•

**حەقیقەت سادەیە،**

**بەو سادەییە لە درۆ جیادەکرێتەوە.**

•

بۆ کەسێ باشترە واز لە زۆرێک

لە حەق و ئارەزووەکانی بۆ ئەوانی

دیکە بهێنێ لەوەی ناچاریان بکا

بیانهێنێتە ژێر ئیرادەی خۆی.

•

لووتکەی ئەخلاقە، ئەگەر تۆ بتوانی

تۆڵە بکەیتەوە بەڵام ببەخشیت.

•

راستییە ترسناکەکان بڵێیت باشترە لەوەی کپیان بکەیت.

•

سەرەوتی مرۆڤ ئەو خۆشەویستییەیە

کە خەڵک بۆی هەیە.

•

ئەو لێیتێناگا.. تەنیا خۆشیدەوێ.

•

نیتچشە دەبەنگ و ناسرووشتی بوو.

•

بەوانە بڵێ کە هەوڵدەدەن

وێرانمان بکەن، جوانیی رۆحی ئێمە

نابەزێندرێ.

•

بۆچی وا لێمدەڕوانن بەڕێزینە؟

هەر لەبەر ئەوەی عەرەق دەخۆمەوە؟

ئەی بۆ کە کار دەکەم کەس نامبینێ و

کە دەشخۆمەوە هەموو دەمبینن؟

•

خۆشمدەوێیت و

کاتێ کەسێکت خۆشدەوێ

وەک ئەوەی کە هەیە خۆشتدەوێ

نەک وەک ئەوەی کە تۆ دەتەوێ.

•

غەمبار مەبە بۆ شتێ

کە لە دەستتداوە

لەوانەیە ئەگەر ببایە

هی تۆ غەمەکە گەورەتر ببا.

•

ئەگەر ئازار نەبووایە

مرۆڤ نەیدەتوانی نە سنوور و

نە خۆشی بناسێ.

•

که خیانەتت لێدەکەن وەک ئەوە

وایە باسکەکانتیان بڕیبێتەوە،

دەتوانی لێیان ببووریت بەڵام

ناتوانی لە باوەشیان بگریت.

•

هەمیشە بە دوای لایەنی باشی

خەڵکدا بگەڕێ نەک لایەنی پیسی.

•


باشبە و بە کەس مەڵێ کە تۆ باشیت.

•

کۆت و پێوەندی خۆشەویستیی

زۆر جیاوازیی نییە لەگەڵ کۆت و پێوەندی زیندان.

•



**Fyodor Dostoevsky**

**فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی (1821_1881)**

**نووسەر ورۆماننووسی رووس.**

**زستان بۆ ئەوانەساردە**

**کە بیرەوەری گەرمیان نییە.**

•

**شکۆ، نان نابەخشێ.**

•

**مرۆڤ چ هیچ و پووچە**

**بە هەموو شتێ رادێ.**

•

**ئەی گەورەی من**

**مرۆڤ هەمیشە**

**پێویستی بە پەناگەیە**

**تا هەست بە سۆز و رحم بکا.**

•

زۆر سەختە بۆ کەسێکیتر

لە قووڵایی ئازارم تێبگا

ئەوەش لەبەر هۆیەکی ساکار

چونکە ئەو من نیم و یەکێکیترە.

•

بۆ کەسێ ژیریی بە تەنیا بەس نییە

تا فریو نەدرێ، بەڵکو پێویستە

لە دڵیشیدا هەست هەبێ.

•

دەمزانی شتەکان لای ئێمە چۆن بەڕێوە دەچن..

هەر شتێ لای ئێمە جارێ بکەوێ

بە چەندین سەدە قیت نابێتەوە

بەڵام نا، من نامەوێ هەستمەوە.

•

**بڕیامدابوو**

**بێدەنگبم**

**بەڵام بێدەنگیی**

**بەهرەیەکی گەورەی دەوێ.**

•

**هەمیشە کاتی غرووبم**

**خۆشویسووە**

**ئەگەر دەتوانی**

**لەو سعاتە یادم بکەوە.**

•

**باشترە مرۆڤ**

**بەدبەختێکی عارفبێ**

**لەوەی خۆشحاڵێکی فێڵ لێکراوبێ.**

•

نە خواردن بە تەنیا و

نە پۆشاکی گرانبەها و

نە گوڵ و نە ئێرەیی ناتوانن

مرۆڤ بەختەوەر بکەن،

بەڵکو خۆشەویستیی بێکۆتایی

درووستی دەکا.

•

من کەسێکی

میهرەبان نیم و

دژی ئەو تۆمەتە

دەجەنگم

من کەسێکم

کەس ناتوانێ

لەگەڵی بژیێ.

•

راستە،

واقیع هەمیشە

بۆنی پێڵاوی لێدێ.

•

خۆشیی خۆشەویستیی گەورەیە

بەڵام ناخۆشییەکانی کارەساتن

بۆیە بۆ ئینسان باشترە

هەرگیز عاشق نەبێ.

•

من زیندانی

خووە خراپەکانم

ئەو شتانە دەکەم

کە پێویست نییە بیانکەم.

•

پێویست بە کڕینی

گوڵ و گریان ناکا

کاتێ دێیە سەر قەبرم

هیچ مەکە تەنیا ساندەویجێک بکڕە و

بیدە پاسەوانی گۆڕستانەکە.

•

نابێ ئینسان

بە بەردەوامی باشبێ.

•

یا دەبێ پاڵەوانبم یا هیچ

ناوەڕاست لە روانگەی منەوە

وجودی نییە

هەر ئەوەشە ون و دۆڕاوی کردووم.

•

ناتوانم بێدەنگبم

کاتێ دڵم قسە دەکا.

•

ژیرەکان دەزانن لەو رۆژگارە

بێدەنگیی باشترەلە قسە کردن.

•

ئینسان دەتوانێ

لە یەک ساڵدا

دەساڵ بژی.

•

دوا پەناگەی میللەتی ساویلکە

گاڵتەجاڕییە.

•

ئەگەر خوا بیەوێ سزای کەسێ بدا
یەکەمجار بێعەقڵی دەکا.
•

داوای هیچ دەستێکم نەکردووە
فرمێسکی ترسم بسڕێتەوە و
کەسم واگا نەهێناوە
لە ئامێزم بکا تا ئارام بکا،
پێویستە سوپاسی کێ بکەم؟
خراپترین چرکەساتەکانی ژیانم بە تەنیا ژیاوم.
•

چاوەڕوانتم وەک یەکێ کە
چاوەڕوانی خۆر دەکا
تا بێت و دەوری رووناک بکا.
•

چی دەبێ ئەگەر ئەو عەنکەبوتەی

تۆ لە ژوورەکەتدا کووشتت باوەڕی وابووبێ

کە بە درێژایی ژیانی تۆ هاوماڵی بووی؟

•

سەرەتا هی هەمووانە

بەڵام جێگیربوون هی راستگۆکانە.

•

وەک زۆرینەی جەماوەر مەبە

جیاوازبە ئەگەر بەو هۆیەوە تاک و تەنیاش بمێنییتەوە.

•

دەبەنگەکان لە هەموو کەس

باشتر دەزانن کارەکانیان بەڕێوە ببەن.

•

شەرم ناکەم لەوەی دانی پێدابنێنم
کە کچەکەمم لە هەموو کەس
خۆشترویستووە لەو جیهانە.

•

جوانیی جیهان رزگار دەکا.

•

ناوت هەر ئاسایی دەمێنێتەوە
تا ئەو کاتەی ئەو کەسەی کە خۆشتدەوێ دەیدرکێنێ.

•

دانی پێدادەنێم کە زمانم
جار جار بێدەنگ دەبێ بەڵام هەرگیز عەقڵم
لە قسەکردن ناکەوێ.

•

بیری مەزن تا حەددێ بەرهەمی

دڵی گەورەیە، نەک ئەنجامی زیرەکیی مەزن.

•

دەسەڵاتی رەها کە هیچ

سنوورێکی نییە جۆرێکە لە چێژ،

ئەگەر ئەو دەسەڵاتە

لەسەر مێشوولەیەکیش بێ.

•

ئەوە سەرسوڕهێنەر نییە

کە زۆرترینجار بلیمەتەکان

دڵخۆش نین لەو دنیایە؟

کەچی دەبەنگ و گەمژەکان

تەواو لە خۆیان رازین.

•

بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە راسکۆلنیکۆف
زۆربەی کاتەکانیش بە تەنیابوو،
سەرنەکەوت لەوەی هەست
بە تەنیایی بکا.

•

_ئیدی بەرگە ناگرم ئەو چەکەم بدێ.
_چی دەکەی؟ خۆکووشتن تاوانە.
_خۆکووشتنی چی دەبەنگ، دەمەوێ
هەموویان بکوژم.

•

هەموو شتمان دەفرۆشین
لە پێناو بەختەوەرکردنی
ئەوانەی کە خۆشماندەوێن.

•

هیچ شتێ ناتوانێ

رزگارت بکا

ئەوە نەبێ کە ژیانت

لە رەگەوە بگۆڕیت.

•

ئەوانەی شارەزایانە فەوزا

لەنێو کۆمەڵگەدا درووستدەکەن

ئەو کەسانەن کە چارەسەریان

بۆ کێشەکانی خۆیان نییە و بە دوای

سەرکردەبووندا دەگەڕێن لەناو فەوزادا.

•

مرۆڤ هەندێ بیرەوەری هەیە

نایەوێ بۆ خۆشی دانیان پێدابنێ.

•

ئەو بلیمەتێکە لە بلیمەتەکان،

گوتی: ئەوەندە بەسە

دەبەنگێک هەست بکا دەبەنگە

تا نەبێتە دەبەنگ..

ئای خوایە ئەو قسەیە چەند راستە!

•

عاشقی گوناحەکانی خۆم بووم

کاتێ ئیمانی ساختەی ئێوەم بینی.

•

گرنگترین هۆکاری فەشەل لە ژیان

ئەویە کە هەموویان بە چڕی چاویان

لەسەر تۆیە و بە تۆوە خەریکن،

باوەڕم پێبکە کەس گرینگیت پێنادا.

•

لە ژیاندا هەندێ سعات هەن،

دەڵێی تەواوی ئازاری چەندینساڵیان

تێدا چڕکراوەتەوە.

•

کەس مانای ژیان نازانێ

ئەوانە نەبن کە لە دەستیانداوە

یا لەسەر ئەوەن لە دەستیبدەن.

•

لە نیشتمان بمێنییتەوە باشترە

بە لایەنی کەم لێرە

کەسێ دەتوانێ خەڵک

بە هەموو شتێ تاوانبار بکا و

خۆشت بە بێتاوان نیشانبدا.

•

دەڵێی لە گوندێکی دانمارکی دەژیم

جگە لە چێڵ

ژیانم هیچ شتێکی دیکەی تێدا نییە.

•

خودایە

هەرچیم لە دەستهات کردم

ئێستا نۆرەی تۆیە.

•

_هەر مرۆڤێک

فکرەی خۆی هەیە

فکرەی تۆ چییە؟

_فکرەی من ئەوەیە خەڵک

لێمگەڕێن و وازملێبێنن.

•

تێدەگەی گەورەم

تێدەگەی مانای چییە

کەسێ شوێنێکی نەبێ

بۆی بگەڕێتەوە؟

•

بیر لەنێو ئازاردا گەشە دەکا و

ئازار بانگی بیر دەکا،

ئەگەر مرۆڤێ بەختەوەربێ

یانی هەرگیز  بیری نەکردۆتەوە.

•

وازم لە گرنگیدان

بە هەموو شتێ هێنا

هیچ کێشەیەکم نەما.

•

کە چەنەبازیم دەکرد

هی ئەوەبوو

هیچم نەدەکرد.

•

ئازار هەموو شتێ پاک دەکاتەوە.

•

گەورە مەبە

گەورەبوون تەڵەیە.

•

پێویست ناکا ئەو ململانێیە توندە بکەن

لەسەر ئەوەی کامتان خراپترینە

دڵنیابن دۆزەخ جێی هەمووتانی لێدەبێتەوە.

•

قەناعەتم بە هەموویان هێنا
کە بە تەواوی لە بیرم کردووە،
پێویستە ئێستا قەناعەت بە خۆم بێنم
کە بە تەواوی لە بیرم کردووە.

•

تا کۆتایی پارێزگاریی لە ئیمانت بکە
هەتا ئەگەر تۆ لەو جیهانەدا
تاکە کەسێکیش بمێنێیتەوە
کە پارێزگاریی لێبکەیت.

•

زیرەکیی کێشەیە و بیرکردنەوە نەخۆشییە و
زۆر زانین نەفرەتێکی حەقیقییە،
هەموو هۆشیارییێک نەخۆشییە.

•

بیرەوەریی بە ئازارە

جا ئەو بیرەوەریە

جوان بێ یا غەمگین.

•

دوو بژاردەم هەیە:

یا وەک فەرمانبەر لە پۆست

بمێنمەوە و شێتبم، یا لەسەر

نووسین جێگیربم، ئیدی بڕیارمدا

لە برساندا بمرم.

•

ژیان دیارییێکە،

دەکرێ هەر دەقیقەیەکی

بکەینە سەدەیەک لە شادیی.

•

ئەوە ناهێنێ منافەسە

لەگەڵ یەکتر بکەن

کە کامتان خراپترینە،

دڵنیابن دۆزەخ جێی هەمووانی لێدەبێتەوە.

•

خەڵک رقیان

لە کەسی بەهێز دەبێتەوە و

گوێڕایەڵیشی دەبن،

بێهزیان خۆشدەوێ و

ریسواشی دەکەن..

•

کە پارە قسە دەکا،

راستگۆیی بێدەنگدەبێ.

•

ماوەیەک

تەنیایی تاقیبکەوە

دەبینی کە بەشەر

هیچ سوودێکی

راستەقینەیان نییە

جگە لەوەی بە کێشەی دەروونی و

قسەی رووکەشی خۆیان

کۆتاییت پێبێنن.

•

من کەسم خۆشناوێ

ئاوا باشترە

بەڵام ئومێدی

بەختەوەریی

بۆ هەمووان دەخوازم.

•

ئاهـ ئەی هاوڕێم،

ئەو بێسنوور خۆشیدەویستم و

منیش بێسنوور

ئەوم خۆشدەویست

بەڵام بەختەوەرانە نەژیاین و

سەرباری ئەوەش

وازمان لە یەکتر خۆشویستن نەهێنا و

هەرچەندیش بەدبەختییمان زیاتر دەبوو

پەیوەستبوونمان بە یەکترەوە زیاتر دەبوو.

•

ژیان

لە هەموو شوێنێ هەر ژیانە،

ژیان لەنێو ئێمەدایە

نەک لە دنیای دەرەوە.

•

تا دەتوانی گۆشەگیربە

بۆ ئەوەی بەهێزبیت، ئەگەر تەنیایی

دۆزەخیش بێ هێشتا زۆر باشترە

لەو هەموو دەمامکەی مرۆڤ.

•

هەر کێ زیاتر لە بیست دەقیقە

قسە بکا، غەریزە کووشتن

لای گوێگر دەورووژێنێ.

•


کاتێ کەسێکمان زیاتر

لە ئەوانی دیکە خۆشتردەوێ

بەر لە ئەوانی دیکە ئەشکەنجەی

دەدەین.

•




## Anton Tschechow

## ئەنتۆن چیخۆف (1904_1860)

## نووسەری رووس

**بەدەستهێنانی ئاشتیی**

**بەهەر نرخێ**

**هەرگیز بە مانای ئاشتیی نایە.**

•

**رەزیل هی سەروەتی خۆیەتی،**

**بەڵام سەروەتەکەی هی ئەو نییە.**

•

**خۆشەویستیی و**

**برادەرایەتی و**

**رێزگرتن**

**خەڵک یەکناخا وەک ئەوەی**

**کە رقلێبوونەوە لە شتێ**

**یەکیان دەخا.**

•

زەمەن دەڕوا و دوای ئێمە کەسانێ دێن
دەزانن کە بۆچی ئەشکەنجەمان چەشت
ئەوان رووخسارمان لەبیردەکەن
بەڵام ئەشکەنجەی
ئێمەیان بیردەمێنێ.

•

هەرچەندە رۆشنبیریی کەسێ زیادبێ
ئەوەند بێئومێدیی و هیلاکیی زیاد دەبێ.

•

ئێمە بۆ ئەوە ناژین تا بخۆین
بەڵکو بۆ ئەوە دەژین
تا هەستی
خواردنی خۆراک بزانین.

•

**ئەی ڕێزداران؛ گرنگ ئەوەیە**

**کەمتر بیربکەینەوە.**

•

**ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان**

**پێویستیت بە ژیانم بوو، وەرە بیبە.**

•

**دەبێ بزانی بۆچی دەژیت**

**گەرنا هەموو شت پڕوپووچە و**

**پووشێ ناهێنێ.**

•

**ئەگەر بەختەوەر نین،**

**گوناحەکە، گوناحی ئێوەیە.**

•

**شتەکان چەند بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر**

**کۆتاییان پێدێ لەو دنیایە!؟**

**•**

**کە لەبارەی شتی غەمگینەوە بۆتان دەنووسم**

**بۆ ئەوە نییە بگرین**

**بەڵکو بۆ ئەوەیە فێربن**

**کە چۆن قەدەری ئەو شتانە بگۆڕن.**

**•**

**هەرچەندە ئەو بەرەبەیانەی**

**کە ژیانت رووناک دەکا نایابێ**

**لە کۆتاییدا هەر دەتخەنە**

**نێو تابووتێک و**

**تابووتیش بۆ نێو قەبر.**

**•**

خۆشەویستییم ناکوژێتەوە

بە کوژانەوەم نەبێ.

•

تۆ لێرە هەمووان دەناسی، هەمووشیان تۆ دەناسن

بەڵام غەریبیت، غەریب و تەنیا.

•

کەس نایەوێ لەناخمادا

مرۆڤێکی ئاسایی خۆشبوێ.

•

پێنج هەستەکەت بۆ کەسێ

بە خەسار مەدە کە تەنانەت یەک هەستیش

بە کار ناهێنێ تا هەستت پێبکا.

•

**کێشەکە لە ڕەشبینی و گەشبینیدا نییە**

**بەڵکو لەوەدایە کە سەدا نۆهەت و نۆی خەڵک**

**عەقڵیان نییە.**

•

**دوو هۆکار هەن**

**بۆ متمانە نەکردن**

**بە خەڵک:**

**یەکەمیان ئەوەیە: نایانناسین.**

**دوومیشیان ئەوەیە: دەیانناسین.**

•

**ئەگەر ناچار چارەسەر هەر پێویستبێ**

**ئەوە با هۆکارەکان چارەسەر بکەین**

**نەک نەخۆشییەکان.**

•

پێویستە بزانیت کە زەواج بەبێ خۆشەویستیی

کارێکی سووک و ناشایستەیە بە مرۆڤ

ڕێک وەک ئەوەیە

نوێژ بکەیت و ئیمانت نەبێ.

•

لەوە ئاسانتر نییە لەسەر کاغەز

ببیتە فەیلەسوف و

لەوەش گرانتر نییە

بە کردار ببیتە فەیلەسوف.

•

بتەوێ یا نەیەوێ

لە کۆتاییدا پێویستە لە سەرت

دەبێ بژیت.

•

کەسێ

هەرچەندە پاکتربێ

لە ژیان

ئەوەندە بەدبەختتر دەبێ.

•

بە تەنیا دەژیم

چونکە بە تەنیا

لە قەبرمدا دەمنێژن.

•

ئەو کەسانەی

کارەساتی هاوبەشیان هەیە

هەست بە ئارامیی دەکەن

کاتێ بە یەکەوە کۆدەبنەوە.

•

بە من مەڵێ مانگ چەند ڕۆشنە
بەڵکوترووسکەیەکم
لەسەر شووشە شکاوەکان بدێ.
•

مەرگ ترسناکە،
بەڵام ترسناکتر لە مەرگ ئەوەیە
یەکێ هەست بکا
تاهەتایە دژیت و
تاهەتایە نامرێت.
•

دەزانم ژیانی ئارام و جێگیر بۆ من
گونجاو نییە، بەڵام هەندێجاریش
بیری دەکەم.
•

**ڕۆشنبیران بە کەلک هیچ نایەن،**

**هەر خەریکی چا خواردنەوە و**

**چەنەبازیی درێژدادڕن**

**لە ژوورە هەوا پیسەکان**

**بەرانبەر بتڵە بەتاڵەکانی عەرەق.**

•

**ئۆۆهـ کوانێ رابردوو؟ بۆ کوێ رۆیشت؟**

**ئەو کاتانەی خەونەکان و فکرەکانم جوان بوون**

**ئەو کاتانەی ئومێد ئێستا و ئایندەمی**

**رووناک دەکردەوە.**

•

**ژن پێویستیی بە هیچ نییە**

**تەنیا بە نیانیی لێیبڕوانە.**

•

**لەوانەیە سەرکەوتنی سەرسامکەرم نەبێ**

**بەڵام دەتوانم بەو دۆڕانانە سەرسامت بکەم**

**کە تێیدا بە زیندوویەتی هاتوومەتە دەرەوە.**

•

**ئەوەی ئارەزووی هیچ شتێ ناکا و**

**ئومێدی هیچ شتێ ناکا و**

**لە هیچ شتێ ناترسێ**

**ناتوانێ ببێتە هونەرمەند.**

•

**نابیە قەدیس**

**لەسەر حیسابی**

**گوناحی**

**ئەوانی دیکە.**

•

ئای لەو کەشە جوانەی ئەمڕۆ!
نازانم چایەک بخۆمەوە
یا خۆم بە پەتێ بخنکێنم.

•

بۆچی هاملێت دوای مردنی
خۆی لە دنیای تارماییەکاندا
نوقم کرد و سەرقاڵیان بوو
لەگەڵ ئەوەیش کە ژیان پڕە لە تارمایی ترسناکتر؟

•

ئیدی ژیان ئاوایە، لە گوڵێک دەچێ
کە بە شادییەوە لە خاکێکی سەوزدا
دەپشکوێ و دواتر بزنێک دێ و
دەیخوا و هەموو شتێک کۆتایی پێدێ.

•

وریابە

ژن دوای گریان

بەهێزتر دەبێ.

•

پێویستە هەست بکەیت

کە تۆ تەنیایت

لە ژوورێکدا

بەختەوەریی راستەقینە

بە بێ تەنیایی موستەحیلە.

•

من لەوە زیرەکترم

باوەڕ بەوە بێنم

کە خێر سەردەکەوێ.

•

ژیان تەڵەیەکی پیسە

کاتێ بیرکەرەوە دەگاتە پێگەیشتن و تێگەیشتنی تەواو

لەو هەستە دەربازی نابێ کە ئەو قوربانیی تەڵەیەکە و

راکردن لێی وجودی نییە.

•

چەند زۆرن ئەوانەی دەدزن بەبێ

ئەوەی بۆنی زیندانەکان بکەن.

•


ژمارەی ئەوانەی ژنان وێرانیان دەکەن

زیاترن لەوانەی کە نەخۆشیی کۆتاییان پێدێنێ.

•

ئەوەی کە سەرنج نادا

وەرز هاوینە یا زستان، بەختەوەرە.



# Nikos Kazantzakis

# نیکۆس کازانتزاکیس (1883_1957)

# ڕۆماننووس و فەیلەسوفی یۆنانی

داننان بە گوناح، نیو تۆبەیە.

•

هەر مرۆڤێ جۆرێک لە گەمژەیی تێدایە
بەڵام گەمژەیی گەورە ئەوەیە
کە مرۆڤ گەمژەیی تێدا نەبێ.

•

گرنگ نییە مرۆڤ سەری هەبێ
ئەوەندە بەسە کڵاوی هەبێ.

•

بەختەوەریی بەجێگەیاندنی ئەرکە و
هەرچەندە ئەرکەکەش سەختتربێ
بەختەوەرییەکە گەورەتر دەبێ.

•

زۆربا رۆژانە هەموو شتێ

بۆ جاری یەکەم دەبینێ.

•

من مەخلوقێکی کاتیی و لاوازم

لە قوڕ و خەون درووستکراوم

بەڵام هەموو هێزی گەردوون

لە مندا هاوار دەکا.

•

ئێمە بە دەریا و وشکانیدا

سەفەر دەکەین و دەخولێینەوە،

لەگەڵ ئەوەشدا

هێشتا بەردەرگای ماڵی خۆمان

تێنەپەڕاندووە.

•

هەموو ئەو شتانە لە ژیاندا

دەمویست، ماڵێکی بچووک و

مەرکانێ رەیحان و ژنێکی باش بوو،

کەچی هەرگیز پێینەگەیشتم.

•

هەتا چاکەکردنیش

پێویستی بە میهرەبانییە

ئەگەرنا دەبێتە

لە خۆباییبوون.

•

چەند حەزینە

بە تەنیایی لە کەناری دەریادا

رێ بکەین.

•

نە داوای سەرەتای دنیا دەکەم و

نە کۆتایشی

دوای ریتمی ترسلێنیشتووی دڵم

دەکەوم و دەڕۆم.

•

_مرۆڤی ئازاد کێیە؟

_کەسێکە لە مەرگ ناترسێ.

•

ئەو ژیانە

مەتەڵێکە و

مرۆڤیش

هیچ شتێ نییە

جگە لە حەیوانێکی دڕندە.

•

**لە کەڕ خراپتر ئەو کەسەیە**

**کە نایەوێ گوێبگرێ.**

•

**لە حاڵێکدا**

**کە ناتوانین واقیعمان بگۆڕین**

**با چاوەکانمان بگۆڕین**

**کە بە هۆیەوە**

**ئەو واقیعەی**

**پێدەبینین.**

•

**دەمرم و**

**هێشتا کتێبی زۆر**

**لە ناخمدایە.**

•

بۆ ئەوەی سەرکەوین
دەبێ یەکەمجار
باوەڕ بەوە بێنین
کە دەتوانین سەرکەوین.

•

ئومێد بۆ هیچ ناخوازم و
لە هیچ شتێ ناترسم
ئا بەم شێوەیە من ئازادم.

•

من پردێکم
بە ناکارامەیی درووستکراوم
کاتێ کەسێ بەسەرمدا تێدەپەڕێ
وێران دەبم.

•

ئەوە کێشەی تۆیە کە زۆر بیر دەکەیتەوە

کەسە زیرەکەکان و

میوەفرۆشەکان

هەموو شت میزان دەکەن.

•

لەو جیهانەدا تەنیا یەک ژن هەیە

تەنیا یەک ژن

بەڵام بە رووخساری جیا جیا.

•

تەنیا تاکە شتێ

کە من دەیزانم ئەوەیە

پڕم لە برین و هێشتایش

لەسەر پێی خۆمدا وەستاوم.

•

بە کەللەسەرمان لە دیوار دەدەین

دیسانەوە لێیدەین، کەللەسەری زۆر دەشکێن

بەڵام رۆژێ دێ ئەو دیوارە دەڕووخێ.

•

ترسیان بە میرات

لە باوک و باپیرەوە بۆ دەمایەوە

لەگەڵ لە دایکبوونیان ترس دەستیپێدەکرد و

بە مردنیان نەبا کۆتایی نەدەهات

هەر بۆیە ناویان لەو ترسەنا ژیان.

•

بۆ ئەوەی هەست بە بەختەوەریی بکەیت

تەنیا پێویستیت بە دڵێکی رازی و

دەروونێکی قایل هەیە.

•

دەتوانی تا ئەبەد

لە دەرگای ماڵی کەڕێک بدەی.

•

کاتێ لەنێو بەختەوەرییێکدا دەژین

بە دەگمەن هەستی پێدەکەین

بەڵام کە تێدەپەڕێ

بە سەرسوڕمانەوە دەڵێین:

ئای چەند بەختەوەربووین.

•

دەمزانی

ئەگەر هاوار بکەم

هەستەکانم ئارام دەگرن

بەڵام شەرمم کرد.

•

رۆحم لە ناخمدا بە کوڵ دەگری و

هەرچی کە لەو ژیانەدا دەیکەم

تەفسیرە بۆ ئەو گریانە.

•

هەر کە لە دایکدەبین گەڕانەوە دەستپێدەکا و

یەکسەر دەرپەڕین گەڕانەوە

بە یەکەوە دەسپێدەکەن و

لە هەر چرکەیەکدا دەمرین

بۆیە زۆر کەس هاواریان کرد:

ئامانجی ژیان مردنە.

•

بەختەوەرە ئەو مرۆڤەی

هاواری چاخی خۆی دەبیستێ.

•

تۆ زۆر تێدەگەیت

ئەوەیە نهێنی ئازار چەشتنت

ئەگەر کەر بووایت ئێستا ئاسوودە بوویت.

•

مرۆڤی راستەقینە بەرخ نییە

سەگی پاسەوانیی و گورگ و شوانیش نییە

ئەو پاشایە و مەملەکەتەکەی خۆی

دەخاتە کۆڵ و بەرەو پێشەوە دەڕوا.

•

بە درەختی باویم گوت:

ئەی خوشک

لە بارەی خواوە بۆم بدوێ..

درەختی باوی گەشایەوە.

•

**که منداڵە بچووکەکەم مرد**

**خەریکبوو لە ئازاردا بمرم**

**لەو کاتەی خەڵکەکە دەگریان**


**دەستم بە سەماکرد**

**بەڵێ سەما..**

**خەڵک دەیانگوت: زۆربا شێتبوو.**

**نەیاندەزانی ئەگەر سەمام نەکردبا دەمردم.**

•




**Albert Einstein**

**ئەلبێرت ئاینشتاین (1955_1879)**

**زانای ئەڵمانی**

من نازانم لە جەنگی سێیەمی جیهانی

مرۆڤ چ جۆرە چەکێک بەکار دێنێ،

بەڵام دەزانم

لە جەنگی جیهانی چوارەمدا

گۆچان و بەرد بەکار دێنن.

•

پێویستە سەرەتا ڕێساکانی یاری فێربی

ئینجا فێردەبی چۆن

باشتر لەوانیدیکە یاری بکەیت.

•

لە قوتابخانەدا وانەت فێردەکەن

ئینجا تاقیتدەکەنەوە، بەڵام ژیان تاقیتدەکاتەوە

ئینجا وانەت فێردەکا.

•

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وەک
تەورێک وایە کە لە دەستی
تاوانبارێکی نەخۆشدابێ.

•

دوو شت سنووریان نییە، گەردوون و
گەمژەیی، ئەگەرچی سەبارەت بە
سنووری گەردوون دڵنیانیم.

•

لۆژیک
لە _ئەلف_وە
دەتگەیەنێتە_ بێ_،
بەڵام خەیاڵ دەتباتە
هەموو شوێنێک.

•

**رۆشنبیران دوای ڕوودانی کێشە**

**هەوڵی چارەسەرکردن دەدەن**

**بەڵام بلیمەتەکان بەرلەوەی کێشە دەستپێبکا**

**هەوڵدەدەن ڕوونەدا.**

•

**نهێنی داهێنان ئەوەیە بزانیت**

**چۆن سەرچاوەکانت بشاریتەوە.**

•

**فکرەکە ئەوە نییە کە من زۆر زیرەکم**

**بەڵکو هی ئەوەیە**

**کە من**

**کاتێکی زیاتر تەرخان دەکەم**

**بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.**

•

پێویستە بە گوێرەی توانا هەموو شتێ ئاسان بکەین

بەڵام بەبێ زێدەڕۆیی کردن لە ئاسانکردنیان.

•

بەهادارترین شت لە دنیادا

مەزندەکردن یا فکرەیەکی درەوشاوەیە.

•

کەسێک کە هیچ هەڵەیەک ناکا،

هیچ شتێکی نوێی تاقینەکردۆتەوە.

•

هەمیشە رۆحی گەورە

لە لایەن ئەو کەسانەی ژیرییان مامناوەندییە

رووبەڕووی بەرهەڵستکاریی دەبنەوە.

•

زانست هیچ نییە جگە لە دووبارە ڕێکخستنەوەی بیرکردنەوەکانی ڕۆژانەت.

•

مەعریفە زانیاری نییە، تاکە سەرچاوە مەعریفە ئەزموون و شارەزاییە.

•

من بەهرەدار نیم، من فزوڵیم.

•

ئەو دنیایە هیچ نییە
جگە لە پێشبڕکێیەکی نەفرەتی،
بۆ تەواوی ئێمەی زیندووان نووسراوە
کە دەبێ تێیدا بەشدار بین.

•

**گرنگترین شت ئەوەیە**

**لە پرسیارکردن نەوەستی.**

•

**ئەو پرسیارە تەماویەی**

**کە بەرەو شێتیم دەبا ئەوەیە: ئایە من شێتم**

**یا ئەوانی دیکە؟**

•

**هەر کاتێ هەڵسەنگاندمان**

**بۆ شتێ هەڵەبوو، ناوی لێدەنێین سودفە.**

•

**کەم مەعریفەیی ترسناکە و**

**زۆر مەعریفەیش هەروەها.**

•

خوا یاری زارانێ ناکا.

•

ئەو کەسەی زۆر دەخوێنێتەوە و

عەقڵی کەم بە کاردێنێ

تووشی تەمبەڵیی بیرکردنەوە دێ.

•

ناتوانین بە هەمان شێوە بیرکردنەوە

کێشەکانمان چارەسەر بکەین

کە کێشەکانمان پێدرووستکردوە.

•

بەختەوەریی هەرگیز روو لەوانە ناکا

کە رێز لەو شتانە ناگرن کە هەیانە.

•

جیهان شوێنێکی ترسناکە

لەبەر ئەوانە نا کە بە شەڕ دێن

بەڵکو لەبەر ئەوانەی کە تەماشا دەکەن و

وەستاون و جوولەیەک ناکەن.

•

زۆرینەی مرۆڤەکان ئامانجی پڕوپووچیان هەیە:

سەروەت، دەسەڵات،

حەسانەوەی گەورە، ناوبانگ..

من ئەو شتانە ریسوا دەکەم و تەنیا لەبەر مەعریفە و

کاری باش رێز لە مرۆڤ دەگرم.

•

من کەس لە دەستنادەم بەڵکو دەیانخەمە نێو

ڕەفەی ئەزموونەکان و دەڕۆم.

•

ترس لە مەرگ ترسێکە

ناتوانرێ پاساوی بۆ بهێندرێتەوە.

•

داهێنان خەیاڵە،

خەیاڵیش هی هەمووانە.

•

کاتێ داهێنان دەبێتە ژیریی

دەبێتە جۆرێک لە خۆشیی.

•

ژیان وەک پایسکل لێخوڕینە،

بۆ ئەوەی هاوسەنگیت بپارێزی

پێویستە لە ڕۆیشتندا بەردەوام بیت.

•

خەو ئەو دۆستەیە لە ژیانت دەسەنێ و

هیلاکیشت لەگەڵ خۆی دەبا.

•

کەم کەس هەن بە چاوەکانیان

ببینن و بە دڵیشیان هەست بکەن.

•

جیاوازیی لە نێوان بلیمەتیی و دەبەنگیدا ئەوەیە

کە بلیمەتیی سنووری هەیە.

•

دوو ڕێگە هەیە بۆ ژیان یا دەژیت و

هەموو شتێ بە موعجیزە دەبینیت

یا دەژیت و هیچ شتێ بە موعجیزە نابینیت.

•

ئەگەر بانگەشەی ئەوەت کرد

کە لە فکرەیەک تێگەیشتوویت

ئەوە پێویستە بتوانی ئەو فکرەیە

بۆ داپیریشت شیبکەیتەوە.

•

تاکە هۆکاری بوونی کات ئەوەیە

کە هەموو شتەکان بە یەکجار روونادەن.

•

دڵسۆزیی سامانێکی دەگمەنە،

•

هیچ کەس نییە شتێکی نەبێ غەمگینی نەکا

بۆیە لە خەندەکردن مەوەستە.

•

ئەگەر دەتەوێ بەختەوەر بژیت

ژیانت بە ئامانجێکەوە پەیوەستکە

نەك شتەکان یا کەسەکان.

•

جیاوازیی لەنێوان

بلیمەتیی و شێتی ئەوەیە:

بلیمەت هەمیشە

لە سنوورێکی گونجاودا دەوەستێ

بەرلەوەی شێتبێ.

•

چەند کەمتر بدوێین

وشەکانمان

مانای بەهێزتریان دەبێ.

•

کاتێ مرۆڤ کاری باش بکا

تەنیا لەبەر ئەوەی لە سزا بترسێت و

لە بەرانبەردا ئومێدی پاداشت بخوازێ

ئەوە یانی ئێمە جۆرە بوونەوەرێکین شیاوی بەزەیین.

•

ئەگەر نەتوانی بە ئاسانی تەفسیر بکەی

ئەوە تۆ بە گوێرەی پێویست تێنەگەیشتوویت.

•

زۆر کەس سەرکەوتوو دەبن

لەگەڵ ئەوەیش کەسانیتر متمانەیان پێیان نییە

بەڵام بە دەگمەن

کەسێ سەرکەوتوو دەبێ

ئەگەر متمانەی بە خۆی نەبێ.

•

هیچ شتێ

دژ بە ویژدانت ئەنجام مەدە

هەتا ئەگەر دەوڵەتیش داوات لێبکا.

•

ژیر کێشە چارەسەر دەکا

بەڵام حەکیم لێناگەڕێ رووبدا.

•

هەر کێی لەگەڵ کۆمەڵ بڕوا

دوورتر ناڕوا

لەوەی کۆمەڵ بۆی دەڕوا

بەڵام ئەگەر بە تەنیا بڕوا

زۆرجار خۆی لە هەندێ شوێن دەدۆزێتەوە

کە کەس بەر لەو بۆی نەچووە.

•

**له خەڵکی خراپ**

**دووركەوە**

**چونكە ئەوان كێشەيان**

**بۆ هەموو**

**چارەیەک هەیە.**

•

**له پێناو سەركەوتن تێمەكۆشە**

**بەڵكو له پێناو بەها تێبكۆشە.**

•

**ئەورۆ هیچ شكۆیەكی گەورەتر نابینم**

**له ژیانی تەنیایی و**

**بێئاگابوون**

**له هەموو شتێ.**

•

ناتوانرێ لە ڕێگەی هێزەوە

پارێزگاریی لە ئاشتیی بکرێ

بە دەستهێنانی ئاشتیی

تەنیا لە تێگەیشن لە یەکتری دێتە دی.

•

دەبەنگیی ئەوەیە شتێ

بە هەمان شێواز و هەنگاو

دووجار ئەنجامدەیت و

چاوەڕوانی ئەنجامی جیا بکەیت.

•




# Oscar Wilde

# ئۆسکار وایڵد (1854_1900)

# نووسەر و شاعیری ئێرلەندی

هەر کێی بە دوای ژنێکی باش و

زیرەک و جواندا بگەڕێ

دەبێ بە دوای سێ ژندا بگەڕێ.

•

خۆپەرستیی ئەوە نییە

مرۆڤ چۆنی بوێ ئاوا بژی

بەڵکو ئەوەیە خەڵک چۆنیان دەوێ

داوای لێبکەن ئاوا بژی.

•

لە خوێندندا ئێمە خەڵک فێردەکەین

چۆن شتیان بیربێتەوە

لە جیاتی ئەوەی فێریان بکەین

چۆن گەورەبن.

•

**دەکرێ دزیی لە دەوڵەمەندە ئاساییەکان بکرێ**

**بەڵام دزی لە دەوڵەمەندی راستەقینە ناکرێ**

**لە ناختدا بێکۆتایی شتی گرانبەهای تێدایە**

**کە کەس ناتوانێ لێتی بسەنێ.**

•

**قەدیس و بەدکار هەمان شتن**

**تاکە جیاوازییان ئەوەیە**

**کە قەدیس رابردووی هەیە و**

**بەدکاریش ئایندە.**

•

**ئەگەر  بەردەوام و جار لە دوای جار**

**لەززەتت لە خوێندنەوە نەبرد**

**ئەوە هەرگیز سود لە خوێندنەوە نابینی.**

•

دەمەوێ ئەو پیاوانە ببینم

کە ئایندەیان هەیە و ئەو ژنانەیش

کە خاوەنی رابردوون.

•

هەست بەهادارترین شتە لەو وجودە و

لە رێگەی هەستەوە هەموو شت

ئاسان دەبێ.

•

پێناسە، پێناسەکراو بێتام دەکا.

•

گەورەترین سووکیی ئەوەیە

کەسێکی دەستکردبی.

•

زۆرترینجار کورتترین ڕێگە

خێراترین ڕێگەیە

تا بمانگەیەنێتە ئەو شوێنەی

کە مەبەستمان نییە.

•

ئەو کتێبانەی کە بە ئیرادەی خۆت دەیخوێنیتەوە

چارەنووست دیاری دەکەن

لەو کاتانەی هیچ بژاردەیەکت لەبەر دەستدا نییە.

•

مەعریفە دەکوژێ..

ئەوە تەمە وا لە شتەکان دەکا

وەک ساحیر

دەرکەون.

•

بێزاریی تاکە گوناحێکە ناکرێ

لێیخۆشبیت.

•

وەهم یەکەمینی هەموو خۆشییەکانە.

•

ئەو کەسانەی خەریکی مەعریفەن

ئەو کەسانەن کە هەموو شت دەزانن و

هیچیش نازانن.

•

هێزی زاکیرەی ژن شتێکی بێزارکەرە

جا ئەگەر شتێکیان نیشان بدا

ئیدی عەقڵیان هەرگیز کار ناکا.

•

سەرچاوەی ڕێزگرتنمان لە ئەوانیدیکە

ترسە لەوەی کە ئەوان ڕێزمان نەگرن.

•

من کەس ناکەمە قوربانی چونکە

خەڵک بە خۆیان بەرەو کووشتارگە دەڕۆن.

•

دوو کارەسات هەیە لە ژیان؛

یەکەمیان بەو شتە نەگەی کە دەتەوێ و

دووەمیشیان پێیبگەی.

•

مرۆڤ چۆن هەژار دەبێ

کاتێ کەسێ هەبێ خۆشیبوێ.

•

هیچ شتێ رۆح پاک ناکاتەوە

جگە لە هەست و

هیچ شتێکیش هەست پاک ناکاتەوە

جگە لە رۆح.

•

کێشەی ژیان ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام

جار لە دوای جار باجی گوناحەکانمان دەدەینەوە

قەدەر هەرگیز دەفتەری حیسابی لەگەڵ مرۆڤ داناخا.

•

تا ئەو کاتەی وەک شەڕ تەماشای جەنگ بکرێ

هەمیشە سیحری خۆی هەیە

بەڵام کاتێ دەبێتە فاحیشە

جەماوەرییەتی خۆی لە دەستدەدا.

•

**کۆیلەی راستەقینە ئەو کەسەیە**

**کە ناتوانێ بە ئازادیی گوزارشت**

**لە بۆچوونی خۆی بکا.**

•

**لە کتێبخانە فراوانەکان**

**عەقڵی تەسک**

**پێویست نییە.**

•

**کەست لەبەر شێوە و شیکیی و**

**سەیارە نوێیەکەی خۆشنەوێت،**

**بەڵکو لەبەر ئەوە خۆشتبوێن**

**کە گۆرانییەکت بۆ دەچڕن**

**جگە لە تۆ کەس ناتوانێ بیبیستێ.**

•

پرسیاری گەمژانە وجودی نییە

بەڵام وەڵامی گەمژانە هەیە.

•

ئەزموون شتێکە

ناتوانی بەبێ بەرانبەر بە دەستی بێنی.

•

کە منداڵ بووم پێموابوو

پارە هەموو شتێکە لە وجود

ئەورۆ دوای ئەوەی

کە گەورەبووم، زانیم راستم دەکرد.

•

ئەوەی دوژمنی نەبێ نەفرتلێکراوە لای برادەران.

•

زەوقێکی زۆر سادەم هەیە

هەمیشە حەزم لە باشترین شتە.

•

هەمیشە میهرەبانبە

لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کەس گرنگیان پێنادا.

•

سەرکەوتن دوژمنت بۆ درووست دەکا

ئەگەر دەتەوێ ببیتە کەسێکی جەماوەریی

ریسوابە.

•

ئەو شتەی بەبێ ماندوون بەدەستدێ،

بەبێ هۆ دەڕوا.

•

**سەرکەوتن زانستە**

**ئەگەر پێشینەت هەبێ دەگەیتە ئەنجام.**

•

**ئەی ئاسمانەکان  زەواج تا چ حەددێ پیاو وێران دەکا**

**وەک جگەرە خراپە و مەسرەفیشی زیاترە.**

•

**گەورەترین هەڵەی کەسێک ئەوەیە راشکاو بێ.**

•

**هەر مرۆڤێ دەتوانێ لەگەڵ**

**خەمی کەسانیتر هاوسۆزبێ، بەڵام**

**باشیی ئەوەیە کەسێ بتوانێ**

**لەگەڵ سەرکەوتنی کەسانیتر هاوسۆز بێ.**

•

**ئاگاداری ئەو ژنەبە کە تەمەنی**

**راستەقینەی خۆیت پێدەڵێ؛**

**چونکە ئەوە ژنێکە دەتوانێ هەموو شتێ بکا.**

•

**پیاوان هەمیشە دەیانەوێ یەکەمین**

**خۆشەویستی ژن بن**

**ژنانیش دەیانەوێ**

**ببنە دواین خۆشەویستی پیاو.**

•

**ئەو هەمیشە گاڵتەی**

**بە کارەساتەکانی ژیان دەکرد**

**گاڵتەکردن تاکە رێگە بوو**

**کە هێزی تەحەمولکردنی پێدەدا.**

•

کاتێ خەڵک

بۆچوونەکانی منیان بە دڵ بوو

دەزانم کە من هەڵەم.

•

پیر ئیمانی بە هەموو شتێک هەیە

تەمەنی مامناوەند گومان

لە هەموو شتێک دەکا

تەمەنی بچووک هەموو شتێ دەزانێ.

•

برادەری

راستەقینە

رووبەڕوو

خەنجەرت لێدەدا.

•

ئێمە لە چاخێ دەژین

شتە ناپێویستەکان تاکە پێویستیمانن.

•

ئەگەر دەتەوێ حەقیقەت بە خەڵک بڵێی

وایان لێبکە پێبکەنن ئەگەرنا دەتکوژن.

•

ئەگەر خۆتت خۆشویست

ئەوە سەرەتای حیکایەتی عەشقێکە

کە هەموو تەمەن بەردام دەبێ.

•

هەمیشە لە دوژمنەکان خۆشبە،

هیچ شتێ لەوە نائارامتریان ناکا.

•

زوو یا درەنگ، هەموو کەس

باجی کردارەکانیان دەدەنەوە.

•

پیاو چی لە ژن بوێ پێیدەڵێ و

ژنیش چی لە پیاو بوێ پێیدەکا.

•

ژیان شانۆیە،

بەڵام رۆڵەکانی تێدا خراپ دابەشکراوە.

•

هەر کەسێ دەتوانێ مێژوو درووستبکا

بەڵام پیاوی گەورە

مێژوو دەنووسێتەوە.

•

پیاوان لەبەر ماندوویەتی ژن دێنن و

ژنانیش لەبەر فزوڵ شوو دەکەن،

دواجار هەردووکیان بێئومێد دەبن.

•

ئەو پیاوەی بیر لە خۆی ناکاتەوە

بە رەهایی بیر ناکاتەوە.

•

گریان پەناگەی ژنی ئاساییە و

کاولکاریش هی ژنی جوان.

•

ژیان ئاڵۆز نییە، ئێمە ئاڵۆزین

ژیان سادەیە و شتی سادەش شتی راستە.

•

بلیمەتیی لە دایکدەبێ، ناکڕدرێ.

•

خەڵک لەو رۆژگارەدا

نرخی هەموو شتێک دەزانن

بەڵام بەهای شتەکان نازانن.

•

بەرگەی ناشرینی مۆدە ناگیرێ

بۆیە هەر شەش مانگ جارێ دەیگۆڕین.

•

دەمەوێ هەموو شتێ لەبارەی

برادەرێکی نوێم بزانم بەڵام نامەوێ

هیچ شتێ لەبارەی برادەری کۆنم بزانم.

•

پیاو دەتوانێ لەگەڵ هەر ژنێکدا بژی

بە مەرجێ خۆشینەوێت.

•

شتی هەڵە لە پشت دیوارەکاندا مەکە

رۆژێ لە رۆژان خەڵک دەیبینێ.

•

جوانیی رۆح تاکە شتێکە

کە زەمەن ناتوانێ زەفەری پێببا.

•

میانڕەویی کارێکی کووشندەیە

هیچ شتێ سەرناکەوێ

بە زێدڕۆیی نەبێ.

•

بەختەوەریی بە بەختەوەریی دانانرێ

ئەگەر زیاتر لە کەسێک تێیدا بەشدار نەبێ و

ئازاریش بە ئازار دانانرێ

ئەگەر تەنیا یەک کەس بەرگەی نەگرێ.

•

ڕەشبین کەسێکە

لەنێوان دوو شەڕ

سەرپشکی بکەیت

هەردووکیان هەڵدبژێرێ.

•

مەزندەی ژنان نایابە،

دەتوانن هەموو شت ئاشکرا بکەن

جگە لەو شتانەی راست و بەڵگەنەویستن.

•

ژنان بۆ ئەوە هەن تا خۆشمانبوێن

نەک لێیان تێبگەین.

•

هەموومان لە هەمان دۆڵدا رێدەکەین

بەڵام هەندێکمان

تەماشای ئەستێرەکان دەکەین.

•

ئەگەر دەرگایەک بە رووت داخرا

لە کونی دەرگاوە مەڕوانە، یا بیشکێنە یا دەفنبە.

•

لە ژیاندا دوو نیعمەت هەن:

خۆشەویستیی هونەر و هونەری خۆشەویستیی.

•

زۆرترینجار کۆمەڵگە لە تاوانبار خۆشدەبێ

بەڵام هەرگیز لە خەونبین خۆشنابێ.

•

خۆشەویستیی لە دڵ وەک خۆر وایە بۆ باخچە

کە ژیان و زیندوویەتیی دەداتە گوڵەکانی.

•

بۆ گەڕاندنەوەی گەنجایەتی پێویستە کەسێ

هەموو شێتایەتی رابردووی دووبارە بکاتەوە.

•

بەڵێ من خەونبینم و تەنیا خەونبینیشە دەتوانێ

لە رووناکیی مانگدا رێبکا و سزاکەشی ئەوەیە

بەر لە هەموو جیهان بەرەبەیان ببینێ.

•

ئاوات دواچارەیە

بۆ رزگاربوون لە فەشەل.

•

لە پشت هەموو شتێکی نایاب

کارەساتێک هەیە.

•

نواندنم خۆشدەوێ،

چونکە حەقیقیترە لە ژیان.

•

هیچ کەس ئەوەندە سەروەتی نییە

تا بتوانێ بە هۆیەوە رابردووی پێبکڕێتەوە.

•



**Franz kafka**

**فرانز کافکا (1883_1924)**

**نووسەری چیکی**

ئەگەر زەواج سەرەڕۆیی بێ

ئەوە سەڵتیی خۆکووشتنە.

•

جیهانی ساغ وجودی نییە

لە ناخدا نەبێ.

•

نووسین شێوەیەکە لە شێوەکانی نوێژ.

•

سەرباری هەموو شتێ دەنووسم

لە هەر حاڵێکدابێ دەنووسم

ئەوە خەباتی منە

لەپێناو پارێزگاریی کردن لە خود.

•

**پێویستە نووسەر ئەو تەورەبێ**

**کە دەریای شەختە لەنێو ئێمەدا دەشکێنێ.**

•

**هیچ کەس بەقەد منداڵ**

**ئارەزووی چاکردنەوەی شت ناکا.**

•

**ئەگەر ئەو کتێبەی کە دەیخوێنینەوە**

**بە لێدانێکی توند لە کەللەسەرمان**

**خەبەرمان نەکاتەوە بۆچی بیخوێنینەوە؟**

•

**لە جەنگی نێوان خۆت و جیهاندا**

**پشتگیری جیهان بکە.**

•

ئەگەر شتێ هەبێ ترسناکتر

لە بێسنوور بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر

ئەوە بێگومان هۆشیاری زۆر و زۆر زانینە.

•

بەڵام دەتوانم چیبکەم

ئەگەر ئەو ترسەی کە لە جەستەمدا

لە جیاتی دڵ لێدەدا هەر بمێنێتەوە؟

•

من وێرانم و ناتوانم بیر لە هیچ شتێ بکەمەوە

تەنیا تاکە ئومێدم ئەوەیە سەرم بخەمە باوەشت و

هەست بە دەستت بکەم لەسەر سەرم و

بە درێژایی ژیان ئاوا بمێنمەوە.

•

بێ تۆ وەک دوا جگەرەی نێو پاکەتم

هیچ شتێ لە تەنیایی رزگارم ناکا

جگە لە مەحرەقە.

•

ناچاریت لەگەڵ وەهمدار و

درۆزن دووڕوو بژیت و

هێزی تەواویشت نییە

بۆ بەرگەگرتنی ئەو هەموو تورەهاتە.

•

هەموو دەستکەوتەکانم

تا ئێستا ئەوەیە

توانیومە سەرکەوم

لەوەی تەنیابم.

•

ناتوانم دنیا بخەمە سەر شانم

من بەرگەی هەڵگرتنی پاڵتۆی زستانەم

لەسەر شانم ناگرم.

•

میلێنا ئەگەر ملیۆنێک پیاو خۆشیانویستی

من یەکێکم لەوان، ئەگەر تەنیا تاکە پیاوێک

خۆشویستی ئەوە بزانە منم و ئەگەریش

هیچ کەس خۆشینەویستی ئەوە بزانە من مردووم.

•

هیچم ناوێ جگە لە هێمنیی

بەڵام هێمنییەک

کە لە سەرووی

تێگەیشتنی مرۆڤە.

•

کێشەکە لە خۆشەویستییدا نییە

وەکچۆن کێشە لە سەیارەدا نییە

بەڵکو لە سایەق و نەفەر و ڕێگە دایە.

•

ئەی میلینا، لەو شتانە دەترسم

کە لەمسی دڵم دەکەن

بۆیە هەمیشە لێیان رادەکەم

بۆیە لە تۆش رادەکەم.

•

حەتمەن من کۆمەڵایەتی نیم و

هیچ برادەرێکم ناوێ

من زۆر ئەنانیم و ئامادە نیم

نەک هەر بیر لە کەس بکەمەوە بەڵکو گوێشی بۆ بگرم.

•

ژیان جەنگە

جەنگە لەگەڵ خۆت

جەنگە لەگەڵ زرووفت

جەنگە لەگەڵ ئەو دەبەنگانەی

کە ئەو زرووفەیان درووستکردوە.

•

تۆ هەمیشە بە منەوە پەیوەستی

هەتا ئەگەر قەدەرم وابێ

بە رەهایی جارێکیتر نەتبینمەوە.

•

هەست دەکەم تەواو نیم و

هەر شەوێ خەوێکی خراپ دەخەوم

خراپتر لە خەوی شەوی رابردوو.

•

هەر وشەیەک یەکەمجار

سەیری دەوروبەری خۆی دەکا

بەر لەوەی رێگا بدا بینووسم.

•

لە پەیوەندیم لەگەڵ خەڵک

بەشێکی بچووکی هەڵە لە مندا لێم دەپارێتەوە

لە پەیوەندیدابم

بەڵام بەشێکی گەورە لە مندا

داوای راکردنم لێدەکا.

•

من هیلاکم،

کەی یەکێکمان

ئەویتر دەبینێ؟

•

ئیدی ئێستا ناتوانم

بەرگەی تەنانەت نیگاکانی بەشەریش بگرم

ئەوە دوژمنایەتی مرۆڤ نییە

بەڵام نیگایان، حزووریان، دانیشتنیان، زاناییان،

هەموو ئەو شتانەیان بێزارکەرن.

•

چوونەدەرەوە لە ماڵ

سەرەڕۆییێکی ترسناکە.

•

بە درێژایی ژیانم

کاتێ یەکێ هەوڵبدا بە منەوە پەیوەستبێ

من ئەوەی پێمبکرێ دەیکەم

لەپێناو ئەوەی بکشێتەوە.

•

کۆششی دەوێ

تا لە ژیاندا

بمێنێیتەوە.

•

هەست دەکەم ژیانم

وەک شەقامێک وایە لە وەرزی پایزدا

هەر جارێ کە پاک دەکرێتەوە

هەمیشە پڕ دەبێتەوە

لە گەڵای وشکهەڵاتووی وەریو.

•

تەنیا،

دەزانی

ئەوە مانای چییە؟

•

تۆ ئینتمات بۆ من هەیە و

من تۆم کردە موڵکی خۆم

باوەڕ ناکەم هەتا

لەنێو جیهانی حیکایەتە ئەفسانەیەکانیشدا

ژنێ هەبێ هێندە جەنگی لەپێناو کرابێ

وەک ئەوەی کە من

لە ناخمەوە بۆت جەنگاوم.

•

ناتوانم  تێتبگەیەنم

ناتوانم لە هیچ کەسێ بگەیەنم

کە چی لە ناخمدا ڕوودەدا

ناتوانم تەنانەت

ئەوە بۆ خۆشم

ڕاڤە بکەم.

•

کەم ڕۆژ

بەسەرمدا تێپەڕیوە

من خەوتبم و زۆر غەمگین نەبووبم.

•

بێ کێش و

بێ ئێسک و

بێ جەستە

دوو سعات بە شەقامەکاندا

سووڕامەوە.

•

وەک کەسێکی غەریب

بەرانبەر هەمووان و

غەریبیش بەرانبەر خۆم ژیام.

•

بە شێویەکی جیاتر دەنووسم

لەوەی کە قسەی پێدەکەم و

بە شێوەیەکی جیاتر قسە دەکەم

لەوەی کە بیری لێدەکەمەوە و

بە شێوەیەکی جیاتر بیر دەکەمەوە

لەوەی کە پێویستە بیری لێبکەمەوە و

هەموو ئەو شتانەیش

بەرەو دڵی تاریکییەکان

راپێچم دەکەن.

•

ئێمە

لەوە زیاتر

قەرزداری مۆسیقاین

لەوەی کە پێمانوایە.

•

حەزم لە گۆشەیەکە
خاڵی بێ لە بیرکردنەوە
لەوێ روو بە روو لەگەڵ خۆمبم.

•

ئەو شەو خەونم پێوە بینی
بە ئاستەم دەتوانم بیرم بێتەوە کە چی روویدا
بەڵام دەزانم خەریکبووین یەکمان دەگرت و
دەبووینە یەک
لە یەک جەستەدا.

•

هیچ دووکەڵێ لە هەوادا نییە
ئەی چۆن تەفسیری
سووتانمت بۆ بکەم!

•

خۆم بە دیوار دەورەداوە

داوا لە کەس ناکەم

بێتە ژوورەوە و

هەوڵیش نادەم

بچمە دەرەوە

لەوانەیە رقیان لێمبێ و

لەوانەشە بترسن

بەڵام من ئارامم

چونکە بێزارم ناکەن.

•

هەندێجار بە تەواوی

قەناعتم دێ کە من

بۆ هیچ پەیوەندییێک

لەگەڵ مرۆڤ ناشێم.

•

سەرچاوەی هەموو هەڵەکان

دوو هەڵەی بنەڕەتین: پەلەکردن و تەمبەڵیی.

•

نووسین کردنەوەی برینە.

•

ئەو جیهانەی لەناو سەری مندایە

زۆر گەورەترە لەو جیهانەی

کە سەری منی لەناودایە.

•

خوا بە گرنگییەکی زۆرەوە چاودێریمان دەکا

تا ببینێ چۆن کۆتایی وجودی هیچ و پووچمان

دەنووسینەوە.

•

تاکە خەمم ئەوەیە کاتێ نووسینێک تەواو دەکەم
بۆم دەردەکەوێ ئەوە تەنیا سەرەتاییێکی بچووکە
بۆ ئەو شتەی کە من دەمەوێ بیڵێم.

•

ئەوەی دەگەڕێ نادۆزێتەوە
بەڵام ئەوەی ناگەڕێ دەیدۆزێتەوە.

•

من لە پەیوەندی دەترسم
دەترسم خۆم لە کائینێکیتردا ون بکەم و
دوای ئەوە ئیدی تەنیا نەمێنم.

•

هەر جارێ لە هەواڵدا لافاوێ دەبینی
بە خۆت دەڵێی: ئا ئەوەیە دڵی من.



# Vincent Willem van Gogh

# ڤان گۆخ (1853_1890)

# شێوەکاری هۆڵەندی

خەون بە ڕەسمەوە دەبینم

دوای ئەوە

خەونم ڕەسم دەکەم.

•

شیعر لە هەموو لایێ

دەوریداوین

بەڵام بە داخەوە

کارێکی ئاسان نییە

بخرێنە سەر کاغەز.

•

ویژدان

قیبلەنمای

هەر کەسێکە.

•

هونەر یەکسانە بەو کەسانەی
کە ژیان تێکیشکاندوون.

•

هەوڵدەدەم خۆمبم
زۆر بۆم گرنگ نییە
خەڵک پەسەندی دەکا
یا ڕەتی دەکاتەوە.

•

هەرگیز
کەساسیی کۆتایی نایە
ماڵئاوا ئێوە..
من بەرەو بەهار
کۆچدەکەم.

•

خەریکم دڵ و ڕۆحم

لە کارەکەمدا لە دەستدەدەم

پێشتریش بە هۆیەوە

عەقڵی خۆمم لە دەستداوە.

•

منیش پێویستیم بە خزم و دۆست هەیە

پێویستیم بە خۆشەویستیی و

ویساڵێکی گەرم هەیە

خۆم من بەرد نیم، یا لە ئاسن نیم

وەک بەلوعە یا عامودی کارەبا.

•

ژیان چۆن دەبێ

ئەگەر جورئەتی هەوڵدانمان نەبێ؟

•

هەژار دەبم

دەبمە هونەرمەند

دەمەوێ ببمە ئینسان.

•

ژن تەواو لە پیاو جیاوازە

کائینێکە هێشتا نەماننناسیوە و

وەک گوتم:

تەنیا دەرەوەی دەناسین

من لەو قسەیەم دڵنیام.

•

ژیان چ سوودێکی هەیە

ئەگەر ئازایەتی ئەوەمان نەبێ

هەموو شتێ تاقیبکەینەوە؟

•

ئەگەر دەنگێ لە ناختەوە گوتی:

تۆ ناتوانی وێنە بکێشیت

مانای ئەوەیە وێنە بکێشە

ئیدی ئەو دەنگە لە ناختدا بۆ ئەبەد کپ دەبێ.

•

دەمەوێ سەفەری

نێو ئەستێرەکان بکەم

ئەو جەستە کەساسەم رێگرە.

•

ماسیگرەکان دەزانن کە دەریا و

گێژەڵووک سامناکن

بەڵام هەرگیز پێیانوانییە ئەو سامناکییە

هۆکارێکی تەواوبێ بۆ ئەوەی لە کەناردا بمێننەوە.

•

هەندێجار سەرکەوتن

ئەنجامی زنجیرەیەکی تەواوی هەڵەکانە.

•

خۆم هەڵمنەبژاردوە سەرەڕۆبم

بەڵکو ئەوە قەدەرمە.

•

هەرچەند تەمەنمان سەرکەوێ

شتەکان ئاڵۆزتر دەبن، بەڵام هێزی ناوەوەی دڵ

گەشە دەکا لە کاتی جەنگان لەگەڵ ئاستەنگەکان.

•

زۆرجار پێموایە شەو

ژیان و رەنگی لە رۆژ زیاتر تێدایە.

•

**دەبێ فێری چۆنییەتی خوێندنەوە بیت**

**وەکچۆن فێری بینین و ژیان دەبیت.**

•

**ئومێدمە چۆنم**

**ئاوا قبوڵم بکەن.**

•

**باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە ژیان**

**ئەوەیە عاشقی زۆر شت بیت.**

•

**لەوانەیە شێوەی خۆشەویستیی**

**ئەبەدیی بگۆڕێ**

**بەڵام جەوهەرەکەی ناگۆڕدرێ.**

•

شتی گەورە

لە ڕێی کۆکردنەوەی شتی بچووک

درووست دەبێ.

•

فێربە ڕۆژانە ماوەیێ ڕێبکەیت و

حەز و خۆشەویستییت

بۆ سرووشت بپارێزی

چونکە ئەوە ڕێگەی ڕاستە

بۆ ئەوەی باشتر

لە هونەر تێبگەیت

دەبێ شێوەکار

عاشقی سرووشتبێ و

فێرمان بکا

کە بە شێوەیەکی باشتر  ببینین.

•

لەوانەیە ئاگرێکی گەورە

لە ڕۆحماندا هەبێ

بەڵام کەس نایێت خۆی پێگەرم بکاتەوە و

ئەوانەی کە بەناو ئێمەدا تێدەپەڕن هیچ نابینن

جگە لە هێڵێکی بەرزی دووکەڵ.

•

تاکە دەرسێک کە لەو ژیانەدا

پێویستە فێری ببین ئەوەیە:

بەبێ سکاڵا ئازار بچێژین.

•

زۆرجار کە دەچمە کتێفرۆشییەکان

زۆر دڵخۆش دەبم و بیرم دێتەوە

کە هێشتا شتی جوانیی لەو دنیایەدا ماوە.

•

حەقیقەت ئەوەیە

وا لە تابلۆ بکەیت قسە بکا.

•

مردن لەوە خراپتر نییە

کە هونەرمەند

لە ژیانیدا رووبەڕووی دەبێتەوە.

•

لە شتی ناشریندا

تایبەتمەندییەکی هونەری هەیە

لە شتی جواندا نایدۆزینەوە

چاوی هونەرمەند لەوەدا هەڵە ناکا.

•




# Anaïs Nin

# ئەنایس نین (1903_1977)

# ژنە نووسەری فڕەنسی_ئەمەریکی

**جیاوازییەکی گەورە هەیە**

**لەنێوان ئەوەی: جوانە بۆیە خۆشتدەوێ،**

**لەگەڵ ئەوەی خۆشتدەوێ بۆیە جوانە.**

•

**تەندرووستیی یانی:**

**هاوسەنگیی هەموو هێزەکان و**

**گونجاندنیان بە یەکەوە.**

•

**ئاشتیش وەک جەنگ وایە..**

**جەنگێکە سوپا و جەماوەر و**

**پلان و ئامانج هەیە و**

**پێویستی ممتانە بە خۆکردن هەیە**

**جەنگێکە دژی هەموو لاوازییەکانی دۆڕان.**

•

زیرەکیی وەک جلی ژێرەوە وایە

لای هەموو کەس هەیە

بەڵام پێویستە نیشانی نەدەین.

•

پەشیمانیی لە خاسییەتەکانی پرچی سپییە.

•

هەموو شتێ لە دنیادا هیلاکییە جگە لە مەرگ

مەرگ کۆتایی هەموو هیلاکییێکە.

•

لای ژن، فێڵ و درۆ و غرور

لە ئاگاییەوە نەهاتوون

بەڵکو غەریزەیە.

•

سەرکەوتنت پشت بە خەونەکانتەوە دەبەستێ

ئەو خەونانە نا کە لە نووستن دەیانبینی

بەڵکو ئەو خەونانەی لە ئاگاییەوە دەیانبینی.

•

شیعر سەدایە

لەگەڵ سێبەرەکاندا سەما دەکا.

•

زەواج کارێکی خێزانییە

بەڵام تەڵاق کارێکی تاکەکەسییە.

•

تەڵاق لەنێوان دوو کەس روودەدا

کە هەر یەک لەوان خۆیان لە ئەویتر خۆشتردەوێ.

•

زیرەکیی ئەوەیە

زیرەکییت

بشاریتەوە.

•

لەسەر هیچ هەڵەیەک

داوای لێبووردن لە هیچ ژنێک مەکە

چونکە ئەوە هەر لای گرنگ دەمێنێ

ئەگەر دوای تۆ هەزار پیاویش بناسێ.

•

زەردەخەنە

وشەیەکە

سەرەتاکەی باوکە و

کۆتاییەکەشی دایک.

•

ئەژدادە دەسەڵاتدارەکانمان

زۆر جیاوازییان نییە

لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆمان

زۆربەیان فیرعەونن.

•

بمرفێنە..

بۆ خۆمم بەجێمەهێڵە،

من لای خۆم پارێزاو نیم.

•

ئەگەر دوو کەست دیت

لە شوێنێکی گشتی دانیشتن و

هیچ قسەیان لەگەڵ یەکتر نەکرد

ئەوە بزانە ژن و مێردن.

•

**ئەگەر تا ئەو ئاستە دەبەنگیت و**

**ناتوانی بیر لە خۆت بکەیتەوە بڕۆ زەواج بکە.**

•

**زۆربوونی رێژەی تەڵاق بەڵگەیە**

**لەسەر زۆری ئازادیخوازان و**

**زۆربوونی رێژەی زەواجیش بەڵگەیە**

**لەسەر زۆری کەسانی پاڵەوان.**

•

**ئیسرائیل هاوڕێیەکی عاقڵی**

**ئەمەریکا و رووسیایە**

**بەڵام عەرەب**

**نە دوژمنارییان ترسێنەرە و**

**نە هاوڕێیەتیان سوودی هەیە.**

•

باشترین بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ژن

هێشتا لە چاخی بەردین دەژی ئەوەیە؛

هێشتا حەز دەکا بڕفێندرێ

نەک داخوازیی بکرێ.

•

کەسی سەڵت وەک بەردی بزێوە

گیای لەسەر ناڕوێ.

•

ڕێکپۆشیی لە پۆشاکەوە دەستپدەکا و

پاکیش لە ژێریدا.

•

مرۆڤی خوێنەر نابەزێ.

•

قوربانیدان گرنگترین رێگەیە
بۆ گەیشتن بەو شتەی کە دەتەوێ.

•

تاوان گوناحێکە بە ئاشکرا دەکرێ و
گوناحیش تاوانێکە بە دزییەوە دەکرێ.

•

ئەوەی کە ئەشکەنجەم دەدا و
ئەشکەنجەم دەدا ئەوەیە
کە تۆ نازانی ئەوە چییە ئەشکەنجەم دەدا.

•

پیاو لایان باشترە ژن چێشتلێنەر بێت و
ژنیش لایان باشترە پیاو ملیۆنێربێ.

•

**پیاو نازانێ بڵێ: ماڵئاوا**

**ژنیش نازانێ کەی بیڵێ.**

•

**هاوسەرگیریی**

**سەرکەوتنی خەیاڵێکی شێتانەیە**

**بەسەر ژیرییدا.**

•

**هۆکاری زیادبوونی**

**ژمارەی دانیشتوانی مصر ئەوەیە**

**خەڵک زووتر**

**لەوەی لە شەقامەکاندا**

**سەیارە لێیانبدا**

**منداڵیان دەبێ.**

•

**راستگۆیی پۆشاکێکی مەوسیمیە**

**درۆکان دەیپۆشن.**

•

**کچی ئێستا بە جوانییەکەی مێشکی پیاو بەڕێوە دەبا و**

**بە چێشتەکەشی گەدەی تێکدەدا.**

•

**رابردوو بۆیە جوانە چونکە رۆیشت**

**ئەگەر بگەڕێتەوە رقمان لێیدەبێتەوە.**

•

**ژنی عاقڵ ئەوەیە شەکر لە هەموو ئەو قسانە دەکا**

**کە بۆ پیاوی دەکا و خوێ لە هەموو ئەو قسانەش**

**دەردێنێ کە پیاو بۆی دەکا.**

•

خەڵک کانزان، ئاسن و قوڕقشم و زێڕ،
دەچینە نێو ئاگر و دەتوێینەوە و
پێچ دەخۆین و دەدرەوشێینەوە و
رووناک دەبینەوە.

•

بێکاریی و تەمبەڵیی
لە هەنگوین خۆشترن.

•

ئەگەر هێشتا فرمێسک لە چاوت ماوە
تکایە بۆ حاڵی من بگریێ.

•

من هاونیشتمانیی وڵاتی بێخەوییم.

•

تۆ حاڵی خەڵکی سەرزەوی نازانی،
ئەگەر زانیت چیان پێدەڵێیت
کاتێ سەریان بۆ ئاسمان بەرز دەکەنەوە؟

•

ئێمە نەگۆڕاوین، هێشتا دەگرین،
لە دایکدەبین و بەردەوام
بە درێژایی ژیان دەگرین و
کاتێکیش دەمرین
خەڵک بۆ ئێمە دەگریێ.

•

من دەتوانم قسە لە گەرووم راگرم
بەڵام ناتوانم
فرمێسک راگرم.

•

**لەوانەیە هەڵەکانی کەسێکی سەڵت**

**زۆر زیاتر بێ لە کەسێکی خێزاندار**

**بەڵام سەڵت هەڵە گەورەکەی نەکردووە.**

•

**فەشەل هەر بە تاڵیی دەمێنێتەوە**

**ئەگەر قووتی نەدەی.**

•

**ئەگەر دەست بەتاڵ بێ،**

**سەر خۆی بە خەون سەرقاڵ دەکا.**

•

**کچی بێ مەمک وەک قەروێڵەی**

**بێ سەرین وایە.**

•

له شەترەنجیش وەک مردن
دوای گەمە، مەلیک و سەرباز
بە یەکەوە دەخرێنە ناو یەک تەختە.

•

هەموو ژنێک دایکێکە
لە ناوەڕۆکدا و
هەموو پیاوێکیش سەڵتێکە
لە ناوەڕۆکدا.

•

هەر شتێ کە پێداویستییە
بە خێر و شەڕ ناچوێندرێ
ئێمە بە هەناسەدان ناڵێین: شەڕ و
بە ترپەکانی دڵیش خێر.

•

ڕێساکانی سەرکەوتن نازانم

بەڵام یەکەم ڕێسای فەشەل ئەوەیە

هەوڵبدەی هەموو خەڵک ڕازی بکەیت.

•

لافاو

درووست مەکە

ئەگەر  هێشتا کاتی نەهاتبێ.

•

هێشتا مرۆڤ

بتەکان دەشکێنێ

بەڵام بەر لەوەی بیانشکێنێ

دەیانکاتە وێنەیەک بۆ ئایندە و

خەونە دوورەکانی.

•

هیچ پیاوێک نییە دوژمنی ژن بێ

ئەوە ژنە کە دوژمنترین دوژمنی ژنە.

•

ئەگەر هەر جارێ

کە بیرم لە تۆ دەکردەوە

دەستم لە ئەستێرەیەک بدابا

ئەوە ئاسمان دەبووە

کەرنەڤاڵی نوور.

•

زۆربەی کێشەکان

لە ماڵ روودەدەن

بۆیە خەڵک حەز دەکەن

زیاتر لە دەرەوە بمێننەوە.

•

دوو جۆر جوانیی هەیە:

یەکێکیان دەتخاتە قسەکردن و

یەکێکیشیان لە قسەکردنت دەخا.

•

هەندێ گوڵی جوان هەن

بۆنیان نییە و

هەندێ ژنی جوانیش هەن

نە تامیان هەیە و نە بۆن.

•

کچ بەردەوام دەبێ لە خەون بینین

بە پیاوی گەورە و

لە ژیانیشیدا تەنیا

قوتەبنە دەدۆزێتەوە.

•

بینیم کە جیاوازی لەنێوان خەڵک

یەکجار کەمە

هەموو خەڵک

لە ژێر پێستدا وەک یەکن.

•




# Woody allen

## وۆدی ئالن (1935_ )

## دەرهێنەر و نووسەری ئەمەریکی

دوو ژنم هێنا

هەردووجار بەدبەختبووم

ژنی یەکەمم

بەجێیهێشتم و

ژنی دووەمیشم

بەجێمناهێڵێ.

•

لە مردن ناترسم

بەڵام کاتێ دێ

نامەوێ پێشوازی لێبکەم.

•

زەواج

مەرگی هەموو ئومێدەکانە.

•

هەر کێی

جێمبێڵێ و بڕوا

وەک یەکێکی دادەنێنم

کە دنیای جێهشتووە و ڕۆیشتووە

مردووەکانی من

ناگەڕێنەوە

ئەگەر فیراقیان

هیلاکیشم بکا.

•

وازم لە چوونە

لای دکتۆرە دەروونییەکەم هێنا

کاتێ دڵنیابووم

کە بە تەواوەتی

چاکبۆتەوە.

•

**لای کەس بیانو**

**بۆ ئارەزووەکانت مەهێنەوە و**

**هەوڵمەدە روانینیان**

**سەبارەت بە خۆت**

**راست بکەیتەوە**

**چونکە هیچ کەس**

**بەنێو وردەکارییەکانی**

**چیرۆکی تۆدا تێنەپەڕیوە.**

•

**هیچ کۆت و پێوەندێکم نییە و**

**گرنگی بە دەمی مرۆڤەکان نادەم و**

**حەزم لە کەشی موجامەلەش نییە**

**ئەگەر خۆشمویستی پێتدەڵێم و**

**ئەگەر رقیشم لێت ببێتەوە، ناتبینم.**

•

**هاوكاريم مەكە**

**بەڵام ئازاریشم مەدە**

**رقت لێمبێتەوە**

**بەڵام وا هەڵسوکەوت مەکە**

**کە خۆشتدەوێم**

**خۆشحاڵم مەکە**

**بەڵام خۆشحاڵیشم لێتێکمەدە.**

•

**من و بەختم**

**باش لە یەکتر تێدەگەین**

**من دەزانم**

**ئەو خراپە و**

**ئەویش دەزانێ کە من**

**پشت بەو نابەستم.**

•

هیچ کەس

لە کەسێکی باش

خراپتر نییە

کاتێ هەست دەکا

کەسێ ئیستغلالی

باشییەکەی دەکا.

•

من بە یەقینییەوە

باوەڕم بەوە هەیە

بە بەردەوامی

شتێ چاودێریمان دەکا

بە داخەوە

ئەویش

حکومەتە.

•

کێبڕکێ لەگەڵ هیچ کەسێ ناکەم

کە بیەوێ خۆشەویست

یا برادەرێکم لێببا

دەرفەتی پێدەدەم

چونکە من باوەڕم وایە

کەسێ منی بوێ جێمناهێڵێ.

•

نهێنی بەختەوەریی لەوەدایە

گرنگی بەو شتانە بدەیت کە هەتە

نەک بەو شتانەی کە نیتە.

•

ئەگەر فیلمەکانم سودمەند نەبن

ئەوە یانی من کارێکی راست دەکەم.

•

خەڵک چۆنن
ئاوا هەڵسوکەتیان
لەگەڵ دەکەم
زۆرم لێنەکراوە
تا ستایشیان بکەم و
ئەوانیش ناچارن نین
قبوڵم بکەن.
•

سەد ساڵ دەژیت
ئەگەر ئەو شتانە
بە دەستبێنی
کە حەز دەکەیت
بەڕاستیی
سەد ساڵ لەگەڵیان بژیت.
•

هێزێکی زۆر گەورەم هەیە

بۆ وازهێنان

لە هەر کەسێ

کە هەست بکەم

وجودم لە ژیانیدا

بێ بەهایە.

•

رقم لە هیچ کەس نابێتەوە

نا لەبەر ئەوەی

کە من میهرەبانم

بەڵکو لەبەر ئەوەی

هیچ کەس

لە ژیانم ناهێڵم

کە بێزارم بکا.

•

خەڵکان دەڕۆن و

کەسانیتر دێن و

ژیان دەگۆڕێ و

دەبینی ئەوەی دوێنێ

جێی گرینگی بوو

ئەوڕۆ هی ئەوە نییە

باسیشی بکەیت.

•

ئەگەر

فەشەلت

تاقی نەکردبێتەوە

یانی هیچ شتێکی نوێت

لە ژیانتدا

تاقی نەکردۆتەوە.

•

**که من هیچ کەسم ئازار نەدابێ**

**بۆم گرنگ نییه**

**یەکێ خۆشیبوێم**

**یا خۆشینەوێم**

**من بۆ ئەوە لە سەرزەمیدا نیم**

**تا دڵی هەمووان خۆشبکەم.**

•

**من ناتوانم هیچ شتێ بۆ منداڵەکەم**

**گرێنتی بکەم**

**هەتا ناتوانم**

**گرێنتی ئەوەی پێبدەم**

**کە پێنج دەقە**

**دوای لە دایکبوونی**

**بە زیندوویەتی بمێنمەوە.**

•

دووباره داوای شتێ لە کەسێ مەکە
کە جاری یەکەم بە هاناتەوە نەهات
چونکە ئەگەر رازیشی بکەیت لەگەڵتدا رێبکا
ئەوە لە نیوەی رێدا بەجێتدێڵێ.

•

هیچ لەوە سەختتر نییە ئەدگاری رووخسات بگۆڕیت
تا شێوەیەکیتر وەرگرێ کە تەواو دژی هەستتبێ.

•

ئەو توانایە بە کەس مەدە
کە خۆشبەختیت بگۆڕێ بۆ خەم
یا میزاجت بە وشەیەک بگۆڕێ
هەموو شتێکیان پێببەخشە
جگە لە خۆشبەختیت و خۆت
چونکە جگە لە تۆ هیچ کەس شیاوی ئەوە نییە.